# سیستەمی میرنشینی  ومیراتە مێژوویەکەی

میرنشینەکان شوێنەوارێکی لاوەکی یان سەرەڕۆیان سەبارەت بەکورد و کۆمەڵگاکەی بەجێ نەهێشت، هەر لە سەدەی شازدەوە کۆمەلگای کوردی لەرووی کۆمەلایەتی و ئابووری  وسیاسیەوە پێشکەوتبوو ئەگەرچی رەوتی گۆرانکاریەکانیش تارادەیەک سست بوو. پێشکەوتنی کۆمەلگای کوردی خۆی لە فراونبوونی شارە کۆنەکان و دروست بوونی شاری تازەدا دە نواند. پرۆسەی شارستانی بوون و گواستنەوە لە ژیانی کۆچەریەوە بۆ ژیانی نیشتەجێ بوون لەنێو کوردان شانبەشانی فراوانبوونی بازارەکانی ناوخۆ گۆرانکاریە سیاسیەکان زیادبوونی پەیوەندیەکان و لێک نزیک بونەوە لەگەڵ ناوچە کوردیەکاندا دەرۆیی. دروست کردنی دوو پایتەختی نوێ، سنەو سلێمانی لەسەر دەستی میرەکانی ئەردەڵان و بابان خۆی لە خۆیدا رەنگدانەوەی هۆشیارەکی تەواوە کە دەبێ پێشکەوتنی ئابووری و فەرهەنگی و شارستانی پەلەی لێ بکرێ، هەرواش ئاواتە سیاسیەکانیش.

پێشکەوتنی فەرهەنگیش لە سێ گەشەکردندا خۆی نیشان دا، زمانە ئەدەبیەکانی کوردی لەکوردستان، سەرهەڵدانی چەندین شاعیرو پسپۆر لە فیکری ئیسلامی وسۆفی گەری هەروەها بوونی ژیانێکی رۆحی و دەوڵەمەند و چالاک بەشێوەیەکی گشتی. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا کوردستان ململانێیەکی لەنێوان هەردوو تەریقەی قادری و نەقشبەندی بەخۆوە بینی کە ئەوانەی نەک هەر ژیانی فەرهەنگیان دەوڵەمەند و چالاک کرد بەڵکو شوێنەوارێکی راستەوخۆشیان لەسەر بارودۆخە سیاسیەکە دانا. هەر پشتگیری کردنی شێخەکان لە کۆنفیدرالی میرنشینی لەناکۆکیەکانیدا لەگەڵ ئمپراتۆریەتی عوسمانی خۆی لەخۆیدا یەکێکبوو لەئاکامەکانی. هەروا بەرێکەوت نەبوو هەوڵ و تەقەلای میری سۆران و بۆتان محەمەد پاشا و بەدرخان هاوزەمان بێ لە خولقاندنی وەلائێک سنووری خێلکی و ناوخۆ ببەزێنێ و توێژە کۆمەلایەتییە جیاجیاکانی هاوکات لەگەڵ بلاوبوونەوەی فیکری نەقشبەندی لە ناوەڕاست و باکوری کوردستانی گەورە ساز بدات. نەقشبەندیەت بەتایبەتی پەیوەندیەکی پتەوی دروستکرد کە کۆسپ و تەگەرە خێلەکێکان و ناوخۆکانی بەجێ هێشت. هەروەها سەرکردەکانی کێشە سیاسیە

گشتیەکانیان گرتە ئەستۆو شکاتە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکانی توێژە جیاجیاکانی کوردەوارییان خستەڕوو بەتایبەتیش دوای نەمانی میرنشینەکان.

پێویستە ئەو هەستە بەهێزەی جوداخوازی کورد بۆ ئەو مێژووە دوور و درێژەی میرنشینەکان بگێرێنەوە کە لەناوەرۆکدا لەگەڵ بەرەنگاریەکی لێبراوانەی دژ بە هەوڵەکانی سەپاندنی دەسەلاتی سیاسی و سەربازی وفەرهەنگی بێگانە هاوشان بوو. بەگوتەیەکی دی میرنشینەکان لەسەر مەودایەکی دووردا هۆشێکی مێژوویی هاوبەشیان لەنێو هەموو کوردان دروست کرد. سەیرە چەندین شەری گەورەی دەرەکی هەڵبگیر سێ و چەندین پەلاکاری داگیرکەرانی بێگانە ئەنجام بدرێ ململانێی ناوخۆی کوردستانیش دوپات بێتەوە بێ ئەوەی ببێتە مایەی تێکەڵبوونی کۆمەلگا کوردیەکان بەکۆمەلگا بیانیەکانی دەوروبەریان، بەڵکو بەپێچەوانەشەوە پرۆسەی تێکەڵاوبونیانی لەرووی کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەوە سەخت کرد لەگەڵ کۆمەلگاکای ئێرانی و تورکیدا، بەپێچەوانەی ئەرمەنیەکان وتەنانەت ئازەربایجانیەکانی باشووریش. زۆرینەی کورد شانازی بەناسنامەی کوردی و مێژوویەکەیەوە دەکرد، رق بوونەوەی کورد لە دەسەلاتی تورکی ئێرانی بەئاشکراو بەدرێژایی چەندین سەدە بەرەنگار بونەوەیان جگە لە جەخت کردن لەسەر کورد بونیان هیچی دیکە نەبوو، وردە وردە ناسنامەیەکی فەرهەنگی جیاوازی لای کورد پێگەیشت بەتایبەتیش کە هێندێ چەمکی تایبەت لەسەر کوردستان گەڵالە بوو وەک بۆشاییەکی شوێن کەتایبەتبێ بەکورد و لەسەر مێژوو چارەنوسی سیاسی و خەمی هاوبەش و لە سەریەک نەژادییان. سەرەڕای بەهێزی پەیوەندیە خێلەکییەکان و شێوازی جۆراوجۆر ناسنامەی کوردی پێگەیی و کامڵ بوو، بەگوتەیەکی دی کوردی بوونی کورد لەچەندین بواردا. بەرجەستەبوو: لەگەشەکردنی زمانی کوردی و لەبەردەوام بوونی چالاکیە ئەدەبی و فەرهەنگیە دیارەکان و لەیەکگرتوویی دابونەریتە کۆمەلایەتیەکان و لە جیاوازی پەیوەندە کۆمەلایەتیەکان و دواتریش لە تایبەتمەندێتی ژیانی رۆحی ئایینی دا.

ئەوەی پەیوەندیە بەپێکهێنانی ناسنامەیەکی فەرهەنگی جیاوازەوە هەبێ گرنگێتی میرنشینەکان لەو شێوازەدا خۆی دەنوێنێ کەکورد بەرەنگاریەکی بەرچاویان دژی سیاسەتی ملکەچ کردنی ئاینی کرد، ئەوەی کەسەفەویەکان و دواتریش

عوسمانیەکان بۆماوەیەک پیادەیان کردبوو. سەفەویەکان هەوڵیان دا کوردەکان ناچاربکەن بچنە سەر مەزهەبی شیعی، تورکەکانیش هەولیاندا مەزهەبی سونی شافعی کە لێبراڵتربوو بگۆرن بۆ مەزهەبی حەنەفی بێتوانایی تورکەکان کاریگەردانان لەسەر فەرهەنگی کۆمەڵی کوردەواری لەوەدا دیارە کە سیفەتی نیوە موسلمانیان بەسەر کورد دابراند.

چەمکی (کێ کوردە) و (کێ کوردنیە) لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە چەند گۆڕانێکی خێرای بەخۆوە بینی، جوڵانەوە سیاسیەکانی میر محەمەد پاشا و میر بەدرخان ئەو چەمکی کێ کوردەی فراوانتر کرد بۆ ئەوەی چینە کۆمەڵایەتیەکانی تریش بەخۆوە بگرێ، بۆنموونە چینی جوتیاران لەلایەن ئۆرستوکراتیەتی هەندێ ناوچە کوردیەکان لەناسنامەی کوردی دەرهاورێژرابوون ئەویش بەهۆی ئازادنەبوونی ئەندامەکانیان وەک رۆلەکانی هۆزەکان یان بەگوتەیەکی دی بەبۆچونی ئەو ئۆرستوکراتانە دەبوو تاکەکەس ئازادوو موسلمان وجەنگاوەر و خێلەکی بێت، بۆ ئەوەی ببێ بەکورد. ئەم لێک دانەوە تەسکە بۆ ئەوەی کێ کوردە یان نا تاسەرەتای سەردەی بیستەم هەربەردەوام بوو، تەنانەت لەماوەکانی دواتریشدا، کاتێ ریچ سەردانی سلێمانی کردبوو تێبینی ئەوەی کردبوو کە ئۆرستوکراتیەتی ئەوێ دانی بەکورد بوونی جوتیاران نەدەنا، کەچی بەگشتی ئۆرستۆکراتیەتی میرنشینەکانی ئەردەڵان و موکریانی تەنیشتی گومانیان لە کوردی بوونی جوتیاران نەبوو ئەمە بەگوێرەی قسەکانی ریچ و راولینسۆن، شایانی سەرەنجیشە کە جوتیارانی کورد لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان دا چ ئەوانەی ژێر دەسەلاتی میرنشینەکان چ ئەوانەی کە لە ژێر دەسەلاتی تورکی و ئێرانیدا بوون، خۆیان وەک کورد بەبێگانەکان دەناساند.

لەسەرتای سەدەی هەژدەوە گەریدە و بازرگان وفەرمانبەرە ئەوروپاییەکان دەستیان بەوە کرد کورد وەک گەلێک پێناسە بکەن کە هەیە، ئەویش بەهێزی خەسلەتە نەتەوەیە هاوبەشەکانیانەوە، وەک تێبینیشیان کردبوو دەشێ کورد خێلەکی ، نیشتەجێ بێ یان کۆچەر یا خەڵکی شاربێ یان لادێ، بەر لە سەردانیان بۆ ناوچە کوردیەکان بۆچونی باوی ئەوروپایانە ئەوەبوو کە ئەو ناوچانە بەشێکی جودانەکراوەن لە هەردوو ئیپمراتۆریەتی تورکی و ئێرانی و ناکرێ جیاوازی

لەنیوان کوردێک و تورکێک و ئێرانیەک بکرێ لە رووی فەرهەنگی وشێوەی ژیان و روخساری دەرەوەیدا. گەلێ لەو ئەوروپاپایانە سام گرتی بوون بەتایبەتیش بەریتانیایەکان و رووسەکان کاتێ بۆیان دەرکەوت زۆربەی ناوچە کوردیەکان یان سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ بوون، کە ئەمە پێچەوانەی بۆچونە سەرەتایەکان بوو، سەرەرای ئەوەش ئەوانە بۆیان دەرکەوت کە کورد نەتەوەیەکی جیازازەو کەلتورێکی جیاوازی لەگەڵ تورک و ئێرانیەکاندا هەیە و کوردستان وەک نیشتمان لە هەرێمە تورکی وئێرانیەکان لەرووی خەسلەتی جوگرافی و دانیشتوانەوە لە هەرێمە تورکی و ئێرانیەکان لەروی خەسلەتی جوگرافی و دانیشتوانەوە جیاوازە، واپێدەچێ هۆکارەکە ئەوە بوبێ کەوێنەیەکی ناراست لەسەر پەیوەندی کورد و کوردستان لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی تورکی و ئێرانی خرابێتە ڕوو و گەریدەو بازرگان و فەرمانبەرە ئەوروپاییەکانیش درەنگ گرنگیان بەناوچە کوردیەکان دابێ، بەتایبەتیش ناوچە شاخاویەکان.

دوابەدوای سەردانەکانیان بۆ ناوچە کوردیەکان لەسالانی ١٧٩٩_ ١٨٠٠ و ١٨٠١ دوو ئەفسەری سەربازی بەریتانیایی جون مالکۆم و ئیدوارد فردیک ئەوە دەسەلمێنن کە خەسڵەتی نەتەوەیی بوونی کورد جیاوازەو ئەزمون و پێشینەیەکی مێژوویی هاوشێوەیان هەیە، گەریدەی دیکەی ئەوروپایش لەوانە مەگنان کەلە زستانی سالآنی ١٨٢٩_ ١٨٣٠ دا سەردانی کوردستانی کرد سەرسام بوو کە بینی کورد توانای پاراستنی (نەژاد) و (سەربەخۆیی) تەواوی خۆی هەیە لەکاتێکدا بەدوو دەوڵەتی گەورەی ستەمکار دەور درابوون. زۆر خێرا زاراوەی کوردستان بووە زاراوەیەکی باو لەنێو ئەوروپاییە بەئاگاکان کاتێ کەوەک نیشتمانی نەتەوەیەکی جیاواز لەرووی پێشینەی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و نەژادی و مێژوویەوە ئاماژەی بۆ دەکرێ. کوردستان وەک چەمکێکی جوگرافی بەر لەوەی چەن گەریدە سنووری دەست نیشان بکەن هەر هەبووە، لەوانەشە جۆنمالکوم یەکەم رۆژئاوایی بوبێ سنوری کوردستان دەستیشان بکات. بەگوێرەی قسەکانی ئەو رۆژهەلاتی کوردستان دەشتایەکانی ئێران و ئازەربێجانەو لە لای رۆژئاواش زێی دیجلە و لەباکوریشەوە ئەرمینا و لە باشوریش هەرێمەکانی بەغدا. میرەکانی

کورد خۆیان بەتایبەتیش میرەکانی ئەردەڵان و بابان رۆلێکی گرنگیان لەناساندنی کوردستان و مێژووەکەیدا بینی بەمیوانە بیانیەکان، بەتایبەتیش مالکۆم و ریچ.

میرنشینە کوردیەکان لە بواری گەشەکردنی بنەما کۆمەلایەتی وئابووری و سیاسیەکەوە لە سەر دوویا نێک وەستابوو:

یان دەبوو لەرێگەی گۆرانکاری سیاسیەوە خۆی تازە بکاتەوە و یانیش سیستەمی میرنشینی بەهۆی گوشارە دەرەکی و ناوخۆکانەوە برۆخێ، ئەمە بوو پاشینە مێژوویەکی سەرهەلدانی جولانەوە سیاسیە سەربەخۆ خوازو یەکگرتوو خوازانە یەک لەدوایەکەکان کەمیرە گەنجەکان سەرکردایەتیان دەکرد و سووربوون لەسەر نەک هەرپاراستنی ئەو بارودۆخە کە لەئارادابوو بەڵ:و گۆرینیشی، ئەو میرانە لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیان سێ و دوویان نەدەکرد لەدەست وەردانە کاروباری ناوچەکانی دەوروبەری میرنشینەکانیان، پێک هێنانی یەکێتییەکی سیاسی و سەربازی لەنێو میرنشینە گەنجەکاندا لەکۆتایی چلەکانی سەدەی نۆزدەدا و زیندوکردنەوەی نەقشبەندی وبلاوبوونەوەی تەکیە و مریدیش هاوکاری کردن بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ گەڵێ ناوچەی کوردی بەهۆی ئاکارو بەرژەوەندی هاوبەشی لەنێوانیاندا دروست بوو بەرامبەر هەرشەکانی دەرەوە.

زیادبوونی هەست و هۆشیاری هەلبژاردەی سیاسی و پتەوبوونی هەستی کوردایەتی وکەوتنە ژێر کاریگەری و گەشەکردنەکانی دی ، گرنگترین ئەو گەشەکردن و پێشهاتانەش:

یەکەم: کرانەوەی کوردستان بوو لەبەردەم گەریدەو بازرگانە ئەوروپیەکان و پیاوانی نێردەی ئایینی ئەوروپایی و ئەمریکایی.

دووەم: زیادبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و هێزە ئەوروپایەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا.

سێیەمیش: سەرکەوتنی هێندێ لەهەرێمەکانی عوسمانی وەک یۆنان و میسر لەراوەستانیان دژی دەسەلاتدارانی تورک لە ئەستەمبۆل.

بوونی میرنشینە سەربەخۆەکان و نیمچە سەربەخۆکان بوونە مایەی سەقامیگرکردنی ناسنامەی دیاری کورد و رەنگدانەوەی سەربەخۆییە کۆمەلایەتی وئابووری و فەرهەنگییەکانی.

زۆر دەربارەی ناکۆکیی لەسەر ترۆپکی سیاسی نووسراوە لەمێژووی میرنشینە کوردیەکاندا و چۆن ئەوە میرنشینەکانی رووبەڕووی مەترسی رووخان یان بەلانی کەم لەدەست دانی هێندی هەرێمەکانی یان سەربەخۆیی کردۆتەوە. لەلایەکی دیکەوە هیچ بەڵطەیەک نییە ئاماژە بەوە بکات جوولانەوەی کۆمەلایەتیی میللی بەشێوەی دووبارە وەک ئەوەی لەنێو ولاتەکانی دەروبەردا هەبووە سەری هەلدابێ، ئەوە چۆن لێکدەدرێـەوە؟ واتا پەیدابوونی دیاردەی ململانێی زۆر لەنێو ئەندامانی هەلبژاردەی سیاسی لەپێناو دەسەلات گرتنە دەستدا، لەلایەک و لاوازیی ململانێی کۆمەلایەتی چینایەتی لەلایەکی دیکەوە؟، کۆمەلێ: گریمان هەن رەنگە تێگەیشتنی بارودۆخە سیاسی و کۆمەلایەتیەکەی ناو میرنشین ئاسان بکەن، گرنگترینشیان ئەوەیە کە هەلبژاردەی سیاسی و کۆمەلایەتی هێندە پێویستی بەتوندکردنی رادەی چەوساندنەوەی چینەکانی نەبوو لەبواری ئابووریدا بۆ ئەوەی سیستەمەکەی خۆی بەهێزبکات، بەپێچەوانەی وڵاتە گەورەکانی دەوروبەر کەهەمیشە پێویستی بەوەدەستهێنانی پارەوپۆوولێکی زۆرەو زەوەند بووە بۆ ئەوەی دەزگا بیروکراتیەکەی و لەشکرە زەبەلاحەکەی و شەڕە زۆرەکان و ڕابواردن و تەخشان و پەخشانکردنەکانی نێ, بنەماڵەی پاشاکان دابین بکات. ئەوەندەی پەیوەندیی بەزۆربوونی ململانێ و ناکۆکیی نێو ئەندامانی بنەماڵەی میرەکانەوە هەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەم دیاردە سیاسی یە بەتەنیا وابەستە نەبووە بەکوردستان بەڵ:و دیاردەیەکی گشتی بووەو دەوڵەتی ئێران هەر لەدروست بوونی حوکمڕانیی سەفەوی لەسەرتای سەدەی شازدەوە تا رووخانی حوکمی قاجاری لەسالانی بیستی سەدەی رابردوودا هەر بەردەوام بووە.

کاروباری میرنشینی بەگوێرەی نەریتی رژێمە دپڵۆسێنەرە رۆژهەڵاتیە کۆنەکان بەڕێوە نەدەچوو کە لە وڵاتەکانی دەوروبەردا هەبوو، جۆرێک لەدیموکراسیە هەلبژاردی ئۆرستۆکراتی لەمیرنشینەکاندا هەبوو کەگفتوگۆکانی نێو کۆشکی میر بەرجەستەی دەکردن. ئەم کۆشکە دەزگایەکی سیاسی

راوێژکاری گرنگ بوو کەتیایدا میر بۆچونەکانی خۆی لەگەڵ نوێنەرانی ماقوڵەکان ئالوگۆر دەکرد سەبارەت بەکێشە سەرەکیەکانی میرنشینی وەک شەرو ئاشتی و بازرگانی باج و کێشەکانی خیلافەت ودامەزراندن. راستە دوا قسە هی میربوو لەو سیتەمە سیاسیەدا بەوەی کە ئەو تاکە حاکمی شەرعی و لێوەشاوەبوو بۆ دەرکردنی بریارەکان بەڵام دەبوو بەرژوەندی و بۆچونەکانی ماقولانیش لەبەر چاو بگیرێ کە تەوەری سیتەمە کۆمەلایەتەکەبوون، شوێنەواری دیمورکراسی و ئۆرستوکراتی تاکۆتایی سیستەمی دووەمی میرنشینی بەردەوام بوو. لەم بارەیەوە ن_ئۆشاکۆف کە ئەفەسەرێکی ئەرکانی گشتی رووسیا بوو، دوای سەردانی چەندین ناوچەی کوردی لەناوەراستی سەدەی نۆزدەدا ئاماژە بەبارودۆخی سیاسی کوردەکان دەکات کەرێک بەئەوروپای دەچوێنێ لەسەدەکانی ناوراستدا بەهەموو رەهەندوو بەهاکانی کۆمەلگای دەرەبەگایەتی کەبەهۆی سیستەمێکی دیموکراسی کەلە رۆحی سیستەمی باوک سالاری کۆن وەرگیرابوو بەرێوە دەچوو.

## دەرەنجامی نەمانی میرنشینە کوردیەکان

دوای نەمانی میرنشینە کوردیەکان هەردوو حکوومەتی ئەستەنبۆل و تاران راستەوخۆ ناوچە کوردییەکانیان بە دەسەڵاتی ناوەندی خۆیانەوە لکاند، ئیتر پەیوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی کوردستان لەگەڵ ئەو دوو حکومەتە شێوازێکی ئیستیعماری وەرگرت، چونکە ئەو ناوچانە لە پێشتردا للایەن بنەماڵە فەرمانڕەواکانی کوردەوە بەڕێوە دەبردران، هەروەها هەریەک لە عوسمانی و قاجاری‌یەکان هەولی زاڵ بوون و بالادەستی خۆیان لە شێوەی خۆسەپاندن دەدا، بە شێوەیەکی دواکەوتوانە ، ئەوەش بووە هۆی وەستان و گەشەنەکردنی لایەنی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسیی و رۆشنبیری ناوچە کوردیەکان، تەنانەت لە ڕوانگەی سەربازی و ئابورییەوە واسەیری کوردستانیان دەکرد کەوا سەرچاوەیەکی دەولەمەند و بەسودە بۆ باج سەندن و پرکردنەوەی خەزێنەکانیان و پەیداکردنی داهات بۆ ئامێری سەربازی و خستنەگەری سوپای خۆیان.

ئیتر لە ناوچە کوردییەکان رەوتی پێشکەوتن و پرۆسەی گەشەسەندن تێیدا راوەستا ، ئەو تەناهی  و پەرەسەندنەی هەبوو ، شتێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکو لەسایەی میرنشینە کوردیەکانەوە چەندین سەدە پێی گەیشتبوو لە رووی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییەوە.

سەپاندنی دەسەلاتی راستەوخۆی تورک و فارس و حوکمرانی بێگانە هەر تەنها ئەوە نەبوو سەردانی بێگانە هاتنە شوێنیان بەلکوو، بنەمالەی سەردارە ناوخۆکانیان ریشەکێش کرد و ئەندامانیان بەرەو تاراوگە نارد ، بەمەش کوردەکان لە هەڵبژاردەی سیاسی کۆمەلگە بێبەش بوون، بەتایبەت ئەوانەی توانای ئەوەیان هەبوو جەماوەر لە دەوریان کۆببێتەوە، تەفروتونا کردنی ئەو بنەمالانەش راستەوخۆ کاریگەری هەبوو بۆ ئەوەی هیچ هەولێکی خێرا و پەرچەکردار نێتە ئاراوە لە ئەنجامی ئەو بۆشاییە سیاسییەی دروست بووە.

عوسمانی و قاجاریەکان دوای نەمانی میرنشینە کوردییەکان پشتیان بە هەندێ ئاغا و سەرۆک هۆز و شێخەکانی داردەستە و لایەنگرانی خۆیان بەست بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە و هاوکاری دەسەڵات بن.

رووخانی میرنشیینەکان وایکرد عوسمانی و قاجاریەکان ئەو ناوچە فراوانەی کەوتە ژێر دەستیان سەر لە نوێ لەڕووی کارگێڕییەوە ناوچەکان دابەش بکەنەوە و بەخشینی پلە و پایە و پۆست و ئیمتیازات بەوانە بدەن کە هاوکار و پشتیوانی خۆیان بوون، ئیتر هاوکاری ئەو سودمەندبووانە بە پاڵپشتی سەربازانی تورک، بووە بەربەستێک و کاریگەریان هەبوو لەسەر ڕێگەگرتن لە راپەڕینە راستەوخۆی کوردیەکان دژی دەسەڵاتی ناوەند.

جگە لەوانەش هێنانی کەسی بێگانە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری ئەو ناوچانە وەکو تورک و ئەلبانی و گورجی و چەرکەسەکان کەوا پایەی کارگێڕیان پێبەخشرابوو کاردانەوەی خراپی لە رووی کۆمەڵایەتی لێکەوتبۆوە( چونکە شارەزای داب و نەریت و ئاشنای کلتوری کوردی نەبوون و کەسانی نامۆ بوون.

محەمەد پاشای تورک کە بووە والی وان هیچی دەربارەی کورد نەدەزانی، سەرداری هەرێمی (گولی) لە ئەرزەڕووم داغستانی بوو، عیزەت پاشای تورک کرایە سەرداری ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان ناوچەکانی (هەکاری و بەرواری ئامێدی)، عیزەت بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن لە ناوچەکە لە کانزا دەگەڕا و چەندان کەسی تریش.

تورکەکان لە هەر ناوچەیەکی کوردی ئۆردوگایەکی سەربازیان دامەزراندبوو، بەزۆریش یەکەی سوارەی ئەلبانی و چەرکەسی بوون، چەند ئۆردوگایەکی ئەلبانی لە رۆژهەڵات دانابوو، جگە لەو موچە کەمەی کە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی وەریان دەگرت و پێی نەدەژیان، ئیتر بە هەوەسی خۆیان باج و سەرانە و خاوەیان لە کوردان وەردەگرت و دەستیان بە تاڵانکاری کردبوو.

## سیاسەتی عوسمانی و ڕەوشی کوردستان له رووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و خزمەتگوزارییەوە دوای نەمانی میر نشینەکان

له کاتێکدا کوردەکان به درێژایی چەندین سەدە له شێوەی میرنشینی حوکمڕانی ناوچەکانی خۆیان دەکرد، دوای نەمانی میرنشینەکان له رووی کۆمەڵایەتییەوە تورکەکان کەوتبوونە پیادەکردنی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە له ناوچەکەدا، رێگایان نەدەدا هۆزی بە هێز و هەژموندار له ناوچەکەدا سەر هەڵبدەن، هانی هۆزە بچوک و لاوازەکانیشی دەدا دژایەتی هۆزی گەورە بکەن، هاوکات عوسمانیەکان هانی مانەوەی سیستەمی خێڵایەتییان دەدا بۆ ئەوەی کێشە و ناکۆکی نێوان هۆزەکان قوڵتر بێتەوە، هەمیشە هەوڵی ناتەبایی و بە گژەوە یەک نانی هۆزەکانی دەدا بۆئەوەی نەتوانن بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەند بووەستنەوە..

یە ککگرتنی هۆزەکان (هەڤرکان) کە کۆنفیدرالیەتێکی گەورەی خێڵەکی بوو له سەردەمی بەدرخان یەکیان گرتبوو، له ئەنجامی سەرکەوتنی سیاسەتی عوسمانیەکان بەهۆی ململانێی ناوخۆ توایەوە.

دوو هۆزی گەورەی (میللی و کاید) له لایەن لەشکری تورکان پەلاماردران و سەروەت و سامانیان تاڵان کرا و بەرەو پوکانەوە چوون، ئەو ژمارە زۆرەی ئێزیدییەکانیش هەبوون بە هۆی هێرشکاری عوسمانییەکان دووچاری شکست هاتنەوە ناوچەکانی شەنگال و لالش و باعەدرێ و شێخان وێران و تاڵان کرا و خەڵکەکەشی ئاوارە و دەربەدەر کران و شیرازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان لەبەریەک هەڵوەشایەوە .

**لەرووی ئابوورییەوە** عوسمانییەکان ئەرکی کۆکردنەوەی باج و خەراج و سەرانەییان بە سەرۆک هۆزێک دەسپارد و ئەویش بۆ سەرداره تورکەکانی دەنارد، ئیتر ئەوەش شێوازێک بوو بۆ دروستکردنی ناکۆکی و پەشێوی له ناو نێو هۆزەکاندا، ئیتر تورکەکان هەموو شێوازێکیان بۆ لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردی پەیڕەو دەکرد، دروستکرنی سوارەی حەمیدیەش له کۆتایی سەدەی ١٩م له چوارچێوەی ئەو شێوازانە بوو.

هەر لە رووی ئابوورییەوە دەسەڵاتدارانی تورک بێ ئەوەی رەچاوی بارودۆخی کوردستان بکات سیستمێکی سەختی باجسەندیان پەیڕەو دەکرد وەکو ئاماژەان پێکرد تاکە خەمیان پڕکردنەوەی خەزێنەی دەوڵەت بوو، سەرداری ویلایەتەکان خەریکی باج وەرگرتن و دزی و راوەرووت بوون و بێ ئەندازە دەوڵەمەند ببوون چونکە ساڵانە ساڵانە پارەیان بۆ ئەستەنبۆڵ رەوانە دەکرد، بۆیە دەستکراوە و سەربەست بوو لە باج و سەرانە سەندن.

ئاغاو سەرۆک هۆزەکانیش دەبووایەباجێکی زۆر لە جوتیاران و مەڕداران بسەنن، بۆ ئەوەی بتوانن باجی موڵکی ساڵانە بدەنە خەزێنەی ناوەند، جگە لە زوڵم و ستەمی فەرمانبەرە کارگێڕی و سەربازییەکان لەسەر چینی جوتیاران ئەوانە ببووە هۆی خراپی بارودۆخی کشتوکاڵی لە کوردستاندا، هۆزە کۆچەر و نیمچە کۆچەرەکانیش ناچاربوون باجی ساڵیانە بدەن و بەردەوامیش بە بیانووی سەرپێچی کردن سزا دەدران و تاڵان دەکران..

هەروەها نەمانی ئاسایشی رێگاوبانەکان ببووە هۆی پوکانەوەی ئابووری ناوچەکان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی زەرەرمەند بون و پرۆژە خزمەتگوزاریەکانیش وەستابوون و رەوتی ژیان بەرەو دواوە دەرۆیشت.

دیاردەی بەرتیل و سەرانەسەندن لە لایەن فەرمانبەر و سەربازانی تورک لەناوچەکەدا پەتایەکی تر بوو تەشەنەی سەندبوو، بە هۆی کەمی مووچەیان خەڵکیان دەرووتاندەوە.

لە رووی پێشکەوتن و خزمەتگوزارییەوە ناوچە کوردییەکان فەرامۆشکرابوو، لە پێشکەوتنەکانی سەردەم بێبەشکرابوو، وەک شەمەندەفەر و هێڵی تەلەگراف و دامودەزگای پەروەردە و رۆشنبیری و کردنەوەی قوتابخانە و ئامۆژگا و ناوەندەکانی خوێندنەوە.

لە لایەکی ترەوە لە ئەنجامی هێرش پەلاماردانی شارە کوردییەکان جگە لە وێرانبوونی شارەکان خەڵکەکەش دووچاری دەربەدەری هاتبوونەوە، شارەکانی

رواندز و ئاکرێ و ئامێدی و جزیره و هەولێر و زاخۆ و شەنگار و بەتلیس کەوتبوونە بەر شالاوی وێرانکاری لە لایەن لەشکری تورکەوە.

تەنانەت لە سایەی حوکمڕانی ڕاستەوخۆی تورک و فارسەکان لە کوردستاندا شاری نوێ بونیات نەنرا و گوندەکانیش گەشەیان نەکرد تا لە ئایندەدا ببنە شار، بەڵکو لە پاشەکشێی بەردەوام دابوون لە رووی ئاوەدانکردن و نیشتەجێبوون و گەشەسەندنەوە، قوتابخانە ئاینیەکانیش پشتیوانی میرنشینەکانی لە دەستداو بەرەو لاوازی چوو، گەشەکردنە رۆشنبیری پەکی کەوت ، دوای هەڵوەشانەوەی میرنشینی ئەردەلان قاجارەکان زمانی ئەدەبی (گۆران) یان قەدەغە کرد و زمانی فارسیان کردەوە زمانی فەرمی.

**هەوڵەکانی سەربازگیری کورد** بەردەوامی هەبوو لە لایەن عوسانییەکانەوە، بەزۆر خزمەتی سەربازییان بەسەر ئێزیدییەکانیش سەپاندبوو، لە ترسی سەربازگیری زۆر خێزان ناوچەکانیان جێهێشت و رۆویان کردە ئێران.

سیمایەکی تری قۆناغی دوای نەمانی میرنشینە کوردییەکان تێکچوونی پەیوەندی کوردە موسولمان و ئەرمەنی و نەستوورییەکان بوو.

## پەیوەندی کورد و ئاینزا مەسیحیەکانی ناوچەکە دوای نەمانی میرشینە کوردییەکان

دیارە سیمایەکی دیکەی قۆناغی دوای نەمانی میرنشینەکان زیاد بوونی ململانێ و دوژمنایەتی بوو لە نێوان کورد و ئەرمەن و نەستووررییەکاندا، لە کاتێکدا بە درێژایی مێژوو لێبووردەیی ئاینی یەکێک لە تایبەتمەندییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکانی دانیشتوانی کوردستان بوو.

زۆربەی گەریدە و رۆژهەلاتناسان پەیوەندییە ئاسایی و توندوتۆڵەکانی نێوان کورد و مەسیحییەکان دووپات دەکەنەوە، بۆ نموونە (سۆن) جەخت لەسەر تەبایی و پەیوەندییە باشەکانی نێوان نەستوری و کلدانەکان و کوردە موسولمانەکان دەکاتەوە لە ماوەی سەدان ساڵدا پێکەوە بێ کێشە ژیاون.تەنانەت نێردە موژدەبەر و فەرمانبەرە توندڕەوە بەریتانیەکانیش بە هیچ شێوەیەک باسی دوژمنایەتی ئاینی نێوان کورد و مەسیحییەکانیان نەکردووە پێش چلەکانی سەدەی نۆزدەم.

بە درێژایی ماوەی پێکەوە ژیانی کورد و کۆمەڵە و تاقمە مەسیحییەکان زمانی کوردی زمانی هەردولایان بوو، تەنانەت داب و نەریت و کلتوری کوردیش هێندە کاری تێکردبوون زەحمەت بوو ئەو دوو پێکهاتەیە لێکتر جیابکرێنەوە.

پەیوەندییە ئابورییەکانی نێوان کورد و مەسیحی و جولەکەکانی شار و دێهاتەکانی کوردستان ئاسایی و هەماهەنگ بەڕێوە دەچوو. لە ناوچە کوردییەکان مەسیحی و جولەکەکان زۆرینەیان خەریکی بازرگانی بوون و پیشەگەر و فرۆشیار بوون، بۆ نموونە لە ( نەهری و سنە و کرماشان) ژمارەییکی زۆری جولەکە هەبوون خەریکی کاری پیشەگەری و بازرگانی بوون، لە شاری سلێمانی و هەولێر و کەرکوکیش گەلێک بازرگان و دەست رەنگینی نەستوری هەبوون، لە باکوری کوردستانیش ئەرمەنەکان بەسەر ژیانی بازرگانی شارە کوردییەکان زاڵ بوون پێداویستییەکانی ژیانی دانیشتوانە کوردییەکانییان دابین دەکرد هاوکات

کڕیاری بەروبومە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکانی کوردەکان بوون و لە ڕێی ئەوانەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکران.

هەندی لە موژدەدەرەکان لەوانە لیارد لەگەڵ هەڵوێستە توندڕەوانەکەیان بەرامبەر بە کورد بەڵام ئاماژە بەوە دەکات بارودۆخی جوتیارەکان لە سەردەمی میرنشینەکاندا زۆر باشتر بوو لە گوزەرانی مەسیحیەکان کە لە ژێر سێبەری راستەوخۆی حوکمڕانی عوسمانییەکان بوون، ئەوەشی خستۆتە روو کەوا فەرمانبەرە تورکەکان لەناوچەی هەکاری ستەمیان لە مەسیحیەکان کردووە.

لە سەردەمی میرنشینەکاندا مەسیحیەکان باجی قورسیان بەسەر نەسەپێنرا بوو چونکە داینەمۆی بەگەرخستنی بازرگانی بوون لە ناوچەکەدا، بەڵام دوای نەمانی میرنشینەکان باجگرە تورکەکان باجی قورس و گرانیان بەسەر مەسیحیەکان سەپاندبوو، تەنانەت باجی وەرزی چاندنی دانەوێڵەی داهاتوشیان لێدەسەندن، سەرەڕای ئەوەش لە ناوچەی هەکاری لەلایەن فەرمانبەرە تورکەکان دووچاری ستەمکاری و چەوسانەوە هاتبوونەوە، ئەوەش وایکردبوو زۆر لە نەستوریەکان ناوچەکانیان جێبهێڵن، نەستورییەکان بەردەوام سکالای خۆیان بۆ بەریتانیەکان بەرزدەکردەوە بە هۆی زۆرداری تورک و فارسەکان بەسەریاندا ، لە ساڵی ١٨٥٧ نەستوریەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی سکاڵانامەیەکیان دایە باڵوێزی بەریتانیا (کاینینگ) لە مەڕ چەوساندنەوەیان لە ژێر دەستی تورک و کوردەکان، لە ساڵی ١٨٦٣شدا نەستوریەکان سکاڵانامەیەکیان بۆ (ڤیکتۆریا)ی شاژنی بەریتانیا بەرزکردەوە دیسان لە سکاڵانامەکەدا زوڵم و ستەمی تورک و فارسەکانی بەرامبەر نەستوریەکاندا تێدا تێچین کرابوو..

ئەو سکاڵانامانە ئەوە دەگەیەنێ کەوا نەستوریەکان لەسایەی حوکمڕانی فەرمانبەرە تورکەکاندا سەربەخۆیی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیان لەدەست دابوو کە لە پێشو هەیانبوو.

ئەوە لە کاتێکدابوو سەرانی کڵێسەی ئەرمەنی لە ئەستەنبول و هەرێمەکانی تر هیواخوازی سەرکەوتنی تورکان بوون، دژی میرنشینە کوردیەکان وەستانەوە و پشتیوانی عوسمانیان کرد چونکە باوەڕیان وابوو بەهۆی سۆز و پەیمانەکانیان

که بۆ سولتان و سوپای تورک پێشکەشیان کردبوو، کۆمەڵێک ماف و جیاوکیان پێدەدرێ لە داهاتوودا و دەتوانن پلە و پایەی خۆیان بەرز بکەنەوە و سودمەند بن ، بەڵام لە راستیدا نەمانی میرنشینەکان بووە هۆی قولبوونەوەی ناکۆکیەکان و سەرهەلدانی چەوساندنەوەی ئاینی لە ناوچەکە و لێبووردەیی کەوتە مەترسیەوە.

ئەو ناکۆکیانە هۆکاری سیاسی و ئاینی و ئابوری لە پشتەوە بوو، لە ئەنجامی دەستێوەردانی بەردەوامی نێردە مەسیحیەکان و کونسولخانە ئەوروپیەکان هاتبووە ئاراوە، سیاسەتی تێکدانی ریزەکانی دانیشتوانیش لە لایەن تورکەکانەوە هێندەی دیکە قورەکەی خەستتر کرد و بارودۆخەکەی ئالۆز تر کردبوو، دەستەو تاقمە موژدەدەرەکان بە هیوابوون دوای روخانی میرنشینەکان زیاتر دەسەڵاتیان بسەپێنن  و پەرەی زیاتر بە چالاکیەکانیان بدەن.

روسەکان و بەریتانیەکان و فەرەنسیەکان هەریەکە و لە ململانێ بوون بۆ دەستەمۆکردنی مەسیحیەکانی کوردستان لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩مدا، ئەو ململانێیە شوێنەوارێکی خراپی لەسەر پچڕاندنی شیرازەی خودی مەسیحیەکانیش جێهێشت، هەر بۆنموونە ئەو نەستوریانەی ببونە پرۆتستانت لە لایەن مارشەمعونەوە دەچەوسێنرانەوە.

دەسەلاتدارانی تورکیش بە هەوەسی خۆی ئێزیدی و عەلەویەکانی دەچەوساندەوە، ناوچەی عەلەویەکان دەکەوتنە بەر شاڵاو و هێرشکاری درندانەی تورک و تاڵان و کوشت و بڕ و وێرانکاری لێدەکەوتەوە، ئێزیدیەکانیش هەمیشە دووچاری بێویژدانی سوپای تورک دەبوونەوە جیاوازیان بە کوشتنی ژن و منداڵ و پیروپەککەوتە نەدەکرد( داعش بوون) ئەوان لەهەمووان زیاتر ببونە قوربانی چەوساندنەوەی ئاینی بە هۆی بیرۆباوەڕی تایبەتی خۆیانەوە، هاوکات وەکو مەسیحیەکان نەبوون سکالایان بۆ زلهێزێک بەرز بکەنەوە تا بە هانایانەوە بچن و کەس لە توانای دا نەبوو سنورێک بۆ پێشێلکاریەکان دا بنێت.

## راپەڕینی یەزدان شێر

لەساڵی ١٨٥٣ راپەڕینی یەزدان شێر لە بارودۆخێک روویدا، کەوا دوای راگەیاندنی شەڕی کریما(قرم) لە لایەن روسیاوە لە ١٨٥٣ دژی عوسمانی ، ئەو شەڕە لە بەرەی دانوب و بەرەی نیمچە دوورگەی کریما و بەرەی قارس بوو، بەرەی دوایی (قارس) راستەوخۆ پەیوەندی بە ناوچە کوردیەکانەوە هەبوو، عوسمانیەکان لەو بەرەیەدا هیوایەکیان بە کوردەکان هەبوو، هەرچەندە سەرەتا بەشداری کوردەکان لە ناو سوپای عوسمانیدا هەبوو، بەڵام بەرە بەرە ژمارەیان کەم دەبۆوە و کوردەکان ریزەکانی سوپای عوسمانیان جێدەهێشت، بەتایبەت کوردەکان هاوکاری روسەکانیان کرد لە داگیرکردنی ناوچەی بایەزید، روسەکان لە پەیوەندی بەردەوام دابوون بە سەرۆک هۆزە کوردەکان دوای شکستی عوسمانیەکان لە ناوچەی بایەزید، هەروەها کوردەکان چاوەڕوانی دەرفەتێک بوون بۆ ئەوەی شکستی سوپای عوسمانی بقۆزنەوە و هەڵبگەڕێنەوە.

یەزدان شێر لە کاتی بزووتنەوەکەی بەدرخان دا خۆی دابووە پاڵ تورکەکان، دوای روخانی میرنشینی بۆتان، وەکو پاداشتێک یەزدان شێر لە لایەن تورکەکانەوە کرای سەرداری ناوچەکە، کاتێک تورکەکان گۆڕانکاری کارگێڕیان لە ناوچەکەدا کرد هەر سێ ناوچەی جزیرە و هەکاری و بەرواریان لە یەکەیەکی کارگێڕی لێکدا، یەزدان شێر ئەو یەکە کارگێڕیەی بەڕێوە دەبرد، بەڵام لە ترسی جموجۆڵی کوردان، لە هەموو ناوچە کوردیەکان عوسمانیەکان ئۆردویەکی سەربازیشیان دامەزراندبوو.

فەرمانڕەوایی یەزدان شێر تاسەر نەبوو، چونکە بەرنامەی گشتی دەولەتی عوسمانی لەناو بردنی هەر دەسەڵاتێکی هەرێمی بوو، دانانی یەزدان شێر بۆ رازیکردنی کاتی و دامرکاندنەوەی هەڵچونی کوردەکان بوو.

ئیتر لادان و لێخستنی یەزدان شێر لە دەسەڵاتەکەی و دانانی فەرمانبەرێکی تورک لە شوێنی و دوورخستنەوەی بۆ موصل بووە هۆکاری رستەوخۆی تەقینەوەی راپەرینەکە.

بەرپابوونی جەنگی کریما دەرفەتێکی لەبار بوو بۆ راپەرینەکە، پاش شکستی عوسمانی لە بەرەی قەفقاس یەزدان شێر بە پاڵپشتی راپەڕیوانی ناوچەکە لە ماوەیەکی کەمدا توانی دەست بەسەر ناوچەیەکی فراوان دابگرێت  سەرەتا شاری جزیرە و پاشان هەکاری و بۆتان و بایەزید و بەتلیس و ناوچەکانی سێرت و تاکو موصلیشیان گرت.

تەنانەت کوڕانی بەدرخانیش کە بابی عالی پارەیەکی زۆری پێدابون بۆ ئەوەی خۆبەخشە کوردەکان کۆبکەنەوە بۆ شەڕی کریما دژی روسەکان ، ئەوانیش چوونە پاڵ یەزدان شێرەوە.

دەکرێ هۆکاری راپەرینەکە لە چەند خاڵێک کۆبکەینەوە :

١-لە دوای نەمانی میرنشینە کوردیەکان هەستێکی بێزاری گشتی و هەمەلایەنە دروست ببو بە هۆی هەڵسوکەوتی خراپی دەسەلاتدارانی عوسمانی و فەرمانبەرە تورکەکان و رەفتاری نەشیاوی سەربازانی تورک دژی گەلی کورد و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی تری ناوچەکە.

٢-لادان و لێخستنی کوردەکان لە پلە و پایە کارگێڕیەکان و دانانی تورکەکان، تەنانەت لەگەڵ خزمەتی یەزدان شێر بۆ دەوڵەتی عوسمانی و ناپاکی کردنی لەگەڵ بەدرخاندا بەڵام دواجار هەڵمەتی لادانەکە ئەویشی گرتەوە و بووە هۆی راستەوخۆی راپەرینەکە.

٣-زۆری و قورسی ئەو باجانەی بە شێوەیەکی ناڕەوا بەسەر کوردەکان سەپێنرابوون و دیاردەی بەرتیل و گەندەلی سەربازانی تورک بە هۆی کەمی موچەکەیان بلاوببۆوە و مەسەلەی سەربازگیری بە زۆرەملێش لە ناوچە کوردیەکان هۆکارێکی تربوو.

ئیتر یەزدان شێر ئەو بۆشاییە سەربازییەی بە هۆی سەرقالبوونی عوسمانیەکان بە جەنگی کریماوە درووست ببوو، سودی لێوەرگرت و قۆستیەوە هاوکات تورەیی گەلی کوردی بە هەل و دەرفەت زانی دەستی کردە چالاکی سەربازی.

له ساڵی ١٨٥٤ شاری جزیرەی رزگارکرد و فەرمانبەرە تورکەکانی وەدەرنا، هەرچەندە سەرداری ماردین هەولی گرتنەوەی جزیرەی دا بەلام سەرکەوتوو نەبوو، سلی ١٨٥٥ توانی شاری موصلیش بگرێت و دەست بەسەر کارگەیەکی چەک و کارخانەی دروست کردنی تۆپیش دابگرێت ، بەوەش ژمارەی جەنگاوەرانی یەزدان شێر زیادی کرد و هەندێ سەرچاوە دەلێن گەیشتە ١٠٠هەزار جەنگاوەر.

دەولەتی عوسمانی لە بەغداوە هیزیکی سەربازی بەسەرکردایەتی کەنعان پاشا ناردە سەر یەزدان شێر بەلام دواجار هێزەکەی لە نزیک شاری سێرت شکا و کەنعان پاشا رایکرد و هیچ پێشکەوتنێکی بە خۆوە نەبینی.

سولتان عەبدولمەجید(١٨٣٩-١٨٦١) هەولی دا جیاوازی و ناکۆکی بخاتە نیو بزووتنەوەکە بەلام سەرکەوتوو نەبوو، سەرەتا مەسیحی و ئێزیدیەکانیش هاوکاری راپەرینەکەیان کرد، نەستوریەکان راپەرینێکیان لە جۆلەمێرگ بەرپا کرد، ئێزیدیەکانیش وەکو بەرچەکردارێک دژی زولم و زۆری عوسمانیەکان چوونە پاڵ بزووتنەوەکە بە تایبەتی ئێزییەکانی شەنگال رۆلێکی کاریگەریان بینی لە رزگارکردنی شاری موصل و ناوچەی سێرت دا.

دوای تێکشکاندنەکەی کەنعان پاشا زیاتر لە ٢٠٠٠ جەنگاوەری عەرەب لە رۆژهەلاتی ئەنادۆل و بە شێک لە یۆنانیەکانیش هاتنە پال بزووتنەوەکە، دیارە لە رووی مێژووییەوە بەشداری ئەوانە لە راپەرینەکە بەلگەی بێزاربوونی هەموو نەتەوە ناتورکەکانە لە ژێر دەسەلاتی عوسمانیەکان.

ئیتر ئەوانە هەمووی بوونە هۆی سەرکەوتنی خێرای راپەرینەکە،

یەزدان شیر دەرکی بەوە کردبوو راپەرینەکەی پێویستی بە پاڵپشتی دەرەکی هەیە و پێویستە پەیوەندی نێودەولەتی ببەستێت، سەرقاڵی دەولەتی عوسمانی بە شەری رووسەکان پالی بە یەزدان شێرەوە نا پەیوەندی بە روسەکانەوە بکات، لەو ماوەیەدا بۆ مەبەستی بە دەستهێنانی هاوکاری پێنج نامەی بۆ سەرکردایەتی یەریڤان و سەرکردە سەربازیەکان ناردبوو، پێشنیاری ئەوەی کردبوو سوپای

روسی لەگەڵ هێزەکانی یەزدان شێر لە نزیک شاری بەتلیس یەکبگرن و هێرشێکی هاوبەش بکەنە سەر ئەرزەرووم، بەلام رووسەکان هیچ وەلامێکی یەزدان شێریان نەداوە پاساوی ئەوەیان هێناوە گوایە نامەکانمان بەدەست نەگەیشتووە و بەهۆی هاتنی وەرزی زستان پاشەکشەمان کردووە بۆ مۆڵگەکانی زستانەمان و هەروەها بیانوویان هێنایەوە گوایە یەزدان شێر لە راپەرینەکەیدا پەلەی کردووە.

بەلام لە راستیدا رووسەکان بێ هەلویست بوون، دوا نامەی یەزدان شێر بۆ (بێبیتۆڤ) ی سەرلەشکری رووسەکان لە قەفقاس نارد و بەلام ئەویش پشتگوێ خرا و ناوبراو داوای لە یەزدان شێر کردبوو واز لە راپەرین بهێنێت و بلاوەی پێبکەن.

دیارە رووسەکانیش ئامادە نەبوون یارمەتی کورد بدەن تەنها لە ناوچە سنووریەکان نەبێ تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان یارمەتیان دان بۆ ئەوەی کوردەکان نەچنە پاڵ عوسمانیەکان.

سەبارەت بە هەلوێستی ئینگلیزەکانیش دەربارەی بزووتنەوەکە ئەوان هەر لە سەرەتاوە دژ بزووتنەوەکە بوون بە تایبەتیش دووای ئەوەی ئەوان بە نامە و نامە گۆرینەوەکانی نیوان ریبەری بزووتنەوەکە و روسەکانیان زانی ، ئیتر حکومەتی بریتانیا نوینەرە دیپلۆماتکارەکانی خۆی راسپاردبوو بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەکە هەنگاو هەلبێنن کونسولی بریتانیا لە موسل ( پاتریارک ئەفرام) سەرپشک کرا و دەسەلاتێکی رەهای پێدرا پارەیەکی زۆریش خرایە بن دەست بۆ ئەوەی دووبەرەکی لە ناو کوردان دروست بکات و هەندێ سەرۆک عەشیرەتی کوردی بکرێت بۆ ئەوەی دەست لە پشتگیری کردنی بزووتنەوەکە هەلبگرن، کونسول بۆ ئەم کارە کریستیان رسامی جێگری راسپارد هەڵبژاردنەکەی دروست بوو چونکە نێوبراو ئەرکەکەی خۆی بە دڵسۆزی دەکرد و کەوتە هەوڵی کڕینی سەرۆک هۆزەکان و پارەی بەسەر دا دابەش دەکردن، تەنانەت دەگوترێ ٤٠٠ کیسە پارەی خستە بەردەم یەزدان شێر تا واز لە بزووتنەوەکەی بێنێ، بەڵام نەیتوانی رازی بکات، دواتر توانی هەندێ سەرۆک هۆز بکڕێت و رازییان بکات.

بەمجۆرە هەڵوێستی فەرمی بەریتانیا پاڵپشتی کردنی عوسمانییەکان و دژایەتیکردنی هەر جوڵە و بزووتنەوەیەکی کوردی بوو

.بزووتنەوەکەی یەزدان شێر سەرەڕای گەورەیی سوپاکە و بەرفراوانی ناوچەکە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کۆتایی پێهات، هەندێ لە توێژەران هۆکاری سەرەکی شکست هێنانی بزووتنەوەکە بۆ نەبوونی ڕێکخستنێکی گونجاو دەگێڕنەوە.

ئیتر دەوڵەتی عوسمانی هێزێکی گەورەی بە سەرکردایەتی ڕەشید پاشای والی بەغدا نارده جزیره و بە هاوکاری هێزی حیلمی پاشای والی موصل هاوکات توانییان هێزێکی ئێزیدی بۆخۆیان رابکێشن بە سەرکردایەتی میر حوسێن بەگ کە دوو هەزار سوارە بوون و توانیان زاخۆ داگیربکەن، هێزەکانی تریش دووای شەڕێکی سەخت توانیان جزیره دگیربکەن ئەمەش بووە هۆی هەڵاتنی یەزدان شێر و براکەی بۆ ناوچە چیاییەکان و پاشان دەستگیر کران.

سەبارەت بە خۆبەدەوەستدانی یەزدان شێر بیروڕای جیا جیا هەیە، خالفین بەم شێوەیە سەربووردەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:" لە سەرەتای مانگی ئاداری ١٨٥٨ ماتیڵدای ژنی کریستیان رسام نێردرا بۆ لێواری رووباری دیجلە بۆ پێشوازیکردنی یەزدان شێر و پاسەوانەکانی کە لە ژێر چاودێری و پاسەوانی کردنی ئەفسەرێکی عوسمانی دابوو، ئەفسەرەکە راسپاردەیەکی بەریتانی و فەرەنسی پێبوو بۆ پاراستنی گیانی یەزدان شێر و هاوەڵانی، هەر لەوکاتەدا حیلمی پاشای والی موسڵ هەوڵی دەستگیرکردنی دەدا بەڵام دوای دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ ماتیلدا کە چوار سعاتی خایاند، ڕێگایان دا بۆ کونسولگەری بەریتانیا لە موسڵ بگوازرێتەوە، یەزدان شێر پێنج مانگ لەوێ مایەوە تا باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەستەنبۆڵ فەرمانی پێکردن رادەستی والی موسلی بکەن ئەویش رەوانەی ئەستەنبۆلی کرد.

هەندێ سەرچاوە دەڵێن یەزدان شێر لەوێ زیندانی کرا و لەوێش لە سێدارە درا

بەهەرحاڵ یەزدان شێر گیرا و بزووتنەوەکەی بە کۆتایی هات، دوای خۆی عومەر ئاغای برای یەزدان شێر توانی ١٠هەزار جەنگاوەر کۆبکاتەوە و پەنای بردە ناوچە چیاییەکان و توانی پەیوەندی بە رووسەکان بکات، بەڵام دواتر ئەوانیش پوکانەوە و پەرتەوازە بوون و کۆتایان پێهات لەوانەیە عوسمانییەکان سەرکەوتووبووبن لە کۆتایی پێهێنانی ئەویش و سەرچاوەکانیش لە چارەنوسی عومەراغا بێدەنگن و باسی ناکەن.

هەر لەو ماوەیەدا رووسەکان لە هەندێ هێرش و داگیرکردنی هەندێ ناوچە کوردییەکانی وان زیانی زۆریان بە دەڤەرەکە گەیاند، ئەوەش ناوبانگی رووسەکانی لای کورد بەدناو کرد، هەر لە ساڵی ١٨٥٦ چەند تیرەیەکی ئێزیدییەکان بزووتنەوەیەکی دیکەیان دژی عوسمانییەکان بەرپاکرد ، دانیشتوانی دەرسیمیش راپەرینێکیان کرد ویلایەتی موصل و ئەرزەروومیش دوای دەرسیم راپەڕین کە هیواخوازی هاوکاری  پاڵپشتی رووسەکان بوون یارمەتیان بدەن، بەلام ئەمجارەش روسەکان خۆیان دزیەوە.

## بارودۆخی کوردستان لە دوای جەنگی کریما و لە ماوەی شەڕی روسی-عوسمانی ١٨٧٧-١٨٧٨

لە ماوەی جەنگی کریما دا شوێنە کوردیەکانی ناوچەی قارس کە گۆڕەپانی شەڕەکان بوو دووچاری سوتانی گوندەکان و کۆچکردنی دانیشتوان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و برسیەتی هاتەوە، بارودۆخی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە خراپەوە بەرەو خراپتر هەنگاوی دەنا، عوسمانیەکان لەو ناوچەیە کەسێکیان بە ناوی ئیسماعیل حەقی پاشا کردبووە لێپرسراوی  خۆیان کەسێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو، چەندین سەرکوتکاری و ستەمکاری دەرهەق بەکوردان ئەنجامدا بە بیانوی گێڕانەوەی دەسەڵاتی ناوەندی، هەمیشەش بۆتان و هەکاری و دەرسیم ئامانجی هێرشەکانی عوسمانی بوون.

لەلایەکی ترەوە ڕێژەی باجەکانیان لە ١٠%ەوە بۆ ١٥% بەرزکردبۆوە و باجی جیاجیایان سەپاندبوو، جوتیاران بەلێشاو کۆچیان دەکرد. بە هۆی پەرەسەندنی کردەی سەربازگیری بە زۆرەملێ کوردەکان رایان دەکرد یاسای لە (بدل) یان دانابوو ئەوکەسانەی توانایان هەبوو کەسێکیان لە شوێنی خۆیان دادەنا یان بە بڕێک پارە  ئەرکی خزمەتی سەربازی خۆیان دەکڕیەوە.

دوای ئەوەی لەسەر کێشەی بالکان(ناکۆکی بنەماڵەی حوکمرانی بالکان سەری هەڵدا، لە ١٨٧١ بۆشایی سیاسی دروست بوو بە هاندانی روسیا بالکانەکان داوای سەربەخۆیان کرد، ولاتان ویستیان کۆنگرە لە ئەستەنبۆل ببەسترێ، دەولەتی عوسمانی گوتی ئەوە کێشەی ناوخۆییە).لە ٢٤ی نیسانی ١٨٧٧روسیا جەنگی دژی عوسمانی راگەیاند، کاتێک جەنگەکە هەڵگیرسا شیخولئیسلام(حسن خیرالله) دووفتوای دا نازناوی سولتانی غازی بە عەبدولحەمیدی دووەم بەخشی هەروەها جیهادی پیرۆزی راگەیاند بۆ ئەوەی هەموو موسولمانێک بەشداری بکات.

رووسیا لە دوو بەرەی شەر پێشرەوەی کرد لە بەرەی ئەوروبا و بالکان تەنها ١٠ میل مابوو بگاتە ئەستەنبۆل بەڵام لە ترسی بەریتانیا نەچوە ناویەوە(بەرژەوەندی بازرگانی بەریتانی لە استنبول) سولتان عەبدولحەمید

بروسکەیکی بۆ شاژن ڤیکتۆریا نارد و بەهانای هاتن و بەهێزترین تۆپەکانی خۆی نارده گەرووی دەردەنیل.

له بەرەی قەفقاس نزیک ناوچە کوردیەکان ، لەویَ ئەو کوردانەی بە دەنگ فەتواکە چووبوون له ناوچەی بایەزید سوپایان جێهێشت و گەڕانەوە، دەوڵەت ترسی لێنیشت بۆیە خۆی له شێخە کوردیەکان نزیک کردەوە وەکو شێخ عوبەیدولای نەهری و کاکە ئەحمەدی شێخ له سلێمانی بۆ ئەوەی کاریگەریان هەبێ له سەر بەشداری کوردەکان له ناوچەکەدا لەو ریگەیەوە متمانەی کوردەکان بگەرێتەوە بۆ دەولەتی عوسمانی.

له بەرانبەردا رووسەکان پڕوپاگەندەی ئەوەیان بلاودەکردەوە کە گوایە بەلێن و پەیمانیان بە کوردەکان داوە سوپایەکی ١٠٠هەزار جەنگاوەریان بۆ ئامادە دەکەن

واتە هەر یەکە و بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی هەولَی دەدا سۆزی کوردەکان بۆ خۆیان رابکێشن، بەڵام کوردەکان درکیان بەوە کردبوو بەشداری کردن لەو شەرەدا بەرژەوەندی ئەوانی تێدانییە بۆیە له دەرفەتی گونجاو ریزەکانی سوپایان جێدەهێشت. هەرچەندە وەکو باسیل نیکتین ئاماژەی پێدەکات عەشیرەتی هەمەوەند شانبەشانی عوسمانییەکان بەشداری راستەقینەی شەرەکانیان کرد سولتان عەبدولحەمیدیش بە بەرفراوانکردنی ناوچەی بازیان پاداشتی دانەوە، هاوکات هەندێک له جەنگاوەر و شەرکەرە وردەکان لەژێر سەرکردایەتی کورانی بەدرخان بەشداریان کرد، هەروەها کاکەحمەدی شێخ هەندێ جەنگاوەری بەناوی جیهادەوە بە فەرمانداریێتی شێخ سەعید(نەوەی خۆی) بۆ ناردن، خانمی کورد (قەرە فاتیمەش)لەم جەنگەدا بەشداری کرد و ریبەرایەتی ٥٠٠سوارەی کرد له ناوچەکانی ئەرزەرووم و قارس و ئەردەهان، ناوبانگی ئەو خانمە ئەو کاتە له رۆژنامە میسرییەکان باسکراوە، لەگەڵ ئەو بەشداریکردنانەدا بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کوردەکان ملکەچی ئەفسەرە عوسمانییەکان نەبوو لییان بیزار بوون.

دوای ئەوە دەوڵەتی عوسمانی بە شکست خواردوویی لەو شەرە دەرچووله ٣ی ئازاری ١٨٧٨بە پەیمانی سان ستیڤانۆ کۆتایی هات کە زۆربەی خاڵەکانی له بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانیدابوو، پاشان نارەزایی لێکەوتەوە و له ژێر فشاری

بریتانیا پەیماننامەکە گۆڕا بە بەرلین و لە کۆنگرەیەکدا لە ٣١ی تەموزی ١٨٧٨کۆتایی هات ئەوەی پەیوەندی بە کوردەوە هەبوو تەنها جارێک ناوی هاتبوو ئەویش بۆ پاراستنی ئەرمەنەکان لە کوردەکان و جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بە ئەرمەنەکان بەخشرابوو کوردیش پشتگوێ خرابوو.

## بزووتنەوەی کوڕانی بەدرخان

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی روسی عوسمانی بزووتنەوەی کوڕانی بەدرخان راستەوخۆ بە یەکێک لە دەرەنجامەکانی جەنگەکە دێتە ژماردن. لە گەرمەی شەڕەکەدا عوسمانیەکان بە هۆی پەیوەندی کردنیان بە سەرۆک هۆزەکانەوە توانیان هێزێکی خۆبەخش کۆبکاتەوە و سەرکردایەتی هێزەکەشی بە کوڕانی بەدرخان (عوسمان و حوسێن ) بەخشی کە ئەفسەر بوون لە سوپای عوسمانیدا، ئەوان توانیان پێگەی خۆیان بەکار بێنن و لە ناو سوپادا  بە نهێنی پەیوەندی بەو ئەفسەرە کوردانە بکەن کە مەیلی سەربەخۆیی نەتەوەییان هەیە و هاوکات پەیوەندیان بە هەندێ سەرۆک هۆزەوە کورد تا هاوکارییان بکەن لە رۆژی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانەوە.

لە ساڵی ١٨٧٩ هەردوو براکە بۆ ناو کوردستان دزەیان کرد و هێدی هێدی ژمارەی پەیوەندیکەران زیاتر دەبوو تا گەیشتنە جزیرەی پایتەختی پێشووی میرنشینی بۆتان، لەوێ بە بێ بەرگری کردنی فەرماندە تورکەکان شارەکەیان ئازاد کرد و دامودەزگا فەرمییەکانی عوسمانی لە شارەکە رایانکرد، هاوکات ئۆردووی سەربازیش رایانکرد و دەستیان بەسەر چەک و تەقەمەنی داگرت و جاڕی سەربەخۆیی کوردستانیان دا و رۆژ دوای رۆژ بزووتنەوەکە پەرەی سەند. ئیتر توانیان ناوچەکانی جۆلەمێرگ ، نسێبین، ماردین، زاخۆ و ئامَدی و هەکاری رزگاربکەن.

عوسمان پاشای براگەورەی حوسێن بە میر و فەرمانڕەوای کوردستان دانرا لە مینبەری مزگەوتیش لە رۆژانی هەینی ناوی سوڵتان سڕایەوە و عوسمان پاشای میری کوردستان هاتە شوێنی.

لێرەوە دەوڵەتی عوسمانی هەستی بە مەترسی جدی کرد، هێزێکی گەورەی لە دیاربەکر و ئەرزەرووم و سێرتەوە کۆکردەوە و هێرشیان کرد بەلام دوچاری شکست و بەرگرییەکی توند هاتنەوە، دەنگدانەوەی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بووە هۆی زیاتر هاندانی کوردەکان، بۆیە دەولەتی عوسمانی شالاوێکی گەورەتری ئامادەکرد بە سەرکردایەتی عیزەت پاشا دوای شەرێکی سەخت شۆرشگێران

ناچاربوون بۆ ناوچەی جزیرە پاشەکشە بکەن ، لە کاتێکدا کوردەکان خۆیان ئامادەدەکرد بۆ هێرشبردنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لەدەستیان داوە، بەلام عوسمانییەکان هەلسان بە ئازادکردنی هەموو کەس و کاری بەدرخان کە دوای جاردانی بزووتنەوەکە لە ئەستەنبۆل گیرابوون،بەمەبەستی نیشاندانی دانی نیازپاکی سولتان و هاوکات سولتان عەبدولحەمید نوێنەری خۆی نادرە لای هەردوو براکە بەناوی ئیسلامەوە داوای لێکردن با خوێنی موسولمانان نەرژێت و من بەلێن دەدەم هەموو داخوازی بزوتنەوەکە جێبەجێ بکەم، ئیتر عوسمان و حوسێن بە بەلێن و قسەخۆشەکانی سولتان هەلخەلەتان و کەوتنە وتووێژو دانوستانەوە، دوای چەندین خولی دانوستانەکان لە چەندین شوێن، جارێکیان وارێککەوت ژمارەی پاسەوانانی کورانی بەدرخان لە ژمارەی هێزی پاسەوانانی تورک کەمتر بوو، ئیتر ئەو هەلەیان قۆستەوە و هەردوو میرەکە بە دەستبەستراوی رەوانەی زیندان کران و پاشان بەزۆر لە ئیستەنبۆل نیشتەجێکران.

وەکو دیارە هۆکاری شکست و کۆتایی هاتنی بزووتنەوەکە دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی زەمینە و ئامادەسازی تەواو بۆ بزوتنەوەکە و بریاری خێرا و کت و پری راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لەماوەیەکی کورتدا و بەهێزی سوپای عوسمانی و دەستبەتالی  لەو ماوەیەدا چونکە بە هیچ شەرێک خەریک نەبوو، کەمی چەک لە لای کوردەکان و خۆشباوەری هەردوو براکە و نەبوونی هاوکاری دەرەکی بەتایبەتی روسیا هاوکاری نەکردن  جگە لە خراپی باری ئابوری ناوچە کوردیەکان هۆکارێکی تر بوو.

## شێخ عوبێدولای نەهری و شۆرشەکەی

وەکو ئاماژەمان پێکرد لەدوای نەمانی میرنشینەکوردییەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٩مدا لە دوو جەنگی نێوان عوسمانی و روسی دا کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی بە پیر دەولەتەوە نەچوون و لەوە راهاتبوون عوسمانیەکان لە کاتی ئاشتیدا مامەلەی ستەمکارییان بەرامبەر کوردان دەکرد .

لەو باروودۆخە ناهەمواری کوردستاندا، کەسێکی بەناوبانگ و ناسراو بە دەستپاکی و خواپەرستی و لێزانی بووە رووگەی هەست و نەستی کوردەکان ئەویش شێخ عوبێدولای نەهری بوو، شێخ عوبێدولا کوری سەید تەهای کوری شێخ ئەحمەد شەهابەددینی نەهری یان شەمدینانییە، چونکە لە گوندی نەهری ناوچەی شەمدینان ئەو بنەماڵەیە رێبەرایەتی ریبازی نەقشبەندییان گرتە ئەستۆی خۆیان.

نەخشی گەورەی سەید تەهای نەهری لە ناو میرنشینی بۆتاندا وایکرد دوای خۆی کورەکەی شێخ عوبێدولا پێگەی میرانی شەمدینان لاواز بکات و هێدی هێدی جگە لە دەسەڵاتی ئاینی لە کوردستان دەسەڵاتی دونیاییش بگرێتە دەست و تێکەڵ بە دونیای سیاسەت بێت.

پەیتا پەیتا لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی شوێنکەوتە و موریدانیان شێخ توانی دەسەڵاتی ئابوری و سیاسیش بەچەنگ بێنێ، هەروەها توانی میر و زەویدارەکان و سەرۆک هۆزەکانیش لەسەر رێگای خۆی لابدا و راستەوخۆ بوە رابەری رۆحی کوردەکان، ئەوەش وایکرد بەهاو رێزی لە لایەن کاربەدەستانی تورک و فارس زیاتر ببێت و حیسابی تایبەتی بۆ بکەن، ئەوە بواری بۆ ئەو بنەمالەیە رەخساند بێنە ناو کایە سیاسییەکان .

سەید تەها هاوچەرخی محەمەد شای قاجار بوو شا زۆر رێزی دەگرت، چەندین گوند و تیول و تەکیەی پێبەخشی بوو، گوندەکانشی لە باج دان بواردبوو یان بەخشی بوو، شا دەیزانی سەید تەها خاوەن هەژموونێکی کاریگەرە لە هەردوو دیوی سنورەوە بۆیە دەبێت وشیارانە مامەلەی لەگەل بکرێت، هەروەها

نەیدەویست تورکەکان وەکو ئامرازێک سوود لە سەید تەها وەربگرن و لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران بەکاری بێنن، تەنانەت روسیاش لە دەسترۆیی ئاینی سەید تەها و پەیوەندی لەگەل رابەری راپەریوانی داغستان شێخ شاملی داغستانی دەترسا، چۆن شێخ تەها لە نێو کوردانی قەفقاس موریدی زۆری هەبوو شێخ شاملیش لە نێو کوردانی رۆژئاوای ئازەربایجان موریدی هەبوو، پەیوەندی نێوانیشیان خۆشبوو.دوای مردنی سەید تەها شێخ عوبێدولا سامانێکی زۆر و زەوەند و ناوبانگێکی گەورەی لە کوردستان وەکو میرات بۆ مایەوە، لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی ١٩ جێی باوکی گرتەوە.

دوای ئەوەی میر و سەرۆک هۆزەکانی کورد بە هۆی بەناوەندی کردنی دەولەتی عوسمانی جیاوکە ئابووری و سیاسییەکانیان لە کیس چوو، ئیتر پیرانی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی و زانایانی ئاینی هاتنە گۆرەپانەکە و بە کردەوە بوونە جێگرەوەی ئەوان.

هەرچەندە وردە وردە بەکردەوە حوکمرانی بیانی لە کوردستان پەرەی سەندبوو، بەلام ئەوە زیاتر ببوە هۆی دوورکەوتنەی کوردان لە دەولەتی عوسمانی و بێزاری و نیگەران بونیان، شێخ سوودی لەو بارودۆخە وەرگرت توانی ببێتە رابەرێکی ئاینی لە ناوچەکە بە شێوەیەک کوردەکان ئەویان بە نوێنەری خوا دەزانی و بە چاوی پیرۆزی سەیریان دەکرد، هاوکات بە چاوی رێبەرێکی نەتەوەیی لێیان دەروانی .

ژمارەی موریدانی بە جۆرێک پەرەی سەند ماڵ و دیوەخانەکەی بووە شوێنی دالدەدان و پەناگەی لێقەوماوان و شوێنی ئازادیخواز کوردە بەرهەلستکارەکانی دەولەتی عوسمانی.

تا دەهات هەژموونی شێخ عوبێدولا لە ئێرانیش زیاتر دەبوو، بۆیە قاجاریەکان توشی دلەڕاوکێ هاتبوون، سەرداری ورمێ (یوسف خان شوجاع الدوله) لە ساڵی ١٨٦٩ کاتێ داوای باج و سەرانەی لە موریدانی شێخ کرد، ئەوان گوێیان پێنەدا، بۆیە گوندەکنی شێخیان ئاگر تێبەردا و نزیکەی ٥٠ کەسیان کوشتن ئاکامی ئەو کارە بووە هۆی یاخیبوونی هۆزەکانی سەر سنوور و خۆ تێهەڵقورتاندنی

دەوڵەتی عوسمانی، هەرچەندە شێخ عوبیدولا نوێنەری خۆی ناردە تاران بۆ لێکۆلینەوە لە رووداوەکە کەوا کاتی خۆی محەمەد شای قاجار ئەو گوندانەی لە باشوری شاری ورمێ بە شێخ بەخشیووە و لە سەرانەو باجیش بەخشراون، بەڵام تاران وەلامی نەدایەوە و بەرەو رووی داخوازیەکانی شێخ و هەوڵەکانی عوسمانی وەستایەوە و ساڵی ١٨٧٢ رایگەیاند ئەو مولکانە بە شێخ ناداتەوە، ئیتر بێئاکام مایەوە.

هۆ؟دەتوانین بلێین تا ئاستێک ئەو هەلوێستەی دەولەتی عوسمانی و پابەندبوونی ئاینی وایکرد شێخ بەشداری لە شەری  ١٨٧٧ی روسی و عوسمانی بکات و رۆلێکی چالاک ببینێ، هەرچەندە مورید و دواکەوتووانی هیچ کاتێک پابەند و ملکەچی فەرمانەکانی عوسمانی نەبوون و لە ژێر فەرمانی شێخ بوون، لە کۆتایی شەڕیشدا بە دەستکەوتێکی زۆر و تفەنگەوە هاتنەوە ناو خاکی خۆیان .

ئەوە یەکەم ئەزموونی شێخ بوو لە شەڕد و یەکەم جار بوو موریدەکان جگە لە رابەری رۆحی خۆیان وەکو رابەری نەتەوەییش سەیری بکەن.

لە کاتی ڕاپەرینی کورانی بەدرخانیش شێخ ئەو کاتە تەمەنی ٥٠ ساڵ بوو بەڵام هیچ یارمەتی بزوتنەوەکەی نەدا؟ چونکە سروشتی شێخ وابوو نەیدەویست لەدوای کەس بڕوات هاوکات دەرفەتێکیش بوو تا سەیری روداوەکان بکات و لە پێشهات و هۆکاری راپەرینەکە بکۆلێتەوە و سود لە ئەزمونەکە وەربگرێت و راپەرین و شۆرشێکی جیاوازتر ئەنجام بدات.

شێخ خاوەنی زیاتر لە ٢٠٠ گوند بوو، هەر بۆیە لەو ماوەیەدا بە یەکێک لە بە گەورەترین مولکدار و زەویداری رۆژهەڵاتی عوسمانی دەژمێردرا.باری گوزەرانی خراپی کوردستان و گرانی و برسیەتی دەرفەتێکی باش بوو بۆ پتر ناوبانگی دەرکردن و قسەکردن بە نوێنەرایەتی تەواوی نەتەوەی کورد، تەنانەت نوێنەرێکی خۆی بۆ لای سولتانی عوسمانی نارد و هەرەشەی ئەوەی کرد ئەگەر بێت و بارودۆخی کوردستان چاک نەکرێت ئەوە خۆی و موریدانی روودەکەنە ئێران، هەر بۆیە سولتان بە پەلە موفتی شاری وان و (سەمیع) پاشای فەرماندەی هێزەکانی رۆژهەڵاتی ناردە لای، سولتان لەوە دەترسا ئەو هێزە گەورەیە بچێتە

پاڵ ئێران لە دژی بەکاربهێنرێت بۆیە دەستی بە دانوستان کردبوو لەگەڵ شێخ، هەرچەندە وتووێژەکانیش بێ ئەنجام مایەوە و نەگەیشتنە چارەسەرێک، چونکە سولتان هێزێکی سوپایی بە یاوەری باجگرەکان نارد ناردە ناوچەکە بۆ کۆکردنەوەی باج و شەرێک روویدا نزیکەی ٤٠ کەس لە باجگرەکان کوژران.

بەم شێوەیە شێخ لە کۆتایی سالی ١٨٧٩ خۆی بۆ شەڕو شۆرش دژی دەوڵەتی عوسمانی ئامادەکرد بانگهێشتی سەرۆک هۆزە کوردەکانی کرد بۆ نەهری نزیکەی ٢٠٠ سەرۆک هۆز لە تەواوی کوردستاندا ئامادبوون و لە یەکەم کۆبوونەوەی دا شێخ باسی لە پێویستی پێکهێنانی کیانێکی سیاسی کوردی کرد. رایگەیاند کوردەکان مافی خۆبەرێوەبردنی خۆیان هەیە و میللەتێکی سەربەخۆن و لەسەر ئەوە رێککەوتن شۆرشێک بەرانبەر تورکان بەرپا بکەن، دوای سەرکەوتنیان لە باکوری کوردستان روو لە رۆژهەڵاتی کوردستان بکەن، تەنانەت دەسەڵاتەکانیشیان دابەش کرد و پلانیان بۆ ئازادکردنی کوردستان و چۆنییەتی هێرش بردن و پەلامارەکان دارشت. بەڵام ئەو کۆبوونەوەیە راسپاردەکانی نەهاتە دی و لە کۆبوونەوەی دووەم دا لە سالی ١٨٨٠ پلانێکی نوییان دارشت دوای گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل بۆ هێرشبردنە سەر ئێران دوو سوپا ئامادە کران سوپای یەکەم بە سەرکردایەتی شێخ محمدصدیقی کوڕە گەورەی شێخ بۆ رزگارکردنی شارەکانی ورمێ و خوی و سەلماس، سوپای دووەم بە فەرماندارێتی کوڕی دووەمی شێخ عەبدولقادر رزگارکردنی شاری تەورێزی پێ سپێردرا.

مێژوونوسی روسی خالفین پشتی بە راپۆرتێکی (زینویف)ی بالوێزی روسیا لە ئیران بەستووە، ئاماژە بەوە دەکات ئینگلیزەکان لە نزیکەوە پەیوەندیان بە شێخەوە هەبووە و عوسمانیەکانیش ئاگاداربوون.

بۆیە دەکرێ بگوترێت بەریتانیا و عوسمانیەکان لە هەولی ئەوە دابوون کە شێخ واز لە رووبەرووبوونەوەی بابی عالی بێنێت توێژەرێک باس لەوە دەکات و دەنوسێت لە دەستپێکی دانیشتنەکانی شێخ چەند سەرکردەیەک هەبوون لەلایەن عوسمانیەکانەوە بە پارە کڕدرابوون ئەو بیرۆکەیان خستە روو کە باشتر وایە

هێزەکانمان لە دژی ئەرمەن و مەسیحیەکان بجەنگن چونکە بەندی ٦١ی پەیمانی بەرلین باس لە پێدانی خودموختاری بە ئەرمەن دەکات کاربەدەستانی عوسمانی وایان نیشاندا کە جێبەجێکردنی بەندەکە بە زیانی کوردان دەشکێتەوە هەروەها عوسمانیەکان چەند شاندێکیان ناربووە لای شێخ بۆ گۆڕینی بیروڕای شێخ .

پ//دیارە شێخ بە هەموو شێوەیەک پێشنیاری کوشتار و لێدانی ئەرمەنی رەتکردەوە، لە دانیشتنی کۆبوونەوەکەدا بە سەرۆک هۆزەکانی راگەیاند ئەگەر کورد ئەوە بکات دەبێتە ئامرازێک بە دەستی تورکەوە و ئامانجی ئێمەش ئەوە نییە، هەروەها وڵاتە ئەوروپیەکانیش دژمان دەوەستنەوە.

بەهەر حاڵ بۆ هێرش بردنە سەر ئێرانیش چەند بیانوویەک هەبوو، لەوانە ئێران ئەو کاتە لە شەڕی خێڵە تورکمانەکان دابوو هەروەها کوردستانی عوسمانی ئەو کاتە بەدەم برسیەتیەوە دەیناڵاند و رایان وابوو رۆژهەڵاتی کوردستان بنەمایەکی ئابوری بۆ ئەو شۆرشە دابین دەکات بە هۆی ئەوگوندانەی بە میرات لەوێ بۆ شێخ مابوونەوە و دانیشتوانەکەشی خۆیان بە موریدی سەرگەرمی شێخ دەزانی، جگە لەوەش رایان وابوو ژمارەیەکی زۆری نێو ریزەکانی سوپای قاجاری کوردن و دەشێ لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشدا بەهۆی هەستی نەتەوایەتیان دەکرێ لە ئێران هەڵبگەڕێنەوە، هاوکات مەسەلەی ئاینزایی و شیعەگەری قاجارەکان لایان پەسەند تر بوو سەرەتا دژی ئەوان بجەنگن و زوڵم و ستەمی قاجارەکانیش لەو ماوەیەدا زیاتر تەشەنەی سەندبوو.

**-پەیوەندی شێخ عوبێدولا و ئینگلیزەکان.**

وەکو دەزانین بەریتانیا وەکو هاوپەیمان و داکۆکیکار لە دەولەتی عوسمانی بەرانبەر روسیای قەیسەری، بە هۆی ئەوەی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری فراوانی لە ناوچەکەدا هەبوو، هەر بۆیە لە ئاست رووداوەکانیشدا هەستیار بوو، چاودێری دەکرد و زانیاری تەواوی لەسەر جموجۆڵی کوردان هەبوو، لە ماوەی جەنگی عوسمانی و روسیشدا کاربەدەستانی بەریتانی بەردەوام پەیوەندیان لەگەڵ شێخ هەبوو.

خالفین ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەریتانیانیا بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانی خۆی بڕیاری دا پشتگیری کوردان بکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە شەڕی دژی ڕۆسیا سوودیان لێوەرگرێ.

وەکو ئاماژەمان پێکرد بەریتانیەکان رۆلیان هەبوو لە بریاری گۆرینی شەر لەدژی عوسمانی و راگەیاندنی دژی ئیران، مستەر کلایتۆن کونسولی بەریتانیا لە وان دووجار لەگەل شیخ عوبیدولا کۆبوونەوەی کرد و پێشوازی گەرمی لیکرد، یەکەم دیدار بۆ ناسین و ئاشنایەتی بوو، دیداری دووەمیش شێخ ئەگەری هەلگیرسانی شەری دژی دەولەتی عوسمانی بۆ روون کردەوە کلایتون بە راشکاوی بە شیخی راگەیاند پەیوەندی ئێمە و دەولەتی عوسمانی  ستراتیجی و بایەخدارە و بریتانیا هەرگیز دەستبەرداری نابی.

دواتر نێوبراو لەگەڵ زۆربەی سەرکردە کوردەکانی کۆنگرە قسەی کردبوو، لەدواییدا ئەوە بووە هۆی لەبیرکردنی راپەرینی کوردان دژی دەولەتی عوسمانی و هێرش بۆ سەر ئێران تاوتوێ کرا و بەریتانیاش پشتگیری خۆی نیشان دا.

لە ئەنجامدا شیخ عوبێدولا بە پشت بەستن بە بەڵێنەکانی بەریتانیا لەبارەی ناردن و پێدانی چەک، بڕیاریدا پەلاماری ئێران بدات، ئیتر بەریتانیاش لەوە دلنیا بوو مەترسی شیخ لەسەر بابی عالی نەما.

هاوکات ئابووت   mr.abootبالویزی بەریتانیا لە تەوریز ئاگاداری ئەو پەیوەندیانە بوو، چونکە تامسۆن ی بالویزی بەریتانیا  لە تاران ئاگاداردەکاتەوە کەوا شێخ توانیویەتی بەشێکی گەورەی هۆزی شکاک بۆ خۆی رابکێشێ کە پێشتر دۆستی ئێران بوون.

هەروەها ئابووت لە گەرمەی شەرەکەدا کە شێخ خەریکی گەمارۆدانی شاری ورمی بوو چاوی بە شێَخ  و عەبدولقادری کورەکەی کەوتبوو.

عەلی خانی ئەفشاری دەلیت کونسول لایەنگری شێخی دەکرد، مەبەستیش بیهێزکردنی ئێران بوو، هەروەها موژدەبەرە ئەوروپی و ئەمریکیەکانیش یارمەتی شێخیان دەدا لە نیویاندا چالاک ترین کەس پزیشکیکی ئەمریکی بوو بەناوی

د.کوهران ، ئەو پزیشکە جارێکیان گیانی شێخ عوبێدولای لە مردن رزگارکردبوولەگەل شیخ عوبدولقادریشدا پەیوەندیان خۆشبوو، نامەو نامە گۆرینەوەکانی نیوان شیخ و پزیشکەکە ئاماژە بەوە دەکەن شیخ چەند جاریک نامەی بۆناردبوو داوای لێکردبووسەرنجی دیپلۆماتکاران بۆخۆی رابکیشیت و رەخنەی لە دەولەتی عوسمانی و قاجاری گرتبوو.

هەروەها کونسولی بەریتانیا لە ورمێ داوای داوای لە مالە ئەرمەنەکان کردبوو بۆ ئەوەی لە پەلاماری کوردان پارێزراو بن ئالای بەریتانیا لە سەر مالەکانتان هەلبدەن، بەلام گەورە پیاوی ئاینی ئەرمەنی بە کونسولی راگەیاندبوو ئێوە باشترە واز لە پشتگیری کردنی شێخ و شەروکوشتار بێنن لەوەی داوای خۆبەدەستەوەدانی ئەرمەنەکان بکەن و کونسول بە نائومیدی گەرایەوە.

شێخ بڕوای وابوو بەریتانیا دەتوانێت یارمەتی کوردان بدات بۆ پێکهێنانی میرنشینێکی سەربەخۆ، بەڵام ئامانجی بەریتانیا دوورخستنەوەی شێخ بوو لە دەولەتی عوسمانی تەنانەت حەزی دەکرد لەو یارییە سوپایی و سیاسییەدا شێخ بێ سەروشوێن بکرێ.

ئابوت دوای ئەوەی داوای رادەست کردنی شارەکەی کرد و بێئومێد بوو لە خۆ بەدەستەوەدانی سەرداری ورمێ لەگەڵ شێخ کەوتە گفتو گۆ و نامەییێکیشی بۆ عەبدولقادری کوری شێخ نارد کە لە سابلاغ بوو داوای لێکردبوو دەچێتە ناوچەی (بناو) هێزێکی بۆ بنێری تا پاسەوانی بکەن عەبدولقادریش ١٥٠ سوارەی بۆ ناردبوو، بەڵام ئابووت یەکسەر بەرەو ئۆردوگای هێزەکانی ئێران چوو ئەوجارەیان زانیاری تەواوی هێزەکانی شێخی لە دەستی هێزەکانی قاجاری ناو هانی دان هێرش بکەنە سەر کوردان.

توێژەران باسی هۆکاری هەڵگەڕانەوەی هەلوێستی بەریتانی یاخود ئابووت دەکەن و دەڵێن: ناسرەدین شای قاجار لەگەل راپەرینی شیخ چاوی بە ئابووت کەوتبوو، پێی راگەیاندبوو ئەوە یارییەکی مەترسیدارە ئەگەر راپەریوان سەرکەوتوو بن ئەوا رووسیا بە بیانووی پشتیوانی لە خەڵکی رووسی ناوچەکە بە ئارەزووی خۆی دەست دەخاتە کاروباری ئەوێ و ئێرانیش لاواز و بێ

دەسەلات دەبێت، هۆکاری دووەمیش ئابووت بۆی دەرکەوتبوو کەوا یەکگرتوویی و هەماهەنگی لە نێوان هۆزە کوردییەکان لە ئارادانییە و ئەگەری سەرکەتنی شێخ زۆر لاوازە( ئەوەش دەردە کوردە بە درێژایی مێژوو) لەولاوەش رووسەکان هێزەکانی خۆیان لەسەر سنوور چڕ کردۆتەوە ئەوەش دەبێتە هۆی زیاتر تێکچوونی پەیوەندی رووسی-عوسمانی و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاش زامن نابێت.

هەروەها هۆکاری تریش رەفتاری کاولکارانە و ستەمکارانەی هەندێ لە سەرۆک هۆزەکان بوو لەکاتی پەلامارو هێرشکاریدا بۆ نموونە رەشەکوژی خەڵکی مياندواو هەرچەندە بێ ئاگاداری شێخ بوو، بەلام بەسەر ئەو داشکایەوە.

لێرەدا تورکەکان سودمەندی یەکەم بوون چونکە کلایتۆن ی کونسلی بەریتانی لە وان لە نامەیەکدا بۆ بەریتانیا نوسیویەتی: دوور نیە لەو هەل و مەرجەدا کاربەدەستانی عوسمانی سوود لە لاوازی شێخ وەربگرن و بە ئاسانی لە ناوی بەرن.

پرسیار: ئامانجی بە ریتانیا لە پشتگیری شێخ چی بوو لە سەرەتادا؟

دەکرێ ئامانجی بەریتانیا یەکەم: بێ هێزکردنی هەژموونی سیاسی روسیابوو لە ئێران و زیان گەیاندن بە بنکەیەکی سەرەکی بەرژەوەندی روسیا لە ئازەربایجان.

دووەم: بێ هێزکردنی ئێران بۆ ئەوەی بەهەوەسی خۆیان فشار بخەنە سەر فەرمانرەوایانی قاجار بۆ بەخشینی جیاوکە ئابوری و سیاسییەکان بۆ بەریتانیا.

سێیەم:لاوازکردنی عوسمانی و منەتبارکردنی بۆ خۆی و پەراوێزخستنی لەوەی رۆلیکی سەرەکی ببینی لە رووداوەکە.

## -رووداوەکانی شۆرشەکەی شێخ عوبەیدولا.

شێخ هەر لە سەرەتادا هەولی بۆ یەک هەلوێستی سەرۆک هۆزەکان دەدا بۆ ئەوەی دوای ئەنجامدانی مانۆرە سەربازیەکەی درز و کەلێن لە نێو ریزەکانی سوپا دروست نەبێت، کاتێک بریاری جاردانی شۆرشی لە رۆژهەلاتی کوردستان

دا، حکومەتی قاجار کەوتە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هێزەکانی خۆی تەنانەت داوای لە دەولەتی عوسمانیش کرد هێزەکانی بێننە سەر سنور و هاوکاری یەکتر بکەن بەڵام ئەوکات عوسمانییەکان خۆیان بیدەنگ کرد چونکە دەیانویست کیشەکە لەخۆیان دووربخەنەوە و فشار بخەنە سەر ئیران، کاتیک شۆرشەکە هەلگیرسا عوسمانیەکان بۆ حالەتی تەنگەتاوی هیزیکی زوریان لە ئەرزەرووم و وان کۆکردەوە، خۆبەخشەکان لە شەمدینان و موکریان و سۆران و بادینان بە لێشاو چوونە ناو ریزەکانی شۆرشەوە

خالفین دەلیت : شیخ بە نیازبوو رواندز و موسل و بەغدا و ئامیدی بگریت تەنانەت پەیوەندی بە فەرحان پاشای سەرۆکی هۆزی شەممەری عەرەبیش کردبوو بۆ ئەوەی لە کاتی پەلاماری موسل هاوکاریان بکات.

بلیسەی شۆرشەکە کاتیک داگیرسا، سەرداری ورمی داوای لە شیخ عەبدولقادری شیخ کرد لە گوندەکانی باوکی باج کۆبکاتەوە و بۆ حکومەتی ئیرانی بنیریت، بەڵام عەبدولقادر داواکەی پشتگوێ خست، کاتێکیش لەسەر ئەو مەسەلەیە هەمزە ئاغای سەرۆک هۆزی مەنگوڕ لەگەڵ هێزەکانی ئیران بەشەر هات شێخ ١٠٠ چەکداری بە سەرکردایەتی عەبدولقادر بۆیارمەتی مەنگورەکان نادرە ناو شەرەکە، ئیتر ئەو رووداوە خێرا و کت و پڕە بووە هۆی تێکچوونی نەخشە و بەرنامەی شۆرش، چونکە هێشتا بەتەواوی خۆیان بۆ شۆرش ئامادە نەکردبوو لە هەموو شوێنێک شۆرشگێران لە پێشڕەوی دابوون و خەلکی گوندەکانیش بە تەپل و دۆل و زوورناوە پێشوازیان لێدەکردن و دەچونە پاڵ شۆرشگێرانەوە، تا دەهات ژمارەیان زیاتر دەبوو مەنگورەکان ٥ هەزار جەنگاوەریان هاتنە ریزی شۆرش و زازایەکان ٨ هەزار جەنگاوەر و شکاکەکان ١٠ هەزار جەنگاوەر و ٥ هەزار جەنگاوەری مامەشیش هاتنە ریزی شۆرشگیرانەوە.

لە کاتی شەردا سەرکەوتنی خێرایان بە دەست هێناشارەکانی( لاهیجان، شنۆ، مياندواو، مەراغە) رزگارکران و گەیشتنە دەوروبەری شاری تەورێز،جێگای داخ بوو هەندێک حالەتی توندوتیژی دوورلە بیروباوەری رزگاریخوازیش سەری هەلدا.

لەناو شاری تەورێز بەهۆی هەندێ پەرچەکردارەوە هەراو بارگرژی نایەوە، تەنانەت هەندێ لە کونسولگەریەکان کەوتنە گواستنەوەی ئەرشیفەکانیان لە ترسی تالانکاری، تەنانەت بارودۆخی ناو تارانیش شلەژا بو، چونکە گرتنی تەورێز لە لایەن کوردەکان پەیامێکی ترسناکی دایە تاران.

ئەو هێزەی بۆ گرتنی ورمێ راسپاردرابوو بە خێرایی لە دەوروبەری شارەکە نزیک بۆوە بەلام بە هۆی خۆراگری سەرداری ورمێ و هێزەکانی قاجاری نەیانتوانی زاڵ بن، شێخ خۆی بە هێزێکی زۆرەوە هاتە مەیدانی شەڕەکە، لەوێ دوو نامەی بۆ کاربەدەستانی شار نارد لە نامەیەکدا نوسیبووی: من هاتووم بۆ ئەوەی زولم و ستەمکاری بنبڕ بکەم و دادپەروەری بچەسپێنم بۆ دوو رۆژان دەبمە میوانتان لە شارەکە و تەنها دابین کردنی ئازوخەی لەشکرم لە ئێوە دەوێ ، بە نیازم لە مزگەوتی گەورەی شار نوێژبکەم و پاشان دەچمە شاری تەورێز ئەگەر ئیقبال ە لدەولەی سەرداری شارەکە پابەند و گوێڕایەلم بی ئەوا موچەیەکی باشی دەدەمێ.

بەلام کاربەدەستان داخوازییەکەیان رەتکردەوە، هەروەها دکتور کوهران بۆ پاراستنی گیانی ئەرمەنەکان وەکو ناوبژیوان کاری خۆی کرد، بەلام ئەوانە هەموی بوونە هۆی ساردبوونەوە و لەدەستدانی دەرفەتی خێرا و کت و پڕ، چونکە دوای دوو رۆژ هێزەکانی ناو شارەکە چەک و هێزی زیاتریان بۆ هات، ئیتر بۆ ماوەی ١٠ رۆژ شەڕ بەردەوام بوو بێئەوەی شۆرشگێران هیچ سەرکەوتنێک بەدەست بێنن، هاوکات ریزەکانی شۆرشگێران پەرتەوازە بوو، ئیتر سوپای ئیران کەوتە راونانی شۆرشگیرانی کورد و کوشتن و وێرانکردنی دێهاتەکان و ئەو ئۆپەراسیۆنە ٣ مانگی خایاند، زۆری نەبرد نیشانەکانی شکستی شێخ بەدەرکەوت و دەولەتی عوسمانی هێزەکانی خۆی لە ناوچەکوردییەکان قایمتر کرد، ئیتر شێخ لە ژێر فشاری هێزەکانی ئێران لە تشرینی دووەمی ١٨٨٠پاشەکشەی کرد دانیشتوانی رۆژهەڵاتی کوردستان زیانێکی گەورەیان بەرکەوت لەلایەن دەرەبەگ کوردە خۆمالیەکان و سوپای قاجاریدا دانیشتوان گوندەکانیان چۆلکرد.

دوای هەڵاتنی شیخ بۆ دەولەتی عوسمانی لە تەموزی ١٨٨١ شێخ رووی کردە ئەستەنبۆل و لەویٚ پێشوازی لێکرا هەرچەندە تورکەکان هەولیان دەدا لە ریگای دیپلۆماسییەوە فشار بخەنە سەر ئێران تا مولکەکانی بگەرێننەوە بەلام شێخ بۆی دەرکەوتبوو گشت یارمەتییەکانی عوسمانی بەهۆی ململانیٚ بووە لەگەل ئیران ، سولتان سەردەمانێک ناوی لە شێخ نا بوو(شای کوردستانی ئێران لەکاتی راپەرینەکەدا، ئەو کات ئەو دەستەواژانە دلنیاییان بە شێخ دەبەخشی ، بەڵام شێخ ئیستا لە یارییەکان گەیشتووە و زانی فریودراوە، بۆیە رایکرد و بڕیاری دا پشتیوانی لە سیاسەتی ئیران بکات و رووی کردە ئەو دەولەتە ، کەچی ئێران پێشنیارەکەی رەتکردەوە و رایگەیاند جێگای متمانە نییەلە ١٨٨٢ شێخ توانی لە ئەستەنبۆل رابکات و بگەرێتەوە کوردستان و دووبارە هۆزەکانی کورد لە دەوری کۆبوونەوە، دیسان تاران کەوتەوە دڵەڕاوکیٚ ، شێخ هەولی دا لە رێگەی کونسولخانەی رووسیەوە لە روسیا نزیک بێتەوە، بەڵام سەری نەگرت و رووسەکان پەیمانیان پێنەدا،

عوسمانیەکان بە مەرامەکانی شێخیان زانی کەمال بەگی سکرتێری سێیەمی سولتان عەبدولحەمیدیان ناردە لای تا رازی بکات دوای ئەوە ئیتر شێخ هیچ چانسێکی بۆ بردنەوە نەما دەبوایە دەست لە شۆرش هەلگریت و هۆکاری شکستەکە بخاتە ئەستۆی خۆی لە ئەنجامدا رووی کردە ئەستەنبۆل و تورکەکان سەرەتا ئەویان خستە ژێر چاودیری خۆیان و لەویٚ بالویزی بەریتانیا لە ئەستەنبۆل بە ئاشکرا داوای لە بەرپرسانی عوسمانی کردبوو بە سزای خۆی بگەیەنن یاخود رادەستی ئێرانی بکەن یەکێک لە شارە عەرەبییەکان هەڵبژێرێت تا لەویٚ بژیت، بەڵام شێخ لە قەڵای ئۆرمار قایم کرد پاش بەرگریەکی سەخت ناچار خۆی بەدەستەوەدا.

دوای ئەوە شێخ لەگەڵ ١٠٠ خێزادا بۆ عەرەبستانی حیجاز و مەکە دوورخرایەوە لە ١٨٨٣ لەویٚ مرد، ئەو سەرۆک هۆزانەی پاڵپشتی بون بە توندی سزادران، دواتر ساڵی ١٨٩٣ رێگایان درا بگەرێنەوە ئەستەنبۆل و کورانی شێخ لەویٚ نیشتە جێبوون. لە ئەنجامدا بۆ عەرەبستان  بۆ مەککە دووریان خستەوە تا کۆچی دوایی کرد سەرۆک هۆزەکانیش کە لەگەلی بوون بە توندی سزا دران.

## هۆزە سنوورنشینەکان

کێشە و ناکۆکی لە پەیوەندی نێوان هۆزە سنورنشینەکان و دیاریکردنی رەگەزنامە و چۆنیەتی و چەندێتی چەسپاندنی باج، پاڵپشتی شازادەکانی ئێران لە ژمارەیەک سەرۆک هۆز و هەڵوێستی چاوەروان نەکراوی سەرۆک هۆزەکان بەتایبەتی لە بابەتی لاینگری حکومەتی ناوەندی ئێران و عوسمانی بارودۆخەکەی خراپتر دەکرد، هەروەها دەست بەسەر داگرتنی ناوچەکانی لەوەرگای نێوان هەردوو دەولەت و شوێنی مانەوەی لە زۆر کاتدا بووە بە هۆکاری روودانی شەڕ.

جێگای ئاماژەیە بە هۆی قووڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت لەسەر کوردەکان کە بە پێی بەندی هەشتەم لە رێکەوتنامەی ئەرزەرۆمی دووەم ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هاتووە ئەو هۆزانەی رەگەزنامەکانیان دیارینەکراوە کە سەر بە کام دەوڵەتن، دەتوانن تەنها بۆ یەکجار شوێنێ نیشتەجێ بوونیان دەست نیشان بکەن و بەپێ ی ئەو شوێنە رەگەزنامەیان پێبدرێت.

دەوڵەتی عوسمانی لە کۆتایی سالی ١٨٥٧ بە بیانووی ئاژاوەگێری و چەتەگەری ژمارەیەک لە هۆزەکانی ناوچەکانی زەهاب دەرکرد، وەک هۆزی جاف و هەماوەند، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لە هۆزەکانی خانەقین بەرەو ئێران کۆچیان کرد، دواتر لە ٢٤ی ئایاری ١٨٥٨ لە رێگەی ئەحمەد تۆفیق ئەفەندی باڵیۆزی دەولەتی عوسمانی لە تاران داوایان لە حکومەتی ئێران کرد کە هۆزەکانی هەڵاتوو بۆ ناو خاکی ئێران کە هۆکاری ئاژاوە و دروستکردنی کێشەی سنووریەکانن بە دەستیانەوە بدەن و بەپێچەوانەوە دەوڵەتی عوسمانی بە بەکارهێنانی هێز ئەو هۆزانە دەگەرێنێتەوە، ئێران بۆ رێگەگرتن لە بەکارهێنانی هێز لە سنورەکان هەڵسا بەجێبەجێ کردنی داواکەی دەوڵەتی عوسمانی. لە لایەکی تریش لە ساڵی ١٨٥٩ ناسرەدین شا هێرشێکی سەربازی بۆ ناوچەی سنە بۆ کۆتایی هێنان بە ڕاپەرینی هۆزی هەمەوەند ئەنجامدا، هەروەها لە حوزەیرانی ١٨٦٥ لە رێگەی باڵیۆزەکەی لە ئەستانبۆل بەدەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاند پێویستە چارەسەرێک بۆ ئاژاوە و سنوربەزینی بەردەوام لەلایەن هۆزە کوردییەکانی

دانیشتووی ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرا بەتایبەتی هۆزی جاف و کەلهور و ڕێگەگرتن لە دروستبوونی کێشە سنوورییەکان بدۆزێتەوە.

لە بڕگەیەکی نوسراوی باڵوێزی ئینگلتەرا لە تاران بۆ سالیبۆری لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٨٦٣ داهاتووە، کە لە چاوپێکەوتنی ناوبراو لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئێران سەبارەت بە کۆنترۆڵ کردنی هۆزە کوردییەکانی سەر سنور و هاوکاریکردنی هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بۆ ڕێگریکردن لە ئاژاوە نانەوە و سنور بەزاندنی کوردەکان گفتگۆ کراوە

ڕاپەرینی کوردەکان کە لە ئەنجامی خراپی ڕەوشی ئابوری و سیاسی و لە کاتی لاوازی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران سەریان هەڵدەدا و هەوڵیان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی داوە، وەکو ڕاپەرینی یەزدان شێر (١٨٥٣ - ١٨٦٤)، شۆرشەکانی میرنشینەکانی بادینان، بۆتان، هەکاری (١٨٧٧ - ١٨٧٨)، شۆرشی عوسمان بەگ و حوسێن بەگ لە ساڵی ١٨٧٩، و شۆرشی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری (١٨٨٠ - ١٨٨١)، شۆرشی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە ساڵی ١٨٨٩. کاریگەری گەورەی لەسەر پەیوەندی نێوان هەردوو دەوڵەت هەبوو.

جێگەی ئاماژە لە حەفتاکانی لە سەدەی نۆزدەهەم ناوچەکە گۆرانکاری گەورەی بەخۆوە بینی بە تایبەتی لە رووی هۆشیاری نەتەوەیی لە دوای سەرکەوتنەکانی نەتەوەکانی بەلقان بە پاڵپشتی وڵاتانی رۆژئاوا و روسیا بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەویی، هەروەها شەری عوسمانی - روسیا لە ساڵانی (١٨٧٧ - ١٨٧٨) و بەستنی ڕێکەوتنامەی سان ئیستڤانۆ لە ٣ی ئاداری ١٨٧٨ و بەستنی کۆنگرەی بەرلین لە ١٣ی تەمموزی ١٨٧٨ کە کاریگەری لەسەر بارودۆخی ناوخۆی کوردستان هەبوو و زیادبوونی دەسەڵاتی بیانی لە ناوچەکە، سەبارەت بە هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری بەرامبەر شۆرشە کوردییەکان بەهۆی دروستبوونی ئاژاوە و شەر لە ناوچە جیاوازەکان بە تایبەتی ناوچە سنورییەکانی هەردوو دەوڵەت سەرەڕای هەبوونی چەندین کێشە لە نێوانیان بەڵام دەربارەی پرسی کورد یەک هەڵوێست بوون و دژی بەدەستهێنانی سەربەخویی نەتەوەیی بوون.

هوزی موکریان لە باشوری دەریاچەی ورمێ نیشتەجێ بوون، سەرکردەیەکی ئەو هۆزە عەزیز خانی موکری سەرۆک بنەماڵەی (بابامیری) لە مێژووی دەوڵەتی قاجاری لە هەر دوو سەردەمی محەمەد شاو ناسرئەدین شا پۆستی سیاسی و سەربازی وەرگرتووە، هۆزی موکریانیش وەکو هەموو هۆزەکانی تری کورد بەدوور نەبووە لە کێشەکان لەگەڵ هەردوو دەوڵەت و ئەو هۆزە بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی ئایین و ناوچەی خۆیان بوون و بەڵام هەموو کات لەلایەن هەردوو دەوڵەت هەوڵدراوە لە بەرژەوەندی خۆیا سودیان لێ وەربگیرێت.

ئەمیرکەبیر سەدری ئەعزەمی ئەو کاتەی ئێران لە سیاسەتەکەی گرنگی بەلێهاتوویی کەسایەتی داوە بەبێ جیاوازی ئایین و نەتەوە، لەم سۆنگەیەوە عەزیز خان موکری (١٧٩٣ ـ ١٨٧٣) لە ساڵی ١٨٤٨ لە لایەن ئەمیرکەبیر بۆ تاران بانگهێشت دەکرێت و ناوبراو دەیزانی ئەگەر سەرنجی کوردەکان بۆخۆی رابکێشێت ئەوە دەرفەتی یەکلاکردنەوەی کێشەی سنوری لەگەڵ دەولەتی عوسمانی زیاتر دەبێت.

سەردار عەزیز خان موکری لە ماوەی خزمەتکردنی لە پۆستەکانی دەولەت چەند ناونیشان و پلەی وەکو سەرداری گشتی سەربازی، سەرداری گشتی وەزارەتی جەنگ، ئاجودانباشی و بەرپرسی قوتابخانەی دار ئەلفنونی پێدراوە. هەر چەندە بەر لە سەردەمی فەرمانرەوایی ناسرەدین شا چەندین پلەی وەرگرتووە، بەڵام لەو کاتەی کە لە بواری سەربازیدا پۆستی باڵای سەربازی وەردەگرێت بە هۆی کارامەیی و ڕاپەراندنی کارەکانی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو دەردەکەوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دژایەتی بکرێت لەلایەن دەوروبەرەکەی وەکو مەهدعولیا و میرزا ئاغا خانی نوری و چەندین کاربەدەستی تر. ڕۆڵی عەزیز خان لە پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و دەولەتی عوسمانی بە هۆی ئەوەی لەسەر مەزهەبی سونە بووە بە تەواوی دەردەکەوێت، کاتێک دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز ویستی بیرۆکەی یەکگرتنی ئیسلام جێبەجێ بکات بۆ راکێشانی کوردەکانی سونە مەزهەبی ئێران بە تایبەتی ناوچەی موکریان هەوڵیداوە، بەڵام هەڵبژاردنی عەزیزخان هەر لەسەرەتای دەسەڵاتداری ناسرەدین

شا و پێدانی چەندین پۆست و پلە بەناوبراو کارەکەی بۆ دەولەتی عوسمانی سەخت کرد.

دوای ڕێکەوتنامەی ئەرزەرۆمی دووەم عوسمانیەکان بەردەوام هەولی فراوانکردنی دەسەلاتیان داوە و هاوکات لەگەڵ سنوربەزاندن لە لایەن دەولەتی عوسمانی و دروستکردنی بنکەی سەربازی لە سنورەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن ناسرەدین شا فەرمان بە عەزیز خان کراوە بۆ ئەوەی ڕێکاری پێویست لەکاتی ڕوودانی هەر هەنگاوێکی مەترسیدار لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی بگرێتەبەر.

دابەشبوونی هۆزە کوردییەکان بۆ لایەنگیری هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بووە هۆی دروستبوونی کێشە لە نێوانیان هۆزەکانی لایەنگیری دەولەتی عوسمانی وەکو دوژمن سەیری عەزیزخانی موکرییان کردووە بۆ نموونە حەمزە ئاغای مەنگوڕ پەنا دەباتە بەر دەوڵەتی عوسمانی و لەگەڵ ژمارەیەک لە عەشیرەتەکانی سەر بە دەولەتی عوسمانی لە ئەیلولی ١٨٨١ هێرش دەکەنە سەر سەردەشت و مەهاباد و خانووی عەزیزخان دوای مردنی لەگەڵ مزگەوتی سەردەشت دەسووتێنرێ شایانی باسە دوای مردنی عەزیزخان منداڵ و نەوەکانی لەسەر سنورەکانی هەردوو دەوڵەت خزمەتیان بە قاجار کردووە و سنورەکانی ئێرانیان پاراستووە.

ئەمیرکەبیر کاتێک وەکو نوێنەری ئێران لە ئەرزەروم بۆ چارەسەر کردنی کێشە سنوورییەکان کاری کردووە هەستی بەوە کردووە کە بە پاڵپشتی کوردەکان دەتوانێت لە سیاسەتەکەی سەرکەوتوو بێت، واتە هەڵبژاردنی عەزیزخان بۆ چەند پۆستێک لە لایەن ئێران بەمەش بەشێک لە کوردەکانی سونە مەزهەبی سەر سنورەکانی دەولەتی عوسمانی لەدژی دەوڵەتی عوسمانی پاڵپشتی ئێرانیان کردووە.

لە لایەکی تر هەلاتنی شازادەکانی قاجار و پەناهەندە بوونیان لە هەر دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بەهۆکارێکی تری کێشەی نێوان هەردوو دەوڵەت دادەنرێت، بەهۆی بەردەوام بوونی ئەو دیارەدەیە لە بەندی پێنجەمی

ڕێکەوتنامەی ئەرزەرۆمی دووەم تایبەت بە کاروباری پەناهەندەگاندا هاتبوو پێویستە وەکو لە ڕێکەوتنامەی ئەرزەرۆمی یەکەم ئاماژەی پێکراوە هەردوو دەوڵەت پابەند بن بە تەسلیم کردنی هەڵاتووەکان، بەڵام سەبارەت بە دەوڵەتی عوسمانی دەبوایە پەناهەندەکانی ئێرانی لە بورسا نیشتەجێ بکات و ڕێگا بە گەرانەوەیان نەدات و ڕێگری بکات لە هەر پەیوەندییەک لەگەڵ ئێران.

## باروودۆخی ڕۆشنبیری

**خوێندنی نوێ (فەرمی ) لەکوردستان**

أ- خوێندنی نوێ (فەرمی)

ب-خوێندنی کوردی لەکوردستان

د- خوێندن بەزمانی کوردی لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران

خوێندنی نوێ (فەرمی ) : باری خوێندەواری بەشێوەیەکی گشتی تا ناوەڕاستی سەدەی ١٩ لە دەوڵەتی عوسمانی خۆی لەفێرکردنی قوتابخانەی ئایینی دەبینیەوە ، بەڵام ڕیفۆرمخوازەکان زوو درکیان بەوەکرد پێویستە پێکهاتەیەکی پەروەردەیی دیکە جیا لەپەروەردەیی ئایینی بخرێتە کار بۆ پێگەیاندنی کەسانێك بتوانن پرۆسەی نوێگەری دەوڵەت بگرنە ئەستۆ.

مێژووی دەرکەوتن و بایەخدانی عوسمانیەکان بەفێرکردنی فەرمی و قوتابخانەی نوێ دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی (١٧٩٣-١٧٩٥ز) ، کاتێك سوڵتان سەلیمی سێیەم (١٧٨٩-١٨٠٧ز )، بەئامانجی پێکهێنانی سوپپایەکی سەردەمیانە کە شوێنی سوپای ئینکشاری کۆن بگرێتەوە، ژمارەیەك خوێندنگەی سەربازی دامەزراند مامۆستای بیانی کە زۆربەیان فەرەنسی بوون دەرسیان تیا دەوتەوە.

١- سەرەتایی ماوەکە چوار ساڵ بوو

٢- قۆناغی (ناوەندی) روشدیە (سێ ساڵ)بوو

٣- دواناوەندی (ئامادەیی) ماوەکەی چوار ساڵ بوو ، سوڵتانیەش هەبوو ماوەکەی ١٢ ساڵ بوو، پێنچ ساڵی یەکەمی سەرەتایی بوو ، لەگەڵ قوتابخانەی پیشەیی و خانەی مامۆستایان و هەندێ پەیمانگای باڵا .

بەپێی یاسای معاریف قۆناغی سەرەتایی لەهەموو شارو شارۆچکەیەك دەکرایەوە، قوتابخانەی (روشدیە)ش لە هەر شارو شاۆچکەیەك دەکرایەوە لە ٥٠٠ ماڵ زیاتر بوایە، قۆناغی ناوەندی(روشدیە) قوتابی سەرەتایی وەردەگرت، سەرەتایی ئەوانەی وەردەگرت کە خوێندنی ئاینیان تەواوکردبوو.سەبارەت بە ئامادەیی لەهەر

شـارو شارۆچـکەیەك دەکـراوە کـە دەبـوو  لـە ١٠٠٠ مـاڵ زیـاتر بوایـە ،خـەرجی خوێندنەکەش لەلایەن ئەنجومەنی معارف سـەرف دەکرا مـاوەی خوێنـدنی ٣ سـاڵ بوو.

سـەبارەت بـە خوێنـدنی بـاڵا  دابەشـکرابوو بـۆ دوو هۆبـە، هۆبـەی خوێنـدنی بـاڵا ئامادەیی وەردەگرت خوێندن تیایدا ٣ ساڵ بوو، هۆبەی دووەم هۆبـەی گشـتی بـوو خوێندن زیاتر سێ ساڵ بوو لە هۆبەی خوێندنی باڵادا قوتـابی تـەواو ئامـادە دەبـوو بە مامۆستا لەهەر بوارێك بێت.

سەبارەت بەکردنەوەی قوتابخانە هیچ پێوەرێکی ئـاینی نـەبوو، ئەگـەر لەسـەر هـەر ئاینێك بوونایە (ئیسلام، جولەکە، مەسیحی).

دواکەوتنی کردنەوەی قوتابخانە لەکوردستانی باشور

- بەهۆی نەبوونی قەوارەیەکی یـەکگرتوو لـە کوردسـتان ،جگـە لـەوەش کوردسـتان لـەژێر هـەژموونی دەسـەڵاتی داگیرکـاری بـووە بەتایبـەتیش ئـەو کاتـەی دەوڵـەتی عوسمانی دەسەڵاتی بەسەرەوە بووە:

- هەرچی شتێکی نـوێ  دەکرایـەوە لـە پایتـەختی دەوڵـەتی عوسمـانی بـوو، دواتـر دەگوازرایەوە بۆ ناوچەکانی دیکە ئەوەش بەپێی دوور و نزیکی لە پایتەخت.

- زۆرجار خودی کەسایەتیەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی هۆکاری سـەرەکی بـوون لـە دواکـەوتنی کردنـەوەی قوتابخانـە لـە کوردسـتانی باشـوور ، کوردسـتانیش خـۆی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو زیاتر پەیوەندی لەنێوان جوتیار و دەرەبەگ بـوو  بـە پەرۆشەوە بوون پێداویستی سەرەکی ژیانی خۆیان دابین بکەن ، ئەوەنـدە بەتـەنگ خوێندن نەبوون،  باری دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردی  لەرووی ئـابووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتی  هۆکاربوون بۆ دواکەوتنی کردنەوەی قوتابخانە.

ـ کردنەوەی دەزگای معارف (کە تایبەتە بە پەروەردە):ـ

بەگوێرەی سەرچاوەکان هاوکات لەگەڵ پێکهێنانی ئۆفیسی ئەنجومەنەکاندا لە ناوەندی ویلایەتەکان چەندین خوێندنگەی ڕوشدیە لە ناوچە جیاجیاکانی باشوری کوردستاندا کرانەوە ، بۆ وێنە سالی ١٨٨٣ لە کۆی چوار خوێندنگەی روشدیە لەویلایەتی موسڵ تەنها یەکێکیان لە ناوەندی موسڵ بووە، ئەوانی تر لەسلێمانی وکەرکوك و رەواندوزبوون . لە هەمان ساڵدا لە ناوچەکانی هەولێرو ئاکرێ و مەندەلی خوێندنگەی روشدیە کرانەوە. لە ساڵانی دواتریش لە کفری و خانەقین ئەم جۆرە خوێندنگەیە کرایەوە.

ساڵی ١٨٩٣ قوتابخانەی روشدیەی سەربازی مولکی لە سلێمانی کراوەتەوە، قوتابخانە سەربازییەکە بە هەوڵ و کۆششی (سەعید پاشای خەندان) بوو،هەرچی سەرچاوە بەڵگەنامەییەکانە(ساڵنامەی ساڵی ١٨٩٨عوسمانی) باس لەوە دەکەن کە خوێندنگەکە لەلایەن بەتالیۆنی شەشی عوسمانییەوە کراوەتەوە، ژمارەی قوتابیەکانی لەو ساڵەدا ١٤٩ قوتابی بووە،مەرجەکانی وەرگرتن لەم جۆرە خوێندنگەیە ئاسان بووە ،ڕێگە دراوە دەرچووانی خانەکانی فێرکردن یان قوتابخانە ئاینییەکان تیادا بخوێنن. دواتریش وای لێهات هەر کەسێك شارەزایی لە قورئان و خوێندنەوەدا هەبوایە و ئاشنای زمانی تورکی و بیرکاری بووایە وەردەگیرا. هەڵبەت نەبوونی خوێندنگەی سەرەتایی و پێداویستی حکومەت بۆ میلاکاتی سەربازی لە ناوچەکەدا بەتایبەتی کە بەشی هەرە زۆری بەتالیۆنی یەکی سوپای شەشەمی عوسمانی لەناوچەی باشوری کوردستاندا بوو، لە پشت ئاسانکارییەکانی وەرگرتنەوە بوون. لەم جۆرە خوێندنە. بەگوێرەی سەرچاوەکان پاش کردنەوەی ڕوشدیەی سەربازی لە شاری سلێمانی خوێندنگەی ڕوشدیەی مولکی ئەو باوە جارانی نەماوە ، لەبەر ئەوەی دەرچوانی ئەم خوێندنگەیە بۆ تەواو کردنی زانستە سەربازییەکان ڕەوانەی بەغداو ئەستەنبۆل دەکران و دواتر دەبوون بە ئەفسەر، لەو ڕۆژگارەدا لە ناو خەڵکیدا پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیارو بەرچاوی هەبووە. جێی

ئامازەیە ئەمین زەکی و ئیسماعیل حەقی شاوەیس و مەعروف چیاوك و ئەمین ڕواندزی لە دەرچوانی ئەم خوێندنگەیە بوون.خوێندنگەی روشدیەی سەربازی لە سلێمانی تەواوی ناوچەکانی تری عێراق تا بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەم و داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن بەریتانیەکانەوە بەردەوامبوو،ساڵی ١٨٩٨ــ١٩١٢ چەندین قوتابخانەی روشدیە لە (مەندەلی ، خانەقین ، سنجار، شێخان ، ئامەد) کرایەوە.

سوڵتا عبدالحمیدی دووەم مەکتەبێکی کردەوە بەناوی (عەشیرەت مەکتەبی) لە ئەستەمبۆڵ،بۆ ئەوەی لە کەش و هەوای پایتەخت و کولتوری عوسمانی پەروەردەیان بکەن. ئەم قوتابخانەیە تایبەت بوو بە پەروەردەکردنی منالآنی سەرۆك هۆزو بنەماڵە ناودارەکانی ویلایەتە دوور دەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی.قوتابخانەکە لە ١٨٩٠تا ١٨٩٢ بەشێوەیەکی پراکتیکی خوێندنی تیا نەکراوە، مەبەستی سەرەکی سوڵتان لە کردنەوەی ئەو قوتابخانەیە گرێدانی هۆزەکان بوو بە دەوڵەت و خودی سوڵتان ، سەبارەت بە منداڵی کوردی باشوری کوردستان سەرچاوە کەمە، ئەو قوتابخانەیە لە ئەستەمبول و بەغدا هەبوو. سەرەتا سوڵتان تەنها بیری لەمندلآنی سەرۆك هۆزو بنەماڵە ئاینیە عەرەبەکان دەکردەوە، چونکە ترسیان لەپەیوەندی ئەوان و بەریتانیەکان هەبوو بەکارهێنانیشیان لەدژی سوڵتان، بۆیە سەرۆك هۆزە عەرەبەکانی حیجازو یەمەن و لیبیاو عێراق و سوریا بەپێویست زانرا بنێردرێنە ئەو مەکتەبە, لە داهاتوشدا دژی پرۆژەی دەوڵەتە ڕۆژئاوا ییەکان بوەستنەوە.ساڵی ١٩٠٢ (٢٠) منداڵی ئەلبانی وەرگیران ،سەرۆك هۆزە کوردەکانیش بەتایبەت ئەوانەی لەریزەکانی سوپای حەمیدی بوون لەرێگەی کەسە نزیکەکانی سولتانەوە هەوڵیاندا مندالآنی ئەوانیش ببرێن بۆ ئەو مەکتەبە وابیریان دەکردەوە پێگەی خۆیان و هۆزو دەڤەرەکەیان لەرێگەی ئەو بەشداریەوە بەهێزتر دەبێت.داهاتووی منداڵەکانیان مسۆگەر دەکرد لەلایەکی دیکەشەوە دەبوونە بەرپرس و کاربەدەست لەناوچەکانی خۆیان و دەیانتوانی خزمەتی زێدی خۆیان بکەن.سەرەتا خوێندن لەو خوێندنگایە دوو ساڵ

بوو، دواتر بۆیان دەرکەوت دوو ساڵ کە بۆ قوتابیەك نەچوبێتە قوتابخانە تورکی نەزانیٚ، بۆیە کرا پێنچ ساڵ ، دواتر کرا چوار ساڵ ،لەدوای تەواو کردنی خوێندن قوتابیە دەرچووەکان دەنێردرانە قوتابخانە سەربازی و مەدەنیەبالآکان کە دەکاتە هاوتای کۆلێژی ئێستائەوانەی دەیانویست وەکو قایمقام و کاربەدەست لە ناوچەکانی خۆیان کاروبارەکان بەرێوەبەرن. هەندێکیان دەبوونە فەرمانبەر لەتەك موتەسریف یان قایمقام ،هی واشیان هەبوو لە دوای مردنی باوکیان کە سەرۆك عەشیرەت بوو دادەنیشتن .یاخود دەنێردرانە قوتابخانەی سوڵتانیەکان بۆ راهێنانی سەربازی. ئەگەر قوتابیەکیش لەو قوتابخانەیەدەرنەچووبوایە دەردەکرا.

سەبارەت بە بابەتەکانی خوێندن گرینگی بەلایەنی زانیاریە ئاینیەکان و فێرکردنی زمانی تورکی دەدرا.بابەتەکان وەکو (قورئانی پیرۆز ، فیقه،زانستە هونەریەکان،تورکی ،عەرەبی ،فەرەنسی،فارسی،جوگرافیا،حیساب،مێژوو،ئەدەبیات،راهێنانی سەربازی،لەبابەتی مێژوو گرینگی بە مێژووی ئیسلام سوڵتانە ناودارەکان دەدرا) .تەنها ڕۆژانی هەینی پشوبووە

ئەو قوتابخانەیە ١٥ ساڵ بەردەوامبوو، ساڵی ١٩٠٧ داخرا ١-هۆی ڕاستەوخۆی داخستنی بلآوبوونەوەی هزرو بۆچوونی سیاسی و ڕزگاریخوازبوو لە نێو قوتابیەکاندا ،هەندیٚ لە قوتابیان بوون بەڕابەری بزووتنەوەی عەرەب و کورد ،لەلای عەرەبەکان فیسەڵی کوری حوسێن کوری شەریفی مەکە،٢- کێشەی دارایی بوو خەرجیەکانی قوتابخانە ئاسایی نەبوو ،لە قوتابخانە جێگەی حەوانەوەو خواردنی قوتابیان و بنکەی پۆلیس و نەخۆشخانەو شوێنی جل شۆرین و دروستکردنی جل و برگیشیان هەبوو.٣- شەرپێکدادانی چەند قوتابیەکی کوردو عەرەب ، دووری منداڵکان لە کەس و کاریان ئەمەش مایەی دڵخۆشی کەس وکاریان نەبوو

هۆكاری كردنەوەی ئەو قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆكارێك:ـ

١- دەیویست ژیانی نەتەوەی توركی لەنێو دڵی ئەو منداڵانە بچەسپێنێ تاوەكو لە خزمەتی سوڵتان بن.

٢- لەدوای تەواوكردنی ئەو خوێندنە دبوایە منداڵەكان پەیوەندی بە كەتیبەكانی سوارەی حەمیدی بكەن تا زیاتر ئامادەیان هەبێ بەرامبەر سوڵتان.

٣- دەی ویست لە رێگەی ئەو قوتابخانەیەوە زیاتر سەرۆك هۆزەكان بۆلای خۆی رابكێشێن و لایەنگیریان مسۆگەر بكات.

٤- دەی ویست سیاسەتی بە تورك كردن پەیرەو بكات لە رێگەی زمان و ئەدەبی توركی.

٥- سوڵتان ئامانجی ئەوەبوو دڵسۆزی ئەو منداڵانە بۆخۆی رابكێشێ لەكاتی بەرەنگاربوونەوەی سەرۆك هۆزەك یان راپەرینێك، قوتابیەكە ڕووبەڕووی نەتەوەكەی خۆی ببێتەوە.

(بەڵام ئامانجی سوڵتان نەهاتەدی چونكە ئەو منداڵانە توانیان پەیوەندی تۆكمە لەنێوان خۆیان دروست بكەن و هەستی نەتەوەیی لەناو دڵیان چەسپا، ئەوانەی دەردەچوون لەو قوتابخانەیە بەگیانی نەتەوەیی ، باوەڕبوون بەخەباتی نەتەوەیی خۆیان هەبوو.)

- ڕەوشی خوێندن لەکوردستان

- خوێندنی ئاینی لە کوردستان

نوسین بۆ ئەوە پەیدابووە بخوێندرێتەوە ، واتا لە نێوان خوێند ن و نوسیندا کردەی فێر بوون پەیدا بووە، واتا نوسین کلیلی خوێندنەوەیە ،ئەو خوێندن و نوسینەی ئێستا هەیە بەئاسانی پەیدانەبووە بەڵکو چەند قۆناغ تێپەراندووە، تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە کە قوتابخانە کەی دامەزراوە بەڵکو ئەوەندە دەزانرێ کە چەندین شارستانیەتی گەورە هەبوون لە میزۆپۆتامیا،بێگومان شارستانیەتیش بەبێ نوسین و خوێندن گەشەناکات ، وەك شارستانی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و...هتد، ئەو شارستانیەتانە لەپاڵ قوتابخانە گەشەیان کردووە.

لەسەردەمی ساسانیەکان گرینگی زۆر بە نوسین دراوە لەو کاتەشدا ئاینی زەردشتیان کردە بنەمای دەوڵەتەکەیان هەر شوێنێکیان دەکەوتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان (پەرستگا)بۆ خوا پەرستی (ئاهورا مەزدا) یان دروست کردووە، لەپاڵ بڵاوکردنەوەی ئاینەکەیان گرنگیان بە خوێندن و نوسین داوە ،ئەو کەسانەی لە پەرستگادا سەرپەرشتی خوێندنەکەیان دەکرد پێیان ووتراوە (مۆغ) .

- شێوازی خوێندن لەقوتابخانە ئاینیەکان

**سەبارەت بەتەمەنی بۆ دەستپێکی خوێندن بۆ چوونی جیاواز هەیە ، هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەتەمەنی (٨–١٢) ساڵان دەکات. سەرچاوەیەکی تر پێی وایە زیاتر لەتەمەنی (٧–١٠)ساڵان منداڵان دەخرانە بەر خوێندنی ئاینی.**

قۆناغەکانی خوێندنی فەقێ :

**١- کەتاتیب : قۆناغی دەستپێکی خوێندنە، لەم قۆناغەدا قوتابی فێری پیتەکانی عەرەبی و فێرکردنی چەند ئایەتێکی کورت دەکرا.**

٢- سوختە: کە وەك قوتابی سەرەتایی بوون لەلای موستعید دەی خوێند کە پلەی بەرزتربوو لە سوختە، ئەو بابەتانەی کە دەیان خوێند لە نحو ـ صرف ـ بلاغە

لەقۆناغی سوختە قوتابی لەبەردەم موستعید دادەنیشت بەشێوەیەکی تاکە کەسی بوو واتە بەکۆمەڵ دادەنیشتن ئەو بابەتانەی کە سوختە دەی خوێند دەبوایە هەمووی لەبەر بکات گرنگ نەبوو کە دەتوانێ یان ناتوانێن ئەو سوخاتانەی کە لەلایەن موستەعیدەوە دەرسیان پێ دەگوترا لەسەر زیرەکی مستعید دەوەستا کە ئایا تەواوی دەکات یان ناکات. لە هەڵبژاردنی سوختەدا مستعید ئازادبوو کە کێ لەلای خۆی دابنێت بەلام زیرەکی ڕۆڵی دەبینی لە هەڵبژاردنی قوتابی یان ناسیاوی ڕۆڵی دەبینی لەهەڵبژاردنی سوختە.

٣- موستەعید: لەو قۆناغەدا زیاتر دەچوونە ناو زانست و بابەتەکان کە (من ـ بلاغە ـ کلام ـ فەلسەفە ـ وە هەندێ کتێبی تەفسیری و فەقهیان دەخوێند)، دوای تەواوبوونی ئەوانە هەندێ بابەتی بیرکاری دەروونناسی دەخوێند ماوەی خوێندن لەم قۆناغەدا دیاری کراوبوو دەبوایە ٥ ـ ٩ ساڵ بابەتەکانی بخوێندبایە بەڵام لە سوختە دیاری نەکرابو وە گرنگ نەبوو کە بابەتەکە تەواو بکات لێرەدا زیرەکی و لایەنی ئابووری دەوری هەبوو.

ئیش و کاری مستعید هەندێ کاروباری ناو حوجرە بەڕێوەببات وە پاك و خاوێنی و جێگا راخستن وە پەیداکردنی نان.

سەبارەت بە مستعید بەهەمان شێوەبوو مەلای گەورە دەرسی پێ دەگوتن، هەموو ماددەکان شەرح دەکران پێی دەدا و لەبەری دەکرد و مامۆستا کاتی بۆ قوتابی دەهێشتەوە بۆ مناقەشە بەشێوەی گشتی شێوزای خوێندن وشك بوو چونکە زۆرترینی لەبەرکردن بوو پاش ئەوەی قوتابی دوو قۆناغی تێ دەپەڕاند دەگەیشتە ئەورادەیەی قوتابی بابەتەکانی( نحو،صرف،ڕەوانبێژی بەهەر سێ بەشەوە(البیان،البدیع،المعانی)، بنەماکانی فیقە،فیقهی زمان ، لۆژیك، ئاداب ، زانستی کەلام ، فەلسەفە،ئەستێرە ناسی، ماتماتیکو ئەندازە) ئەو دوازدە زانستەی تەواو دەکرد ئیجازەی پێ دەدرا لە ڕێورەسمی تایبەتدا .

## - تايبەتمەندیەكانی خوێندنی ئاینی لە كوردستان

خوێندن لە دەزگایەدا ئازاد بوو وە خوێندن بەخۆراییش بـوو، خـەڵكی گوندەكـە یـان ئـەو گەڕەكـەی قوتابخانـەی تیـا بـووە بـژێوی ڕۆژانـەو گـوزەرانی مامۆسـتا و قوتابییەكانیان دەگرتە ئەستۆ، هەروەها داهاتە وەقفكراوەكان سەرچاوەیەكی دیكـەی بـژێوی و پێداویسـتی قوتابخانـە ئاینیـەكان بـووەو ڕۆڵـی گـەورەیان لـە خزمـەتكردنی زانست و زانستخوازاندا گێراوە. بەڕێوەبردنی لە ژێر هیچ یاساوڕێسایەكدا نـەبوو. مـەلا یـان فـەقیٚ وانـە بێـژ لـە پـەروەردەكردنی منداڵانـدا پەیوەسـت نـەدەبوو بـە سـاڵێكی دیـاریكراو، قوتـابی ئـازادبوو لـە هەڵبـژاردنی بابەتـەكانی و لەدەسـت نیشـانكردنی مامۆسـتا.خەڵكی یارمـەتی دەدان ئـەوەش لـەپێناو خوداپەرستی.قوتابی بـۆ ئـەوەی زیـاتر فێـری زانسـت بـیٚ شـارەو شـارو گونـد بـە گونـدیان دەكرد.هـەر قوتابیـەك تایبەتمەندی خۆی هەبوو ، كە قوتـابی قوتابخانەیـەك هەڵبـژێریت كـە لەگـەڵ ئاقـارو ئاست و قۆناغی چوونە پێشەوەیدا بگونجێت.

قوتابی ئازادبوو لـە هەڵبـژاردنی كتـب واتـە پلـە پلـە نـەبوو واتـە مامۆسـتا تـەداخولی نەدەكرد چونكە خوێندن بۆ شەهادەنەبوو. خوێندنی خوێندنگا ئاینیـەكان بەدرێـژایی ساڵ بوو ڕۆژانی هەینی و سـیٚ شـەمموان پشـوو بـووە. لـە خوێنـدنگای ئـاینی كـەمتر بایەخ بـە دراسـەی تەفسـیر و حـەدیس دەدرا وە زیـاتر گرنگـی بـە زانسـتی عـەقلی و نەقلی درایە.

## - مێژووی خوێندنگا ئاینیەكان

ڕیشەی ئەو قوتابخانە ئاینیانە دەگەڕێتـەوە سـەر ئـەو خانـە فێركارییانـەی ، كەلـە سەردەمی ئەمەویەكاندا هاتنە ئـاراوە، لـە دوایشـدا لـەناو وولاٚتـانی ئیسـلامیدا لەگـەڵ دروستكردنی مزگەوت و قوتابخانەدا نمونەیان پەیدابوو،لەناو شارو شارۆچەكەو زۆرێك لە گوندەكانی كوردستان ،بە تەنیشت حـوجرەی فـەقێیان هـەبووە، شانبەشـانی ئـەو حوجرانەش خانەی فێركردنی تایبەت بە منداڵ هەبووە، زۆرجار ماڵان كراونـە شـوێنی ئەم جۆرە فێر كردنە،خوێندنی ئاینی لە شاری هەولێر مێژوویەكی درێژی هەیە لەسـەر

دەستی ئەمیری ئەتابەگی (ئەبو مەنسور سەرفەتەکین) بەکردنەوەی (مزگەوتی عوقەیلیە) بووە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەو بنەماڵەیە خوێندنی گەیشتۆتە ئاستێکی هەرە پێشکەوتوو وەکو دروستکردنی قوتابخانەی (موجاهیدی)،قوتابخانەی مزگەوتی گەورەی موزەفەریە، قوتابخانەی مزگەوتی ناولەپ(مسجدالكهف) ،مزگەوتی دامێنی قەلاّت ، ئەمە جگەلەوەی لەو سەردەمانەدا (خانەی فەرموودە_ دار الحديپ) لەشاری هەولێر هەبووەکەبەخانەی فەرموودەی موزەفەرییە ناسراوە. لەسەرەتاکانی سەدەی یانزەهەمی زایینی شاری هەولێر مەڵبەندی خوێندنی ئاینی بوو، ژمارەیەکی زۆر لە مزگەوت و تەکیەی هەبووە کە حوجرەیان تێدابووە.

لەقۆناغەکانی دوای سەردەمی ئەتابەگیەکان چەند قوتابخانەیەکی دیکە لەشاری هەولێر دروستکراون وەکو قوتابخانەکانی سەرقەلاّتی هەولێر ، لەوانە قوتابخانەی مزگەوتەکانی (گەورەی قەلاّت، ئەحمەدیە،ئەسعەد ئەفەندی، مەلا ئیبراهیم دۆغرەمەچی ) لە خوارەوەی قەلاّتیش قوتابخانەی دیکە هەبوون لە خزمەت خوێندنی ئاینی دابوونە، **وەکو مزگەوتەکانی ( شێخی چۆلی ، حاجی داود**،بادا وە، **موفتی ،بێرکۆت**، سلێمان مولود، خەلیفە خالید،شێخ عومەری بالیسانی،...) حوجرەی هەبووە، هەروەها تەکیەش هەبووە هەمان دەوری مزگەوتیان بینیوە لەرووی خوێندن و ڕێنمایی کردنی خەڵك لەوانە مزگەوتی(قادری شێخ فوئاد،خەلیفە مەجید، شێخ عارف بەرزنجی کاکی هیرانی،.....) حوجرەیان هەبووە. بەلاّم کۆنترین قوتابخانە (قوتابخانەی قەلاّت)بووە. خزمەتی زۆری بواری زانست و زانیاری کردووە چەندان زاناو مەلای بە توانای لەوێدا پێگەیشتون ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرتووە ،بەبەردەوامی خەڵکی لەناوچەکان هاتوون لەوێ خوێندویانە لەشارەکانی (سنە ،بانە،موکریان وسلێمانی ،...) چەندین کەسایەتی لەو مزگەوتە دەرچوون وەکو (مەلا عومەری مودەریس،مەلا جەمیل ئەفەندی ،مەلا عومەر ئەفەندی،مەلا ئەبوبەکر،رەشاد موفتی،مەلا یاسین مەلا رسول یونس،هتر...

ئەمــە جگــە لــە حــوجرەو قوتابخانــەکانی دەوروبــەری شــاری هــەولێر وەکــو وەك قوتابخانەی ( گوندی دارەبەن ،بەحرکە و کەسنەزان و تەرجان ، دیبەگەو گردەسۆرو دۆڵەزەو یەدی قزلەرو باشتەپەو عەوێنە).

جگــە لەهــەولێر لــە ســلێمانیش حــوجرە هــەبووە لەوانــە (خانەقای،عەبـدولرەحمان کۆل،مەلا واحد مزگەوتی شێخ سەلام لە کانێسکان ، مزگەوتەکانی حاجی شێخ ئەمین خــاڵ، مزگــەوتی مەڵکەنــدی،.....) هــەروەها لەشــاری کــەرکوکیش مزگــەوت هــەبوو حوجرەی لێبووە خەڵکی فێری خوێندن و زانست کردووە، لە قوتابخانــە ئاینییــەکانی کــەرکوك (تەکیــەی تاڵــەبانی، قوتابخانــەی ســەید ئەحمــەدی خانــەقا، قوتابخانــەی محمودی خاڵ،....).لە کۆیە مەلای گەورە دەرچووی حوجرە بــووە ولــە رەوانــدوزیش مەلا مەمدوح مزوری دەرچووی حوجرە بــووە ،لــە زۆربــەی ناوچــەکان حــەجرە بــوونی هەبووە.

میرەکانی کورد لە باشوری کوردستان هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵی گەورەیان لە بونیادنــانی مزگەوت و قوتابخانــە ئاینییەکانــدا بینیــوە، دڵسـۆزی میرەکــانی بادینــان و بایەخــدان ڕێزگرتن لە زانیان و بونیادنانی قوتابخانــەی ئــاینی و وەقفکردنــی داهــاتی تایبــەت بــۆ ماموســـتاو قوتابیـــەکانی ،ئـــەم بایەخپێدانـــەش ســـەرنجی شـــەرەفخانی بەدلیســـی ڕاکێشاوە، کاتێك دەڵێت (فــەرمانڕەواکانی ئامێــدی ، مزگــەوت و مەدرەســەی زۆریــان بونیادنـــاوەو مـــەلای زۆرو زانـــای بـــەناوبانگیان بەســـەرەوە دانـــاون). بونیادنـــانی قوتابخانـــەی عـــەقرە (ئـــاکرێ) و دابینکردنـــی گەنجینـــەی کتێـــب بـــۆی، هـــەروەها نوێکردنەوەی قوتابخانەی قوبان، کە کۆنترین و بەناوبانگترین قوتابخانــە ئاینییــەکانی بادینانە.لەلایەن مـیر سـوڵتان حوسـێن (١٥٣٣-١٥٧٤ز) نوێکردنــەوەی (قوتابخانــەی نویێ) لەلایەن میر سیدی خان ساڵی(١٦١٥ز) بونیادنانی قوتابخانەی مایی لە ناوچــەی بەرواری بالآ، لەلایەن میر قوباد بەگەوە لەساڵی (١٥٩١ز) ، ئەم پاڵپشــتی و بایەخدانــە پیشاندەدات.

میر موحەمەدی مـیری سـۆرانیش ڕۆڵێکـی بەرچـاوی لــە بونیادنـان و پاڵپشـتیکردنی قوتابخانە ئاینییەکاندا هەبووە. قوتاب

## ١- پاشەکشەی خوێندنی ئاینی لەکوردستان

لە دوای هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم بەگشتی ، لەو چوار چێوەیەشدا پەرەپێدانی پرۆسەی فێرکردن لە خوێندنگە ئاینیەکان، ئاوڕیان لێ نەدرایەوە پشتگوێخران تا ساڵی (١٨٧١)ز، ئەوکات لە چوارچێوەی وەزارەتی مەعاریفدا رێکخران و بۆ یەکەمجار دابەش کرایە سەر چوار پۆل وانەکانیش کە تیا دەوترایەوە بریتی بوون لە (ئەلفوبێ و قورئانی پیرۆز و تەجویدو خۆشنووسی و حیساب و مێژووی عوسمانی و جوگرافیاو زانیاری بە سوود) بریاریشدرا دەرچوانی ئەو فێرگانە لە قوتابحانە روشدیەکان وەرگیرێن. زانیارییەکی وا لەبەر دەستدا نیە ریفۆرمی لەم چەشنە ناوچەکانی باشوری کوردستانی گرتبێتەوە.

ڕووداوە سیاسیەکان کایگەریان هەبوو بەسەر هەموو لایەنەکان، بێگومان خوێندنی ئاینیش بەدەر نەبوو لەو کاریگەرییانە ، بەپێی سەرچاوەکان خوێندنی ئاینی تا ساڵانی پەنجاکان باش بوو ، بەڵام دواتر بەرو کزی چوو ، یەکێك لەم هۆکارانە هەڵگیرسانی شۆرشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ بوو ، دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی حکومەتی نوێ دەستی کرد بە کردنەوەی خولێك بۆ مامۆستاو فەقێی حوجرەکان بەمەبەستی تاقی کردنەوە لەنێوان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٠ لەشارەکانی نەجەف و کەربەلا، هەولێر ،مەبەستی حکومەت لەم خولەدا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە قوتابخانە فەرمیەکان هەبوو،لەکۆی ١٢١ بەشدار بوو ٩١ کەسیان لێدەرچوو،ئەو دەرچوانەش دامەزرێنران لە قوتابخانە سەرەتاییەکان جل و بەرگی مامۆستاییان پۆشی بەمەش رۆژ بە ڕۆژ خوێندن لە حوجرەکان بەرەو لاوازی دەچوو ، هەروەها حکومەت پەیمانگای ئیسلامی کردەوە ئەمەش بە کارێکی نەخشە بۆ کێشراو دادەنرێت لەلایەن حکومەتەوە .

لە ساڵانی حەفتاکانیش حکومەت بەبریارێك هەر مامۆستایەکی ئایینی بە مەلای (١٢علمیش)دەبوو بەشداری لە تاقیکردنەوە بکات ، کە سەر بە وەزارەتی ئەو قاف بوو ئەوەی کە دەر دەچوو حکومەت لەوەزارەتی ئەو قاف موچەی پێدەدا، ئەمەش

بەکەم زانین و بێ بایەخ کردنی حوجرە و خوێندنی مەلایەکان بوو، بەمەش پرۆسەی خوێندن لە حوجرەکان زیاتر بەرەو لاوازی و لەناوچون ڕۆیشت.

١- خوێندنی ئاینی ئارەزووی لەسەر کەم بووە ئەویش بەکردنەوەی خوێندنگای رەسمی و فەرمی.ئارەزوو لەسەر خوێندنی زانستی لەپێناو زانستی کەم بووەوە زیاتر ئارەزوو لەسەر خوێندن لەپێناوی مادە وەك ئەوەی لە خوێندنگای ئاینی خوێندن بۆ بەدەست هێنانی مادەو شەهادە نەبوو، بەڵام خوێندنی رەسمی بۆ بەدەست هێنانی شەهادە بووە تا گەیشتە ئەورادەیەی ئەگەر شەهادە نەبوایە دانەدەمەزرا لە پلەی وەزیفی وەك وتار بێژ ئەوانیش پێویستی بەرەسمی بوو.

٢- خوێندنگەی ئاینی نەیانتوانی لە پرۆسەی خوێندن پێش بکەون و چاودێری نەدەکران لەلایەن دەوڵەت بۆ جێبەجێ کردنی پێداویستی قوتابیان ، ئەو قوتابخانە ئاینیانە هەر یەکەیان سەربەخۆیی خۆی هەبوو بەپێچەوانەی خوێندنی رەسمی خەڵکی وەك جاران بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵنەدەستان.

٣- تێروانینی ئیستعمار بەرامبەر بەخوێندنگەی ئاینی، لەبەر ئەوەش بوو کە مامۆستای خوێندنی ئاینی دژایەتی ئیستعماریان دەکرد لەگەڵ هاتنی حکومەتی یەك لەدوای یەك ئەو خوێندنانە پشتگوێ خران وە هیچ رێزێکیان لەو قوتابیانەی ئاینی نەدەگرت.

خوێندنی حوجرە تایبەت نەبوو بەپیاوان بەڵکو چەندین حوجرەی ئافرەتان هەبوو ژنان دایانمەزراندون خۆیانیش ڕۆڵی مامۆستایەتیان تێدا گێراوە، لەوانەش خانەی فێرکردنی (مەلا فاتم ) لەگەڕەکی دەرگەزێن و خانەی (مەلا ئامینە) گەڕەکی سەرشەقام لەسلێمانی.... هیتر .

هـ- خوێندنی نوێ لە باشووری کوردستان ١٩٢١-١٩٥٨

لەسەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩) دامەزراندنی ئەم جۆرە قوتابخانانە بەردەوام بوو ، ساڵی ١٨٤٦ یاسای فێرکردن ڕاگەیاندرا ، بە گوێرەی ئەم یاسایە کاروباری فێرکردن خرایە ئەستۆی دەوڵەت ، بەڵام قوتابخانە زۆر کەمبوو یەکێك لە کێشە گرنگەکانی قوتابخانە نوێیەکان نەبوونی ژمارەی پێویستی

مامۆستا بوو ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخە دەوڵەت لە ساڵی ١٨٤٨ یەکەم خانەی فێرکردنی مامۆتای لە ئەستەمبۆڵ کردەوە.

**مەکتەب عەشیرەتی (١٨٩٠-١٩٠٩)**

لە گەڵ ئەوەشدا ساڵنامەی مەعاریفی عوسمانی ساڵی (١٨٩٣-١٨٩٤)ز لەخشتەیەکدا قوتابخانە سەرەتاییەکانی لە ویلایەتەکانی عوسمانیدا ڕیزبەند کردووە. بە گوێرەی ئەو خشتەیە لەو ساڵەدا لە ویلایەتی موسڵ(٣٩٢) قوتابخانە هەبووە، کەلەسەر شێوازی کۆن بەڕێوەچوون (مەبەست لە شێوازی کۆن لێرەدا ئەو جۆرە خوێندنەیەکە لە خانەکانی فێرکردندا هەبووە). بەو پێیەی زۆرینەی ناچەکانی باشوری کوردستان لەڕووی کارگێریەوە لە چوارچێوەی ویلایەتی موسڵدابووە ، واتا زۆربەی ئەو ژمارەیە لە ناوچەکانی باشوری کوردستان بووە. وێرای ئەو خانە فێکردنانەی لە ناوچە کوردیەکانی سەر بەویلایەتی بەغدا هەبوون ، لەوانە ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی...هتد

لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان لەسەدەی (٣ك) خەڵك زوو پەیامەکەیان وەرگرت ، یەکێك لە هۆیەکانی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام مزگەوت بووە،مزگەوتیان کردوە بەشوێنی ئاینی و سیاسی و کاروباری موسڵمانانی تێدا ڕادەپەرێندرا، لە نێو مزگەوتدا شوێنك تەرخانکرابوو بۆ خوێندن پێی دەگوترا حوجرە ، وەك قوتابخانەیەکی سەرەتایی بوونی هەبوو فێری قورئان و فەرمودەکانی دەرسیان دەخوێند کە پێیان دەگوتن فەقێ. تەمەنی حوجرە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٦ کۆچی.

دەوڵەتی عوسمانی پاش دەرچوونی یاسای معاریفی گشتی ساڵی ١٨٦٩ بەتایبەتیش دوای دەستبەکاربوونی مەدحەت پاشا وەك والی بەغدا هەوڵی جدی داوە بۆ بنیاتنانی قوتابخانە لە ناوچەکان.

سەبارەت بەکردنەوەی دەزگای معارف لە عێراق تا ساڵی ١٨٨٣ هیچ دەزگایەکی معارفی پەروەردەیی نەبوو، لە دوای ئەو بەروارە ئەنجومەنی معارف لە بەغدا ساڵی

١٨٨٤ كرايەوە، دواتر لە موسڵ و سەنجەقی کەرکوك و سلێمانی و قەزاکانی ئامێدی و شارباژێر و ناحیەکان وەکو لیژنـەی معـارف کرایـەوە بـۆ بـەرێوەبردنی کاروبـاری پەروەردە کە سەربەوەزارەتی دیوانی باڵای دەوڵەتی عوسمانی بوون.

ج- خوێندنی کوردی لە ڕۆژگاری کۆماری کوردستان ١٩٤٦

بەرپابوونی شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ کاریگەری لەسەر زانایان و حوجرە هەبوو کاتێك موتەسەریفی هەولێر (بەدرەدین عـەلی)داوا لـەزانایانی دەکـات فـەتوا دژی شۆرشـی ئەیلول بـدەن ، بـەڵام یـەکێك لـەوان نـەك دژایـەتی بـەڵکو لـە ووتـاری ڕۆژی هـەینی پشتگیری خۆی بۆ شۆرش ڕاگەیانـدووە ئـەویش (مـەلا مەعسـوم خـدر )بـووە لەبـەر هەڵوێسـتەکەی نـاوبراو بـۆ مـاوەی سـاڵێك دەستگیرکراوە.لەشـاری کۆیـەش لەبـەر پشتگیریان لەشۆرشی ئەیلول حکومەت دەستگیرکردنی زاناو مەلایانی مزگەوتەکانی کۆیـەی داوە ،(مەسـعود محەمـەد) "لەیاداشـتەکەیدا بـاس لـەوە دەکـات لـە دوای گرتنی مەلایەکان وارێکەوت چوومە سلێمانی برادەران وەزعـی کۆیـەیان لـێ پرسـیم پێم گوتن ئێستا لە کۆیە خەڵك بەبانگی کەڵە شێر نوێژ دەکەن ، چونکە مەلای تێـدا نەماوە بانگ بدات.

## ئابوری:

یەکەم: ئاژەڵداری

لەئەنجامی هەلومەری تۆپۆگرافی و ئاووهەوا، هەروەها زاڵبوونی پەیوەندیە دەرەبەگایەتییەکان و دواکەوتوویی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان ( بەتایبەتی ناوچە شاخاویەکان) ئابووری پشت بەخۆبەست (الاکتفاء الذاتي) باوبوو. هەر ئەمەش وایکردبوو کەڕژێمی ئابووری تێکەڵاو پەیڕەو بکرێ. لەبەر ئەوەی هەریەکە لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەتەنیا نەیاندەتوانی پێداویستیەکان دابین بکەن، بۆیە جووتیاری کورد لەیەک کاتدا هەردوو چالاکی دەکرد. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە هەندێ هۆزی کورد بەتایبەتی ڕەوەند و کۆچەرەکان بەتەنیا شوانکارە بوون، ئەمەش لەو باجە بەدیاردەکەوێ کە لێیان وەردەگیرا. ئەوەتا هۆزی ئالوجی کە هۆزێکی کۆچەر بوو تەنیا باجی مەڕانە (رسم عادات أغنام)ی لەسەربوو لەپاڵ (رسم بادهوا) کە باجێکی سەربار بوو، هەروەکو لەدەفتەری تاپۆی ساڵی ١٥١٨ی لیوای ئامادە تۆمارکراوە.

لەڕاستیشدا خالک و ئاووهەوای کوردستان یارمەتیدەر بوون بۆ بەخێوکردنی مەڕوماڵات، بۆیە زۆری و فراوانی ڕووبەری لەوەگاکان و لە ئەنجامیشدا دەوڵەمەندی کوردستان بەمەڕوماڵات سەرەنجی گەڕیدە بیانیەکانی ڕاکێشاوە. مۆڵتکە کە ئەفسەرێکی ئەڵمانی بوو لەسوپای عوسمانی لە ساڵی ١٨٣٨ دا لەبارەی کوردستانەوە دەڵێت: " خاکەکەی بەپیت و بەخشنە... هەروەها بەئاژالەکانیانەوە وەکو :ئەسپ و گا و بزن و مەڕ و چێڵ، سوودێکی زۆر لەگژوگیاکان دەبینن. لەڕاستیدا دەبینین ئاژەڵەکانیان بەهەوەس و تێرن، ڕەسەنایەتی بەئاژەڵەکانیانەوە دیارە..." . هەروەها جیمس برانت سەبارەت بەناوچەی موش دەڵێ ژمارەیەکی قەبە ئەسپ و مەڕ و مانگا بەرهەم دێنن، بازرگانان ڕوو لێرە دەکەن بۆ هەناردەکردنی مەڕ بۆ سوریا و ئەستانبول. کورد سوودێکی زۆری لەسامانی ئاژەڵی دەبینی و کارامەیی پیشاندەدات لەبەرهەمێنانی چەندین بەرووبوومی وەک ماست و کەرە و پەنیر و ژاژی و کەشک، ئەمە سەرباری گۆشت و ڕۆن و خوری.

هەر لەم بوارەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا پەروەردە کردنی هەنگ باوبوو و بەرێژەیەکی زۆر هەنگوینی نایاب بەرهەم هێنرا. هەروەها لەهەندێ ناوچە کرمی ئاوریشم پەروەردە دەکرا کە خاوی ئاوریشمی لێ دەست دەکەوت، وەک ناوچەی شنگار و ئامێدی و هەولێ و کەرکوک و ناوچەکانی خوارووری کوردستان

**دووەم: بازرگانی**

لەکوردستانی عوسمانیدا وەک تەواوکەری چالاکییە ئابوورییەکانی تر بازرگانیش دەکرا. کە بەهۆیەوە بەرووبووم و کاڵا زیاددەکا ساغ دەکرایەوە و ئەوانەی پێویستیش بوون پەیدا دەکران. بێگومان لەم ڕێگەیەوە کەسانێکیش بژێوی ژیانیان دەست دەکەوت، بۆیە لەزۆربەی شارەکانی کوردستان توێژێکی بازرگان هەبوون. هەر بۆ نموونە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەمدا ئەولیا چەلەبی سەبارەت بەکاروپیشەی خەلکی دیاربەکر دەڵێ:" زۆربەی خەڵکەکە بازگانن و بازرگانی قورسیشیان تێدایە". هەروەها لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەپێی فراوانیان دوکان و بازاڕ هەبوو، کە کاڵا خۆمالییەکان و هەروەها هاوردەکانی تێدا ساغ دەکرایەوە و جموجۆلی بازرگانی تێدا ئەنجام دەدرا. بەڵام هەندێ لەبازرگانانی خۆماڵی بەگوند و ئاوەدانییەکانیش بڵاودەبوونەوە بۆ کڕینی هەندێ کاڵای وەک مازوو، کەتیرە، خوری، بۆ ئەوەی لەشارە گەورەکان کۆی بکەنەوە و ئامادە بێ بۆ هەناردە کردن.

پەیوەندیە بازرگانیەکانی کوردستان زۆر و هەمەلایەنە بوو، بێجگە لەبازرگانی نێ,خۆیی بازرگانانی کوردستان لەگەڵ وڵات و هەرێمەکانی دەووروبەریش ئاڵوگۆڕی بازرگانییان دەکرد. بۆ نموونە بازرگانانی بەدلیس لەگەڵ ئێران و ئەنادۆل و شام و میسر و عیراقدا بازرگانییان هەبوو. بازرگانانی سلێمانیش لەگەڵ تەورێز و ئەرەزڕۆم و هەمەدان و سنە و موسڵ و بەغدا مامەڵەیان دەکرد. لەبەرانبەریشدا بازرگانانی هەرێم و ولاتانی دەورووبەر ڕوویان لەکوردستان دەکرد.

گرنگترین هەناردەکانی کوردستان خۆی لە کەرەستەی خاو، بەتایبەتی بەرهەمی سروشتی و کشتوکاڵی دەبینیەوە. وەک: مازوو، کەتیرە، دار، پەمۆ، هەنگوین، توتن، گەزۆ، شەمێ، بنێشت، بەڕوو، گوێز، باوی، بوندق، لەگەڵ چەندین جۆری دانەوێلە ومیوەجات بەتایبەتی بەشێوەی ووشکراوە. هەروەها بەرووبوومی ئاژەڵیش دەنێردرایە دەرەوە، بەتایبەتی خوری و پەنیر و هیتر. ئەمە جگە لەمەڕومالات بەتایبەتی مەڕ کە ژمارەیەکی زۆری لێ دەنێردرایە سوریا و ئەستانبول. هەندێ کاڵأی دروستکراو و نیمە دروستکراویش لەنێو هەناردەکانی کوردستان هەبوون، وەک: مافوور و ڕیس و چەرم و پێستە یخۆشکراو و ئاوریشم و سابوون.

بەڵام هاوردەکانی کوردستان کەمتر بوون و زیاتر کالا دروستکراوەکانیان دەگرتەوە، کە لەولاتانی دەوروبەر و هەروەها هەندێکیشیان لەئەوروپا هێنرابوون. وەک: کوتاڵ و جلوبەرگ و پێلاو ئاسن و مس و پۆلا و چەک و شمەکی ڕازاندنەوە. هەروەها هەندێ ماددەی خۆراکیشیان تێدابوو کە لەکوردستاندا نەبوون، بەتایبەتی قاوە و شەکر و هەندێ شتی تر.

**سێیەم: باج و پیتاک**

سەبارەت بەو باج و پیتاکەی کە لەو سەردەمەدا لەکوردستان وەردەگیرا، دەتوانین بڵێین لەماوەی حوکمڕانی میرنشینەکان دوو هەلومەرجی جیاواز لەئارادابوو: لەو ناوچانەی کە لەنێو قەڵەمڕەوی میرنشینەکان دابوون میرانی ئەو میرنشینانە بەپێی دابونەریتی پەیڕەوکراوی پێشوویان هەموو جۆرە باجێکیان بۆ خۆیان وەردەگرت. ئەمەش لەسەر بنەمای مافی موڵکداری کە وەک باجی (موڵکانە)ی دەرەبەگایەتی وابوو. زەوی ئەم میرنشینانە بۆ دەفتەری تاپۆ ڕووپێو نەدەکرا و پێی دەگوترا (دەرەوەی دەفتەر/ خارج از دفتر)، بۆیە لەبەڵگەنامە عوسمانییەکان ئاماژە بەداهاتی ئەم ناوژانە ناکرێ، بەڵام ئەو ناوچە کوردیانەی کە سەر بەم قەوارە و میرنشینانە نەبوون، بێگومان ڕاستەوخۆ لەژێر کارگێری عوسمانی دابوون و باسا و ڕێسای ئەم دەولەتیان تێدا پەیڕەو دەکرا لەڕووی باج و ئەرکە داراییەکانی ترەوە، کە بەم شێوەیە حوارەوە بوو:

باجی دەیەک (العشر) لەزەوی و زاری موسڵمانان وەردەگیرا و (خەراج)یش لەزەوی و زاری غەیرە موسڵمانەکان دەسەنرا، کە لەوانەبوو بگاتە نیوەی داهاتی زەوییەکە. ئەمانەی دوای سەرانە (جزیە) شیان لەسەر بوو کە سالانە بەپێی بارودۆخی مادییان بۆیان دیاریکرابوو. بۆ هەر دەولەمەندەکەیان قرش بوو، هەژارترینیشیان قرش بوو، هەروەها باجی (گومرک)یش هەبوو کە بۆ موسڵمانان ٤% ی نرخی کاڵاکە بوو، بۆ غەیرە موسڵمانانیش ٥% و ئەوروپیەکانیش ٣%، چونکە بەپێی هەندێ پاشماوەی پەیماننامە ئەم جیاوکەیان وەرگت بوو، ئەمانە تەنیا باجە شەرعیەکان بوون، کە بەتەواوی خەرجییەکانی دەوڵەتیان دابین دەکرد، بۆیە لەکات و ماوەی جیاجیادا چەنیدن جۆری تری باجیان داسەپاندبوو، تا وای لێهات هەموو جۆرە چالاکیەکانی ئابووری دەگرتەوە. وەک باجی مەڕأنە (رسمی عادت الغنام) کە لەخاوەن مەڕوماڵاتەکان وەردەگیرا و باجی ترانزێت یان پەڕینەوە (باج)کە لەکالا بازرگانییەکان وەردەگیرا لەکاتی گواستنەوەیان لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و باجی لەناکاو (عوارض) کە لەکاتی پێویسیتدا داسەپێنرابوو بەڵام ببووە باجێکی هەمیشەیی، لەگەڵ چەندین باجی تر کە تاکۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانی لەزیاد بوون دابوون، بەتایبەتی کە باری دارایی دەوڵەت رۆژ لەدوای رۆژ ناهەموارتر دەبوو.

سەرەڕای ئەوەی ئەم باجانە هەر بۆ خۆیان زۆر و هەمەجۆر بوون، کە چی زۆرجار دەسەلاتداران یان باجگرەکان یاساو ڕێنماییەکانیان پێشێل دەکرد و زێدەڕۆییان دەکرد لەوەرگرتنی باج و پیتاکدا، ئەمەش بەگشتی کارێکی خراپی دەکردە سەر بژێوی دانیشتوان و ڕۆژ لەدوای رۆژ ڕێژەی هەژاری لەم وڵاتە زیاتر دەبوو. ئەوەتا فەرمانبەرێکی عوسمانی لەساڵی ١٨٣٨ خۆی دان بەوە دادەنێ کە بەهۆی ئەو باجە گرانەی والی دیاربەکر سەپاندوویەتی خەلک توانای دانی باجیان نەماوە و لەلێواری قاتوقڕی نزیک بوونەتەوە. لەهەندێ شوێن ڕێژەی باج بەردەوام لەزیادبوون دابوو، هەندێ جاریش دووبارە و چەندبارە وەردەگیرا. بەتایبەتی کاتێ بۆ لەشکرکێشییە سەربازییەکانیان پێویستیان بەئازووقە دەبوو، بۆنموونە لەسەروبەندی ئامادەکاری سەربازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاپەڕینی شێخ عوبێدوڵڵای نەهری لەساڵی ١٨٨٠ دا بەرپرسانی عوسمانی بەخێرایی

ئازووقەی پێویستیان لەخەڵکانی ناوچەکان وان و بەدلیس کۆکردەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئەم خەڵکانە پێشتر باجیان داوە، بێگومان ئەمەشیان بەجۆرە باجێکی پێویست دادەناو ناوێکیان لێنابوو کە کتومت لەگەڵی دەگونجا، ئەویش (عوارض) بوو واتە کتوپڕ یان لەناکاو، هەروەکو پێشتر باسمانکرد.

دیارە ڕەوشی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی میرنشینەکان لەم بارەیەوە باشتر بوو ، لەبەر ئەوەی گەڕیدەیەکی ئیتالی لەکاتی سەردانی بۆ موسل دەڵێ:" چەندین ڕێگام بینی بێ دانیشتوان و دەزگای دوکانەکانیش داخرابوون، زانیم کە بازرگان و پشەوەران کارەکانیان جێهێشتووە و ڕایان کردووە بەرەو کوردستان بۆ دەرباز بوون لەدانی ئەو باجە قورسانە، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەم ڕەوشە بۆ هەموو میرنشینیەکان و لەهەموو سەردەکان هەروابوو، چونکە لەناو میرنشینەکانیش بێگومان دەسەڵأتدار یان بەلایەنی کەم دەرەبەگی چاوچنۆک هەبوون، بۆ نموونە لەگوندێکی دەوروبەری موش جیمس برانت ئاماژە بەوە دەکا کە پشکی بەگی ئەم ناوچەیە لەبەروبوومی کشتوکاڵی خەڵکی ئەم گوندە لەهەموو باجەکان قورسترە.

کاتێکیش لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم میرنشینە کوردییەکان لەناوبران، هەموو ناوچەکانی کوردستان کەوتنە ژێر باری گرانی ڕژێمی باجی عوسمانیەوە.

## هۆکارەکانی پەیدابوونی تەنگژە ئابووری و تەندروستیەکان

هەرچەندە ئابووری و تەندروستی دوو بواری جیاوازی ژیانی مرۆڤایەتی پێکدەهێنن، بەڵام پەیوەندی ئۆرگانی و بەتین لەنێوانیاندا هەیە. دیارە خۆراک تەندروستی بنیاد دەنێت و تەندروستیش مرۆڤی کارا و بەرهەمهێن دێنێتە مەیدانی چالاکی ئابووری، لەئەنجامی ئەمەدا دەبینین هۆکارەکانی پەیدابوونی تەنگژە ئابووری و تەندروستیەکان هەندێ جار هاوبەش و جارجارەش دەرەنجامی یەکترن. سەرەتا با لە تەنگژە ئابووریەکانەوە دەست پێبکەین و بزانین برسێتی و گرانی و قاتوقڕی و نەهاتی چۆن پەیدا دەبوون، یان بڵاودەبوونەوە:

بێگومان کشتوکاڵ و بەروبوومە کشتوکاڵیەکان سەرچاوەی سەرەکی خۆراک وبژێوی مرۆڤن، ئەگەرچی بازرلاگانی و پیشەگەریش لەم بوارەدا ڕۆلی خۆیان دەبینن، بۆیە هەر نەهاتی و کەموکوریەک لەبەرهەمی کشتوکاڵی هۆکاریکە بۆ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و پەیدابوونی مەترسی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، بەتایبەتی لەکۆمەلگایەکی کشتوکاڵی وەک کۆمەلگەی کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا.

لەو سەردەمەدا چەند هۆکارێک مەترسیان لەسەر کشتوکاڵ و داهاتی کشتوکاڵیدا دروست دەکرد، کە دەتوانین بڵێین هەندێکیان هۆکاری سروشتی بوون و پەیوەندیان بە کەشوهەواوە هەبوو، بەتایبەتی باران، لەبەرئەوەی کشتوکاڵی کوردستان لەوسەردەمەدا، دەتوانین بڵێین ئێستاش- وشکە ساڵی و نەبارینی باران یان کەمی ڕێژەکەی لەناویەک، نەهاتی لێ پەیدا دەبوو، بێگومان ئەمەش گرانی و قاتوقڕی و هەندێ جاریش برسێتی و کارەساتی مرۆڤایەتی ترسناکی لێدەکەوتەوە. بۆنموونە لەساڵی ١٧٥٦دا بەهۆی نەبارینی باران برسێتی و قاتوقڕی گەورە لە موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری، هەروەها دیاربەکریش ڕوویدا، لەساڵی ١٧٨٦ یشدا گرانی و برسێتی بەهەمان هۆکارو شێوەی پێشوو لەناوچەکە بڵاوبۆوە. نەبارینی باران بەدرێژایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمیش ماوە ماوە دووبارە دەبۆوە و گرانی و قاتوقڕی و نەهامەتی

لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە، بۆیە هەواڵی بارین و نەبارینی باران لەرۆژنامە بڵاودەکرایەوە گرنگی پێدەدرا.

هەرچەندە کاریگەری نەرێی ئاووهەوا لەسەر بارودۆخی ئابووری زیاتر خۆی لە وشکەساڵیدا دەبینیەوە، بەڵام هەندێ جار سەختی ئاووهەواو سەرما و سۆل و بارینی تەرزە و بەفریش کاریگەری خراپیان دەبوو، بەو پێیەی بارینی تەرزە و دروستبوونی شەختە و ساردیەکەیان دەغلودان و ڕەز و باخ و تەنانەت سامانی ئاژەڵیشی لەناودەبرد، ئەوەتا لەزستانی سالی ١٧٥٧دا تەوژمێکی ساردی و سەهۆلبەندان لەولاتی شامەوە تا دیاربەکر و ماردین موسلی گرتەوە زۆربەی بەرووبوومە کشتوکاڵی و ئاژەڵییەکانی فەوتاند برسێتی و نەهامەتی گەورەی نایەوە. لەساڵی ١٧٩٧ یشدا تەرزەی دەغلودانی ٧٠ گوندی ڕۆژهەلاتی موسڵی کوتاو برێکی زۆر داهاتی کشتوکاڵی ناوچەکەی لەناوبرد. لەساڵی دواتریش کارەساتێکی هاوشێوەی ناوەچەی (ئاکرێ)ی گرتەوەو نزیکەی ١٠٠ گوند دەغلودان و تەنانەت ئاژەلیان لەناوچوو.

هۆکارێکی تری تەنگژە ئابووریەکان کە ڕاستەوخۆ زیانی بەداهات و بەروبوومی کشتوکاڵی دەگەیاند، زیندەوەرە زیانبەخشەکان بوون بەتایبەتی کوڵلو (کولله). کاتێ هەزارەها کوللو لەشێوەی شەپۆلی دەریا ڕووبان لەهەر ناوچەیەک دەکرد جووتیارانی ئەم ناوچە بێ ئومێد دەبوون لەدروێنەی دەغڵودانەکانیان و کۆکردنەوەی بەری ڕەنج و ماندووبوونیان. بێگومان مەترسی هێرشی کوللۆ کەهەر چەند سالێک دووبارە دەبۆوە، تەنانەت ناوچەیەکی دیاریکراوی نەدەگرتەوە، بەڵکو لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەپەڕیەوە. بۆ نموونە دێهاتەکانی دەوروبەری موسڵ لەساڵی ١٧٩٥ دووچاری هێرشی کوللۆ بوونەوە، هەر لەم ماوەیەدا هێرشەکە دەڤەری (بەغدا) و دواتریش (کەرکوک)ی گرتەوە و هەموو دەغڵودان و ڕووەکێکیان دەخوارد. تەنانەت جورێکی کوللۆ کە گەورەتر بوون گەنمیان لە جۆخینەکانیش دەخوارد بەپێی گوتەی مێژوونووسێکی هاوچەرخ، سێ ساڵ دواتر زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی باکوور و ئەنادۆل بەهۆی کوللۆوە ساڵ ڕووبەڕووی گرانی و برسێتی بوونەوە، زۆری نەبرد ناوچەی موسڵیش بەدەست ئەم کێشەیەوە ناڵاندی. تا کۆتایی سەردەمی

عوسمانی، کوردستان چەندین جار دووچاری شاڵاوی کوللۆ دەبۆوە و زیانێکی زۆری لەبەرووبوومی کشتوکاڵی دەدا.

لێرەدا نابێ هۆکاری مرۆیش لەبیر بکەین بەتایبەتی جەنگ و هەڵمەتە سەربازییەکان، کە زۆر جار سەرباری کارەساتی مرۆیی تەنگژەی ئابووری توند و تیرژیان دەنایەوە. ئەویش بەهۆی ئابلۆقەو کاولکردن و تاڵان و کوشتن وبڕین، هەروەها زیان گەیاندن بەچالاکی ئابووری. دیارترین نموونە کە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین شاڵاوە کاولکەرەکەی (نادرشا) بە بۆ ناوچەکانی کوردستانی عوسمانی و ئابلۆقەدانی موسڵ لەساڵی ١٧٤٣. لەشکری نادرشا کە دەستی لەکوشتن و کاولکردن و برین و تەنانەت دەستدرێژی کردنە سەر ئابڕووی ئافرەتان نەپاراست، لەدوای خۆی برسێتی و نەهامەتی زۆری بەجێهێشت. قەشەیەکی خەلکی قەرەقۆش کە هاوچەرخی ڕووداوەکان بوو لەم بارەیوە دەڵێ: ((هەموو ئەوەی لەگوندەکە دابوو تالانکرا یان سووتێنرا، هەر ئەم کارەش لەهەموو شوێنەکانی ناوچە شاخاوییەکان ڕوویدا. ئەمە بۆ خەڵک زۆر گران بوو، لەئەنجامدا برسێتیەکی گەورە لەم شوێنە بەرکەوتووانە پەیدابوو)). هەروەها یاسین العمری ئاماژە بەوە دەکات کە لە سالی ١٨١٠ دا گرانی و قاتوقڕی لە (ماردین) پەیدابوو، بەهۆیشەڕ و ئاژاوەی هۆزەکان لەلایەک و بەتالان بردنی دەغلۆدانیان لەلایەن سەربازانی بەغداوە لەلایەکی تر.

بێجگە لە تالان و بێبەشکردنی خەلک لە هۆیەکانی ژیان زۆر جار شەڕ و هەڵمەتە سەربازییەکان بەشێوەیەکی تریش دەبوونە هۆی پەیدابوونی تەنگژەی ئابووری، بەتایبەتی کاتێ لەترسی دەستدرێژیەکانی لەشکری هێرشبەر، خەلکی جیاجیای چەند ناوچەیەک لەشارێک یان قەلایەک کۆدەبوونەوە و ئەویش ئابلۆقە دەدرا، بێگومان لەم بارەدا خۆراکی پێویست بۆ ئەو هەموو خەلکە پەیدانەدەبوو، ئەمەش دەبووە هۆی گرانی و برسێتی.

ســــــــەبارەت بە تەنگژە تەندروستیەکانیش  کە خۆیان لە بەلاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی گرانی وەک تاعوون و کولیرا دەبینیەوە، چەند هۆکارێکی تر لە ئارادابوون، لێرەدا دەتوانین پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە زۆربەی ئەم پەتا و

نەخۆشیانە لەم ماوەیەدا لەنێوان کوردان بڵاوبوونەوە، لەبنەڕەتدا ڕادەی ژینگە و بارودۆخی کوردستان نەبوون، بەڵکو لەهەرێم و ولاتانی ترەوەوە بۆی دەهات، ئەگەرچی هەندێ جاریش کوردستان دەبووە پردێک بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشیانە بۆ ناوچەی تر. بۆ نموونە ئەو تاعوونەی کە لەساڵی ١٧٧٢ بەدواوە لەباشووری کوردستان بڵاوبۆوە و دواتریش (بەغدا) و (بەسرا) شی گرتەوە، لە (ئەستانبۆل)ەوە هاتبوو بۆ ئەنادۆل و لەوێشەوە بەرەو باشوور تەنیبۆوە.

بەڵام لەساڵی ١٨٢٠دا نەخۆشی کولێرا ئاراستەیەکی پێچەوانەی وەرگرت، سەرەتا لە هیندستان پەیدابوو ئنجا بڵاوبۆوە تا گەیشتە (بەسرا) دواتریش بەرەو باکوور هەڵکشا تا (بەغدا) و کوردستانیشی گرتەوە. بەڵام لەساڵی ١٨٢٠ دا دەبینین نەخۆشی تاعوون لە ئێرانەوە بەرەو کوردستان دێت و لەوێوە بۆ (بەغدا) بڵاودەبێتەوە.

لێرەدا بۆچوونی کۆمەلناسی عێراقی (عەلی وەردی) جێگەی سەرەنجی کە تێبینی بەرزی ڕێژەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتای لەناوبر دەکات لە عێراق لەسەردەمی عوسمانیدا، کە بەنزیکەی (١٠) ساڵ جارێک دەیخەملێنییێت. هۆکاری ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتنی عێراق لەسەر ڕێی حەج سەبارەت بەهەندێ ولاتی ئیسلامی. هەروەها ئارامگا پیرۆزەکان کە بوونەتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەولاتانی دەوروبەروو لەم ولاتە بکەن. ئەمەش واتای ئەوەی دەگەیاند کە هەر پەتایەک لە دەوروبەری عێراق بڵاوبباوە زوو یان درەنگ ئەم ولاتەی دەگرتەوە.

لە هەندێ سەرچاوەی مێژوویی تایبەت بە موسڵ باس لەبڵاوبوونەوەی پەتای تاعوون لە کوردستانەوە بۆ شاری (موسڵ) دەکرێ وەک تاعوونی ساڵی ١٧٥٨ و ساڵی ١٧٩٩ بەڵام ئەم سەرچاوانە ئاماژە بە سەرچاوەی سەرەکی پەتایەکە ناکەن.

لەپاڵ ئەمانەی باسکران دەبێ ئاماژە بەهۆکاری کەشوهەواش بکەین کە لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا دەبووە هۆی بڵاوبوونەوەی هەندێ نەخۆشی ئەوەتا لەساڵی ١٨٢١ دا لەشکری (بەغدا) کە ماوەیەک لە دۆڵی (تاجەڕۆ) لەدەوروبەری سلێمانی

هەڵیدابوو، پەتایەکی کوشندەی لەنێوان بڵاوبۆوە بەجۆرێک هەر ڕۆژەی نزیکەی (١٥) سەرباز دەمردن و زۆربەی ئەوانەی کە مابوونەوە هێز و توانایان لەدەست دابوو ئەمەش بەهۆی جیاوازی لەڕادە بەدەری پلەی گەرما لەنێوان ڕۆژ و شەو ناسازی و ئاووهەوای شوێنەکە بوو، هەروەها (ریچ)ی جێنشینی بریتانیش هەندێ زانیاریمان لەم بارەیەوە دەداتێ، کاتێ دەڵێ:" ناوچەی شارەزووریش کە مەرزەیەکی زۆری تێدا ئەکرێ، ئێجگار گەرم و ناردروستە، پڕێتی لە مێشوولە و کێچ". ناوبراو لە سلێمانیش ئاماژە بەوە دەکات کە خەڵکی کوردستان تووشی (گرانەتا) بوونە و دەڵێ: (( ئەم (تا) یە زۆرتر لەبەهاراندا دەئەکەوێ و هەرکەسیش بیگرێ بەدەگمەن چارەی ئەکرێ)). کاتێکیش لەگەڵ هاوڵەکانی دەچێتە گوندی (بێستان) خۆی و زۆربەی هاوڵەکاتی تووشی تایێکی گران دەبن کە ئەو ناوی دەنێ (زەردەتا) و دەڵ ئەمە پەتایە بوو هەموو گوندەکەی گرتبۆوە. حێزانی (ریچ) لەم بارەیەوە دەڵێ: (( کۆچمانکرد بۆ جێگایەکی نادروست و نەخشی و ئەو (تا)یەش کە تارٲددەیەک لەم وەرزەدا (هاوین) لە کوردستاندا (مەبەستی ناوچەی بابانە) بلاوئەبێتەوە، ئەم شوێنەی بەخەستی گرتبۆوە)). هەروەها بەرپرسێکی ئینگلیزیش لەباکوری کوردستان ئاماژە بەسەختی ئاووهەوا وبەربلاوی نەخۆشی و کاریگەری بەسەر مردنی ڕێژەیەکی زۆری مندالآن دەکات.

لەسەرەتای ئەم بابەتەدا ئاماژەمان بەوە کرد کە تەنگژەی ئابووری و تەندروستیەکان هەندێ جار دەرئەنجامی یەکترن، بەواتەی یەکێکیان دەبێتە هۆکاری پەیدابوونی ئەویتر، بۆیە زۆر جار هەردوو تەنگژەکە بەدوای یەکتردا دێن و کارەساتێکی گەورە دەنێنەوە. ئەوەتا لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەمدا کاتێ برسێتی و قاتوقڕی کوردستان، هەروەها (بەغدا)شی رتەوە، زۆری نەبرد پەتای (تاعون) لەم شارەدا بڵاوبۆوە، لەبەر ئەوەی خەلکێکی زۆر لە کوردستان و شوێنەکانی ترەوە ڕووبان لەوێ کرد و شەقامەکانی پڕبوون لە تەرمی مردوو. هەروەها گرانییە گەورەکەی سالی (١٧٥٧) یش بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتای لەناوبەری بەدوای داهات، بێگومان ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دانیشتووانی ئەم ناوچانە برسێتی زۆریان بۆ دەهێنێ و ناچار بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە خۆراکییەکانیان پەنا دەبنە بەر خواردنی ماددەی گەندە و نادروست و

حەرامکرداو هەروەکو مێشوونووسێکی هاوچەرخی ڕووداوەکان بەئاشکرا ئەمە دەردەخات کاتێ باسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا دەکات بەهۆی گرانی و برسێتییەکەی ساڵی ١٧٨٦. بێگومان بڵاوبوونەوەی بۆنی گەنیوی لاشەی مردووەکانیش کاریگەری هەبوو لەسەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتا بەتایبەتی تاعوون.

کەواتە دەتوانین گرانی و برسێتی و گەندەخوری بەهۆکارێکی تری پەیدابوونی تەنگژەی تەندروستیەکان دابنێین، بەلام لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەوە بزانین کە هەندێ جار نەخۆشی و پەتا دەبوونە هۆی گرانی قاتوقڕی و بڵاوبوونەوەی برسێتی، بەتایبەتی کاتێک هاموشۆی کاروانە بازرگانیەکان و گواستنەوەی کەلوپەلی خۆرامی بۆ ناوچە تووشبووەکان کەم دەبێتیان دەوەستێت. بێگومان نەخۆشبوونی خەلکی ناوچەکەش کاردەکاتە سەر چالاکی کارکردن و بەرهەمهێنان و لەئەنجامدا خۆرام کەم دەبێت، وەک ئەو تاعوونەی ساڵی (١٨٠٠)ی شاری موسڵ کە گرانی و برسێتی لەدوای خۆیدا هێنا.

ئەمانەی باسکران ئەو هۆکارنە بوون کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبوونە هۆی بڵاوبوونەوەی گرانی و قاتوقڕی و نەخۆشی و پەتا، لەکاتێکدا هەندێ هۆکاری تری ناڕاستەوخۆش هەبوون کە ڕێگا خۆشکەربوون بۆ کەوتنەوەی ئەم تەنگژە و کارەساتانە. یان یارمەتی تەشەنەکردنی قەران و تەنگژەکانیان دەدات، بەتایبەتی تەنگژە تەندروستییەکان، یەکێ لە هۆکارانە پەیوەندی بەشێوازی ژیان و هەڵومەرجی گوزەرانی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمەوە هەبوو، بەڵام دەتوانین ناوی بنێین نزمی هۆشیاری تەندروستی. ئەم لایەنە سەرەنجی زۆر لەگەڕیدە بیانیەکانی ڕاکێشاوە و تێبینییان لەبارەیەوە تۆمار کردووە. ئەوەتا گەڕدەیەکی فەرەنسی لە کۆتاییەکانی سەردەی نۆزدەهەمدا لە گوندێکی باکووری ئامێدی بەسەرسوڕمانەوە دەنووسێ: ((جووتیارەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەترسی ئەم شەوە ساردانە و بەبێ گچکەترین خۆپارێزی لەنەتیشت ئاگر دەخەون، منداڵەکانیان کە سەروستگی هەندێکیان ڕووتە، لەسەر زەوییەکە کەوتوونەتە خەوێکی قووڵەوە. نابێ سەرت سوڕ بمێنێ کە بۆچی زۆر لەو مندالانە دەمرن و تەنیا ئەوانەی دەمێننەوە، ئەوانەن لە خۆزە تەندروست

وساغن)). گەڕیدەیەکی تری ئینگلیزیش لە گوندێکی نزیک شاری (موش) لەساڵی ١٨٣٨ تێبینی زۆری ژمارەی منداڵان دەکات کە (زۆربەیان ڕووتن یان نیوە ڕووتن و جلی بەپینە و نالەباریان لەبەرە)) و هەست بەوە دەکات کە بەدخۆرامی وجلی ناپاک و ئاووهەوای دژوارو نەخۆشی بەربڵاو سەرباری بێبەشی لەفریاگوزاری سەرەتای، مردنی سورشتی لەنێ,ان منداڵاندا زۆر دەکەن. بەرزی ڕێژەی مردنی منداڵانی کورد بەهۆی کەمی هۆشیاری تەندروستی وەکو دیاردەیەک لەگەشتنامەی گەڕیدە بیانییەکان باسی لێوە دەکرێ.

هەروەها شێوازەکانی گەرمکردنەوەو ڕووناککردنەوە و هەواگۆڕکێی ژوورەکان بەتایبەتی لەشەوەاندا ناردسوت بوون و ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی. (هێنری بێندەر) ی گەڕیدەی فەرەنسی لە گوندێکی ناوچەی هەکاری دەڵێ لەبەر ئەوەی (( لەژووری ئاگر دەگەنەوە. بۆنی خواردن لەگەڵ بۆگەنیوی خەڵکەکە تێ:ەڵ بەیەکتر دەبن، هەرچەندە ژوورەکە دەرگا و پەنەنجەرەشی نییە [دەبێ لەجیاتی (نییە) وشەی (هەبێ) بێ چونکە ئەگەر دەرگای نەبێ چۆن چوونەتە ژوورێش] بۆنی گەنیووپیش بڵأوبۆتەوە)). دیارە لەهەندێ ناوچە بەتایبەتی لەناوچەکانی خوارووی کوردستان نەوتی خاو (بان نەوتی ڕەش) بەکارهاتووە بۆ ڕووناککردنەوە. لەهەندێ باردا بەتایبەتی هەژارەکان سەرگینی وشکیان لەنەوتەکە هەڵدەکێشا و دایاندەگیرساند، بەڵام دەوڵەمەندەکان بۆ چرا بەکاریان دەهێنا کە فتیلێکی لۆکەی هەبوو. لە هەردوو باردا بۆن و دووکەڵی زۆرناخۆشی پەیدا دەکرد و هەوای ژوورەکەی پیس و نادروست دەکرد، بەتایبەتی کە دووکەڵکێشیان نەبوو. کۆمەڵناسی عیراقی (عەلی وەردی) ئاماژە بەدیاردەیەکی تر دەکات کە دەچێتە چوارچێوەی نەبوونی هۆشیاری تەندروستی، ئەویش بریتیە لەپابەندبوونی خەڵک بە شووشتن و کفنکردنی مردوو تەنانەت لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتای وەک تاعوونیشیدا.

یەکێکی تر لە هۆکارە ناڕاستەوخۆیەکان دواکەوتوویی دەوڵەتی عوسمانی و کەمتەرخەمی دەسەڵأتدراانی ئەم دەوڵەتە بوو لەدابینکردنی خزمەتگوزارییەکان. بەتایبەتی خزمەتگوزاری تەندروستی کە دەتوانین بڵێین لەسەردەکانی بەرایی حکومەتی عوسمانیدا لەزۆربەی هەرێم و ناوچەکان لە حوکمی نەبووندابوو،

لەسەدەی نۆزدەمیش لەئاستێکی زۆر نزمدابوو. لەبەر ئەوەی دەستپێکی لەم سەدەیە دابوو. ئەوەتا یەکەم قوتابخانەی پزیشکی فەرمی لەسالی ١٨٢٧ دا کرایەوە، ئەویش لە ئەستەمبۆل)ی پایتەخت و بۆ مەبەستی سەربازی بوو. دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ ئینجا لە مەڵبەندی ویلایەتەکانی وەک (بەغدا) و (موسڵ) قوتابانەی هاوشێوە کرایوە. ئەمەش واتا ئەوە دەگەیەنێ کەپێشکێشکردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان دوای بەرواری ناوبراوەوە دەستی پێکردووە، لەڕاسیتدا سەرەتای بایەخدانی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٣٨ بەدواوە. بەڵام دیارە ئەم بایەخدانە لەئاستێکی ئەوتۆ دانەبووە، بۆیە کونسولی فەرەنسی لەبەغدا لەنامەیەکیدا بۆ حکومەتەکەی سەبارەت بە پەتای (کولێرا)ی سالی ١٨٤٦ دەنووسێ: (( کۆلیرا دەستی کردووە بەبڵاوبوونەوەو تەنینەوە لەنێو خەڵکە نەزانەکان بەشێوەیەکی ترسناک... بۆیە ترسێکی زۆریان لێنیشت چونکە بێبەشن لەکەسانێک کەڕێنماییان بکات لەڕووی تەندروستیەوە...)).

جێگەی سەرنجە تا دوا دواییەکانی سەدەی نۆزدەی لەنیو هەرسێ ویلایەتی بەغدا و بەسرا و موسڵ- کە کوردستانی باشووری بەشی هەرە زۆری ئەمەی دوایی پێکدەهێنا- تەنیا نەخۆشخانەیەکی گشتی هەبوو ئەویش لەبەغدا بوو. لەگرێی کۆتایی سەدەی ناوبراودا ئینجا لەهەندێ شاری تری ناوچکە نەخۆشخانە دادەمەزرێ، وەک دواتر دەبینین. شایانی باسە ئەم نەخۆشخانەیەی (بەغدا)ش بەهۆی بەحشین و پارەی خەلکی خێرخوازەوە دامەزرابوو. لەبەر ئەوەی حکومەت پارەیەکی ئەوتۆی بۆ لایەنی تەندروستی تەرخان نەدەکرد، ئەوەتا لەسالی ١٣٠٦ک (١٨٨٧-١٨٨٨ز) لە هەموو ویلایەتەکانی موسل تەنیا (٦٠٠) قرش بۆ لایەنی تەندروستی تەرخانکراوە، ئەویش تەنیا لە سنجەق (لیوا)ی سلێمانی بوو، لەکاتێکدا لەنێو خەرجییەکانی ئەم لایەنە. لەلیستی خەرجییەکانی سالی ١٣١٠ک (١٨٩٢- ١٨٩٣ز) ی ئەم ویلایەتە هەمان ڕێژە تێبینی دەکەین.

لەئەنجامی ئەم فەرامۆشکردنی خەڵکی کوردستان هیچ هیوایەکیان بە نوژدار و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی دەوڵەت نەبوو، بەڵکو دەیانگوت نوژدار تەنیا خودایە و دەرد و دەرمان هەر لای ئەوە. بۆیە لەکاتی نەخشۆشبوون دوچوونە لای شێخ و مەلا و سەردانی گۆڕی پیاوچاکانیان دەکرد، هەندێ جاریش پەنایان

دەبردەبەر دەرمانی سروشتی و نوژدارە میلییەکان. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە متمانەیەکی تەواویان بەنوژدارە ئەوروپییەکان هەبوو، ئەوەتا لە ساڵی ١٧٦٧دا میری بابان قەشەیەکی ئیتاڵی لەموسڵەوە بانگ دەکات قەڵاوچولان بۆ چارەسەرکردنی براکەی. هەروەها خەلکی ئاسایی هەر گەڕیدەیەکی ئەوروپاییان بینیبایە ئەگەر نوژداریش نەبواییە لێی کۆدەبوونەوە و داوای چارەسەری و دەرمانیان لێدەکرد. تەنانەت هەندێ جار متمانەیان تائەو ڕادەیە بوو کەوایان دەزانی ئەگەر شوێنە نەساغەکەش بەو ئەوروپاییە نەڵێن ئەو دەزانێ نەخۆشیەکە چییە و لەکوێیە. بەڵکو هەندێ کەس وایان دەزانی ئەوروپاییەکان دەتوانن نەخۆشەکە لەمردن ڕزگار بکەن، وەک ئەو دایکەی کە هانای بۆ کاروانێکی بیانی بردبوو بۆ ئەوەی رۆلەکەی چابکەنەوە کە لەسەریان بەربۆوە و لەباری بێ هۆشبوون دابوو. بێگومان ئەمانە بەڵگەن لەسەر ناچاری و بێ هیوایی کورد لەهەلومەرجێکی تەندروستی نالەبار و دواکەوتوودا.

هەر سەبارەت بەکەمتەرخەمی دەسەلاتداران و دواکەوتوویی دەوڵەتی عوسمانی لەدابینکردنی خزمەتگوزتاریە گشتیەکان، دەبێ ئاماژە بەگوتەی کونسولی گتشی فەرەنسا بکەین لەبەغدا، کاتێ لەنووسراوێکیدا بلاوبوونەوەی نەخۆشی مەلاریای سالی ١٨٥٤ دەگێڕیتەوە بۆ گەندەڵی دەسەڵاتداران و خەمساردییان لەچارەسەرکردنی ئەو گۆم و زەلکاوانەی کە لە ئەنجامی لافاو پەیدابابوون. ئاشکرایە کە گۆم و زەلکاویش ژینگەیەکی لەبارن بۆ ئەو مێش و پشوولانەی کە دەبنە هۆی نەخۆشی مەلاریا. هەروەها دواکەوتوویی هۆیەکانی گواستنەوەی و خراپی ڕێگاوبانەکانیش هۆکارێک بوون بۆ زیاتر کاریگەربوونی تەنگژەکان، بەتایبەتی تەنگژە ئابووریەکان. چونکە ئەم هۆکارە دەبووە ڕێگر لەبەردەم هێنانی کەلەپەلی خۆراکی لەشوێنە دوورەکان و چارەسەرکردنی برسێتی و قاتوقڕی، یان کۆچکردنی خەلکی برسی بۆ شوێنەکاتی تر و ڕزگاربوون لەتەنگژەکە. ئەوەتا لەگرانی و برسێتییەکەی ساڵانی ١٧٥٦ و ١٧٥٧ دا خەڵکێکی زۆر لەڕێگاوبانەکانی نێوان شارەکاندا مردن و نەگەیشتنە شوێنێک کە سکی خۆیان تێربکەن.

لەکتۆایی ئەم هۆکارانە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەتەنگژە ئابووریەکانەوە هەیە دەبێ باسی ئەو لەبەر ڕۆیشتنە ئابووری (النزیف الاقیصادی) یە بکەین کە

بەدرێژایی سەردەمی عوسمانی، کوردستان بەچەند شێوە و ڕێگە دووچاری دەبوو. لەپێش هەموو ئەمانە ئەوو بڕە زۆرە باج و پیتاکە کە دەولەت وەریدەگرت و دەبووە بارێکی گران بەسەر خەڵکی ناوچە جیاجیاکامی ئیمپراتۆریای عوسمانیەوە، بێ ئەوەی لەبەرامبەردا خزمەتگوزاریەکی ئەوتۆ پێشکێش بەو ناوچانە بکەن. سەرباری ئەوەش کورد ڕووبەڕووی ستەم و زۆرداری باجگرەکان و دەسەڵاتدارانی عوسمانی دەبۆوە، کە زۆرجار زێدەوڕۆییان دەکرد و بڕێکی زۆرتریان دەسەند لەوەی کە بەپێی یاسا و ڕێسا داندرابوو. هەروەها زۆرجار بڕی باجەکە بەپێی ڕووبەری زەوییەکە دەخەمڵێنرا بێ ئەوەی بڕی داهاتەکە و هانی و نەهاتی بەهەند هەڵبگیرێ، بۆیە هەمیشە گەڕیدە بیانیەکان لێرە و لەوێ گوێبیستی سکاڵای خەڵک دەبوون بەهۆی زۆری و هەمەجۆری باجەکان.

لەپاڵ ئەمە زۆرجار بەناوی یارمەتی سەربازی و بەشاری لەدابینکردنی پێداویستیەکانی هەڵمەتە سەربازییەکان پارەو داهاتیان لە کوردان وەردەگرت. لەبەڵگەنامەیەکی عوسمانی لەساڵی ١٥٦٧ دا دەردەکەوێ کە هۆزێکی کورد سکاڵای بردۆتە بەر سوڵتان لەبەر ئەوەی دەسەڵأتداران بڕەپارەیەکی زۆریان لێ وەرگرتووە بۆ تێچووی هەڵمەتێکی سەربازی بۆ باشووری عێراق، لەکاتێکدا ئەم هۆزە بەجەنگاوەریش بەشداری لەهەڵمەتەکەدا کردووە، هەر ئەمە بەڵگەنامانە گەواهی لەسەر حالەتی تری لەم جۆرە دەدەن.

شێوازێکی تری لەبر ڕۆیشتنی ئابووری کوردستان خۆی لەو بەبیانوو و هۆکاری جۆربەجۆر بۆ سەر ناوچە کوردییەکان ئەنجامیان دەدا. لەچوارچێوەی ئەم کردە سەربازیانە بەتایبەتی ئەوانەی هۆکاری ماددیان لەدواوەبوو، تالان و بڕۆیی و زۆردجاریش بەمەبەست کاولکاری وتێکدانی فراوان پیادە دەکرا، بۆ نموونە لەهەڵمەتێکی ویلایەتی بەغدا بۆ سەر کوردە ئیزیدیەکانی (شنگال) لەسالی ١٧١٥ دا، چەند گوندێک تالانکرا و مەڕو ماڵات و سامانێکی یەکجار زۆر بردرا، هێزەکانی (موسڵ) یش هەر لەم ناوچەیەدا لەساڵی ١٨٩٣ دا (٨) گەوندیان تاڵانکرد و سووتاند. لەشالاوێکی تری هێ.ەکانی بەغدا لەساڵی ١٨٠٢ دا هەموو مەڕوماڵاتەکانی هۆزی (بلباس) بەتالان بردرا کە ئەوکاتە لەناوچەی نێوان (هەولێر) و (کۆیە) بوون. هەر لەم هێرشەدا ئەو هێزانە دەستیان بەسەر چەند

گوندێکی ناوچەی (شنگار) دا گرت و هەموو پارە و ئازووقەکانیان بەتالان برد و بێستان و کێلگەکانیان خاپور کرد. هەندێ جار ئەم شالاوە سەربازیانە لە ڕووی کارەسات و دەرئەنجامەوە لەهێرشی کوللۆ کەمتر نەبوون، بەو پێیەی لەهەردوو باردا خەلکی ناوچە تووشبووەکە لەداهاتی زەوییەکانیان بێبەش دەبوون. (یاسین العمری) کاتێ باسی هێرشەکانی والیەکانی موسڵ دەکات بۆ سەر کوردە ئێزیدیەکان زۆرجار دەڵێ ((أکل  زروعهم- واتە: دەغڵودانەکانی خواردن)). بۆ نموونە لەساڵی ١٧٩٣ دا دەغڵودانی (٨) گوندیان درویێنە کرد و بردیان کە (٢٠) هەزار تەغار زیاتر دەبوو.

ئەم تاڵان و کاولکارییە لەماوەی جیاجیادا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەگرتەوە، ئەوەتا (مولتکە) کە ئەفسەرێکی ئەڵمانی بوو لەسوپای عوسمانیدا کاری دەکرد، لەسالی ١٨٣٨ لەوپەڕی باکووری کوردستاندا باسی وێرانکردنی بێستان و کێلگە و سوتاندن و کاولکردنی گوندەکان و دەکات و دەڵێ کوردان لەترسی تاڵانی، پارە و کەلوپەلە گرانبەهاکانیان لەژێر زەویدا دەشارنەوە. بێگومان هەر ئەو نائارامی و نەبوونی دڵنابیە ڕێگر بوون لەبەردەم بەگەڕخستنی هەموو تواناکانی بەرهەمهێنان و سوودبینین لە تەواوی زەویە کشتوکاڵیەکان.

بەشێکی تری داهاتی کوردستان لەڕێگەی وەقف (وقف) ەوە دەچووە دەرەوەو خەڵکی کوردستان لێی بێبەش دەبوون، بۆ نموونە دەفتەری تاپۆی ساڵأنی ١٥٣٩- ١٥٤٠ باس لەوە دەکات کە بایینزیکەی (٢)  هەزار ئاقچە لەناوچەی ئامێدی و (١٢) هەزاریش لە ناوچەی ئاکرێ داهاتی وەقف بۆ هەردوو حەرەمی پیرۆز (کەعبە و مزگەوتی پێغەمبەر) هەیە. هەروەها لەناوچەی کەرکوکیش وەقفی لەم جۆرە هەبوو. بێگومان داهاتی ئەم وەقفانە دەنێردرا بۆ حیجاز.

مەسەلەیەکی بەڵگەنەویستە کە هەموو ئەمانە لەتوانای ئابووری کوردستانیان کەم دەکردەوە و دەبوونەهۆی هەژارکردنی کورد و بێبەشکردنی لەپێداویستیەکانی ژیان، یەکێ لە مێژوونووسان کاتێ باسی دەرئەنجامی هێرشێکی عوسمانی دەکا بۆ ناوچەیەکی کوردستان ڕاشکاوانە دەڵێ: ( کاولکاری بۆ خەڵکەکە هێناو تاڵان و بڕژیی کر و کوشتی و بڕی هەتا داماوی کردن و دەوڵەنەمدەکانی هەژارکرد)).

بەڵکو هەر ئەو مێژوونووسە باس لەچەند ڕووداوێکی گرانی و قاتوقڕی دەکات کە لەسالی ١٨٠٥دا بەهۆی ستەمکاریی دەسەلاتداران و تالانکاری و ئاژاوەی ناوەخۆیی لەچەند ناوچەیەک بڵأوبۆتەوە، بەتایبەتی (دیاربەکر) و (ئاکرێ) و (ئامێدی) و (ماردین). هەر لەئەنجامی هەندێ هۆکاری هاوشێوە، شاری موسڵیش لەکۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا تووشی گرانییەکی ئەوتۆ بۆوە کە بەپێی گوتەی بەرپرسێکی عوسمانی، هەزاران کەسی لەناوبرد.

هەژاریی کوردان لەژێر حکومی عوسمانیدا کە بۆ گەڕیدە و گەشتیارە بیانیەکانیش شاراوە نەبوو لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لەدەڤەری بادینان منداڵە کچەکانیان لەجیاتی باج بدەنە دەسەڵاتدارانی حکومەت، یەکێ لەوانەی بەچاوی خۆی ئەم ڕووداوەی بینیوە ئەمەمان بۆ دەگێڕێتەوە و بەشێوەیەکی تراژیدیانە هەژاری و نەخۆشی خەڵکی ئەم دەڤەرەمان بۆ وێنا دەکات.

هەژاری کەخۆی بریتیە لە ژیانێکی پڕ لە نەهامەتی و دەردەسەری، زۆرجار دەبووە ڕێگا خۆشکەر بۆ بڵاوبوونەوەی برسێتی و قاتوقڕی و تەنگژەی ئابووری. هەروەها زەمین سازیشی بۆ پەیدابوونی نەخۆشی دەکرد، بەو پێیەی بەدخۆراکی دەبێتە هۆی کەمی ڤیتامینەکان و توانای بەرگری لەش کەم دەکاتەوە.

جیاوازی بارودۆخی کشتوکاڵ لەناوچەکانی ژێر ئیدارەی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لەگەڵ ناوژەکانی ژێر ئیدارەی ئیمارە کوردیەکان یاخود ئیدارەی میرنشینە کوردییەکان.

دیارە گوزەران و بارودۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی کوردەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی والیەکانی تورک و ئێران زۆر خراپتر بوو لەناوچەی ئەو کوردانەی کەسەر بەناوچە سەرەبخۆیان نیمچە سەربەخۆیەکانی فەرمانڕەوا کوردەکاان بوون.

جووتیارە کوردەکان وێرای ئەوەی لەلایەن پیاوە ئازادەکانی هۆزەکانیان وەچەوییێندرانەوە بەلام لە زولم و زۆرداری فەرمانبەریەکە ئیدارەیەکانی تورک و ئەفسەرەکانیان پارێزراو بوون.

بۆنموونە لەناوچەی (کفری) کە ئەو کاتە لەژێر دەسەلاتی تورک دابوو ژیانی جووتیارانی کورد لەویٚ لەوپەڕی خراپی دابوو، وە نامرۆڤانە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرا ((حکومەتی داود پاشا) کە تورک بوو ستەم کارانە و یاساکەشی (شمشێر) بوو.

ئەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی میرنشینە کوردەکان دانەبوون لەلایەن حاکمەکانی تورک و سەرکردەکانی لەشکری قاجاری ناچار دەکران بەژداری بکەن لەهێرش و پەلامارەکانی سەربازیەکان دابکەن دژی میەرکانی کورد یان لە دژی ولاتان.

بەڵام میرە کوردەکان بەشێوەیەکی گشتی بەرپرس بوون لە دروست کردنی ئەو پرۆژانەی کە قازانجی گشتیان هەبوو لەوانە: جوگەی ئاودێری، پردو خانەقا و بازارو ڕێگاوبان، خویٚ،دنگا و گەرماوی مزگەوت و راکێشانی ئاو و ئاوەڕۆ و چاودێریکردنی بازاڕ.

بەهەمان شێوە لەجیاوازای کردنی هەرێمەکانی ژێر فەرمانڕەوایی راستەوخۆی عوسمانی لەگەڵ ئەو ناوچانەی کەوا لە ژێر فەرمانڕەوایی میری سۆران دابوون:-

گەڕیدە (دکتور روست) لە چارێکی دووەمی سەدەی بستەم لە (بەغدا) هاتۆتە ناوچەکە جیاوازیەک دەکات لە نێوان هەردوو ناوچەکەدا ئەو دەڵێت لەرووی دانیشتوان و کاروباری کشتوکاڵ لەناوچەکانی عوسمانی گوێرەکان چۆل بوون، چونکە خەڵکەکە لەترسی پیاوانی دەوڵەت رایان کردبوو ئەوانەی کە مابوونەوەش دادە دادیان بوو لەدەستی ستەمکاری (عەلی رەزا پاشای) والی بەغدا (١٨٣١-١٨٢٤).

کاتێک پیاوێکی حکومەت لەدوورەوە دەرکەوتبا خەلکەکە رایان دەکرد و خۆیان دەشاردەوە چونکە جووتیاران لەباشووری کوردستان دەبوایە باج بدەن یەک لەو

باجانە باجی ئاو بوو چونکە دەولەتی عوسمانی خۆی بەخاوەنی سەرچاوەی ئاو دەزانی و ئاو پەیوەندی نێوان خاوەن زەوی و زارەکان و جووتیارانی ڕێک دەسخت.